سەرچاوە
Serchawe



# پێڕست


١- ڕێگە لە بەتاڵانبردنی شوێنەوارە کەونارو مێژووییەکان بگرین .............................................. ٤

٢- هەوڵێکی نەزۆک بۆ بەدناو کردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستان ........................................ ٦

٣- تاوان لە بەرامبەر تاوان دا ............................................................................ ٧

٤- نارەزایەتیی خەڵک و ململانێییەکانی نێو دەسەڵات ........................................................ ٩

٥- یەک دەیە دوای ١٨ای پووشپەڕی ١٣٧٨ .................................................................. ١١

٦- کێ ئەم ململانێییە دەباتەوە؟ ........................................................................ ١٤

٧- ئاماژە سیاسییەکانی سەرکەوتنی DTP .................................................................. ١٧

٨- لە بەردەم شەپۆلێکی دیکەی نارەزایەتی دا .......................................................... ١٨

٩- خاتەمی ئەمجارەیان دەڵێ چی؟ ...................................................................... ٢٠

١٠- سی ساڵەی شۆڕشێک کە چەواشە کرا ................................................................. ٢١

١١- کۆماری کوردستان مەشخەڵێکی هەمیشە بەگڕ بۆ شوناسخوازی ............................................ ٢٣

١٢- بەیاننامەی ژمارە ١٧ای مووسەوی و داهاتووی بزووتنەوەی گۆڕانخوازانە ................................ ٢٤

١٣- کۆنگرەی SI دەرفەتێکی دیکە بۆ دیپلۆماسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ............................ ٢٧

١٤- شیکارییەکی ڕێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان .................................... ٢٩

١٥- «کوردستان»، ڕۆژنامەیەکی ٦٧ ساڵە ................................................................. ٣٦

١٦- هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌و دەرفەتەکانی بەردەم .......................................................... ٤٠
١٧- چەند دیمەنێکی درەوشاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ......................................................... ٤٦
١٨- لەبارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی عێراق .......... وتووێژ: ئارەش لورستانی ............................ ٥٠
١٩- ڕۆژهەڵات خۆی لە خۆیدا ببینێتەوە ................................................................... ٥٤
٢٠- کوردو بلۆکبەندییە ناوچەیی‌و نێودەوڵەتییەکانەکان ......................................................... ٥٧
٢١- پشتیوانی لە کۆبانی بەڵگەیەکی دیکەی "یەک نەتەوەیی" کوردان ............................................. ٥٩
٢٢- کێ لە پشت کردەوەی نامرۆڤانەی ئەسید پرژاندنەوەیە؟ ...................................................... ٦١
٢٣- ڕۆژهەڵاتتەوەری، گوتارێک بۆ تیۆریزەکردنەوەی بنەماکانی خەباتێکی بەرفراوان ............................ ٦٤
٢٤- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەم تاقیکارییەکی گرنگ دا .................................................. ٦٦
٢٥- زمان شوناسی نەتەوەییمانە، بیپارێزین ............................................................. ٦٩
٢٦- بەرەو حەماسەی نەورۆز ................................................................................ ٧٢
٢٧- راسانی مەهاباد، وانەیەکی دیکەی خەبات ............................................................. ٧٣
٢٨- وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان .......... دیمانە: ئارەش لۆرستانی ........................................ ٧٦
٢٩- «کوردستان» ئاوا دەبینم ............................................................................. ٨٠
٣٠- دەرهاویشتەکانی سیاسەتێکی چەپەڵ ................................................................... ٨٤
٣١- پێویستیی لەڕۆژەڤدا بوونی پرسی خوێندن بە زمانی کوردی .............................................. ٨٨
٣٢- ستراتژیی نوێی کۆشکی سپی دەتوانێ قەرەبووی ناکامییەکان بکاتەوە؟ .................................... ٩٠
٣٣- بەردەوامیی ڕاپەڕین دوا ڕێگە ....................................................................... ٩٤
٣٤- ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێویستیی خەباتێکی فرەڕەهەند ................................................. ٩٧

## رێگە لە بەتاڵانبردنی شوێنەوارە کەونارو مێژووییەکان بگرین

جارێکی دیکەش سیاسەتی پاکتاو کردنی کولتووریی نەتەوەی کورد لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانەوە لە تاڵان کردنی کەلوپەلە دۆزراوەکانی شوێنەوارێکی مێژووییدا لە سنە بەزەقی و بە روونی خۆی دەرخستەوەو هەموو لایەکمانی لە مەترسییەکانی بۆ سەر کولتوورو مێژووی نەتەوەکەمان وەئاگا هێنانەوە. سیاسەتێک کە جگە لە بەتاڵان بردنی شوێنەوارە مێژوویی و کەونارەکانی کوردستان، ئامانجی دابڕینی نەتەوەی کورد لە فەرهەنگ و ژیارە کەونارەکەی و بە گشتی رەگە قووڵە مێژووییەکەیەتی. شۆڤێنیستی دەسەڵاتدار لەم پێناوەدا و بە مەبەستی بێشوناس کردنی نەتەوەی کورد، هاوکات لەگەڵ تاڵان کردن و شێواندنی روخساری شوێنەوارە مێژووییەکان و تەنانەت ساختە کردنی ناسنامەی کەلوپەلەو شوێنەوارە دۆزراوەکان زۆر هەوڵی چەواشە و ساختە کارانەی دیکەشی داوە. ئەو دەستکارییانەی لە کتێبەکانی مێژوودا کراون یان ئەو کتێبانەی لە سەر داوای دەسەڵاتداران لە سەر مێژووی کوردستان و ئێران نووسراون بەڵگەگەلی دیکەی سەلماندنی لایەنە دوژمنکارانەو مەترسیدارەکانی ئەم سیاسەتە کۆنەن.

هەموو لایەکمان ئاگادارین کە لانیکەم لە ٣٠ ساڵی رابردوودا سەدان شوێنەواری مێژوویی لە رۆژهەڵاتی کوردستان یان بە ئاشکرا لەلایەن دامودەزگاکانی دەوڵەتی ناوەندییەوە دراونەتەوە و کەلوپەلەکانیان بە تاڵان براون یان بۆ ماوەیەک پێگەی نیزامییان لە سەر دروست کراوە و بەم چەشنە بەدوور لە چاوی خەڵک دراونەتەوە و تاڵان کراون. هەروەها بەشێکی گرنگی شوێنەوارە مێژوویی و کەونارەکانیش لەلایەن دەستەو تاقمە تاڵانچییەکانی سەر بە رێژیمی ئیسلامییەوە بە نهێنی و بە هاوکاریی کەسانی قازانجپەرست و هەلپەرستی خۆجێییەوە دراونەتەوە و کەلوپەلەکانیان تاڵان کراوەو بە باندە قاچاخچییە نێونەتەوەییەکان فرۆشراون و ئێستا زۆر لە کەلوپەلە دزراوەکان لە مۆزەخانەکانی وڵاتانی دنیادا بەرچاو دەکەون. لەم بارەیەوە هەروەک نموونە کەس نیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئاگاداری دزی و تاڵانکارییەکانی رەزا رەفسەنجانی و باندە تاڵانچییەکەی نەبێ کە بە پشتیوانیی دامودەزگای سەرکوتی رێژیم بە بەرچاوی خەڵکی کوردستانەوە تەراتێن دەکا.

کەواتە پێویستە هەر تاکێکی کورد کە شانازی بە شوناسی نەتەوەیی خۆیەوە دەکا هەست بە ئاستی مەترسیداری

درێژەکێشانی ئەم سیاسەتە دوژمنانەیە سەبارەت بە نەتەوەی کورد و مێژووەکەی بکاو بەرەنگاری ئەم سیاسەتە بێتەوە. لەم بارەیەوەش سەرەتاییترین و ساناترین کار ئەوەیە لەلایەک هاونیشتمانییان لە ئامانجەکانی بەتاڵان بردنی شوێنەوارە مێژووییەکان و بە گشتی هەموو ئەو هەوڵانەی بە مەبەستی بێ شوناس کردن و شێواندنی مێژووی نەتەوەکەمان کراون و دەکرێن ئاگادار بکەنەوە و لە لایەکی دیکەوە ڤێزەونیی هاودەستی و یارمەتیدانی باندەکانی تاڵان و دزیی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان لە قاو بدەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەهەموو بەرنامەکانیدا بۆ داهاتووی کوردستان، بە بایەخەوە روانیویەتە پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان و پەرەپێدانی کولتووری کوردی، وەک هەمیشە سیاسەتی بەتاڵان بردنی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان لە قاو دەدا و مەحکوومی دەکا. هەر بۆیە داوا لە هەموو هاونیشتمانانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکا لە ئاست ئەم تاڵانکارییە نوێیەی لە شوێنەواری مێژوویی زاگرۆس لە سنە کراوە بێ دەنگ نەبن و نارەزایەتی نیشان بدەن.

خەڵکی ئازادیخواز و چەوساوەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا ئەزموونی چەندین نارەزایەتیی گشتی و نافەرمانیی مەدەنییان هەیە باش لەم راستییە ئاگادارن کە بێ دەنگ مانەوەو دەست لە سەر دەست دانان لە ئاست سیاسەتی دژە کوردانەی رێژیمی ئیسلامی دەبێتە هۆی چیرەگرتووتر بوونی دەسەڵاتدارانی سەرەرۆ لە سەر سیاسەتەکانیان. کەواتە تەنیا رێگەی بەرپەرچدانەوەی سیاسەتە دژە کورد و دژەئازادییەکانی رێژیمی ئیسلامی لە کوردستان راوەستان و خۆڕاگریی جەماوەری خەڵک و حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هەمیشە پێداگریی لە سەر هەموو شێوازەکانی خەبات و بە تایبەتی نافەرمانیی مەدەنی و نارەزایەتیی گشتی کردۆتەوە چاوەڕوان و هیواداره ئەمجارەش تێکۆشەران و چالاکانی رۆژهەڵات و بەگشتی هەموو خەڵکی کوردستان دژی سیاسەتی تاڵانکردنی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان بوەستنەوەء ویست و ئیرادەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی خۆیان بە کاربەدەستانی دژە کوردی رێژیمی ئیسلامی نیشان بدەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٣ی دێسەمبەری ٢٠٠٨

## هەوڵێکی نەزۆک بۆ بەدناو کردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستان

لە زیاتر لە مانگێک لەوەپێشەوە تلویزیۆنەکانی ڕێژیمی ئیسلامی هەوڵێکی نوێیان بە ئامانجی بەدناو کردنی بزوتنەوەیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەست پێ کردوە. دیارە ئەم جۆرە هەولانە تازە نین و ڕاگەیەنەکانی ڕێژیمی ئیسلامی هەر لە سەرەتای بە دەسەلات گەیشتنی کۆنەپەرەستانی دەسەلاتدارەوە بە مۆنوپول کردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی بە دوور لە هەر چەشنە بەهایەکی ئاکاری لە هەولی شێواندنی سیمای فەرهەنگیی خەڵکی کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان دا بوون. ئەم چەشنە هەوڵە چەواشەکارانەیە تەنیا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و کاناڵە تلویزیۆنی و ڕادیۆییەکان دا کورت نەبۆتەوە و بواری سینەماشی گرتۆتەوە و تا ئێستا چەند فیلمی سینەماییش ("کانی مانگا"، "دەرشلێر"، "گلها و گلولەها"، "باغ سید" و...) بۆ ئەم مەبەستە دروست کراون کە لەگەلأ نارەزایەتیی بەرینی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەرەوڕوو بوون. ئەم هەوڵە نوێیانەی ڕاگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامی ئەگەر لە لایەک بە درێژەی هەواڵەکانی پێشوو دەژمێردرێ لە لایەکی دیکەوە وەک پەرچەکردارێک لە بەرانبەر وەشانی کاناڵە کوردییەکان و بە تایبەت تلویزیونەکانی حیزبە کوردستانییەکان و کاریگەریی چالاکیی تێکۆشەرانی دێموکرات لە وەرزی نوێی تێکۆشاندا و بە تایبەتی ترسی ڕێژیم لەو ڕەگە مێژووییەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتی کوردستان دا هەیەتی سەرچاوە دەگرێ.

دەزگای ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێک دا بە کەڵک وەرگرتن لە جاشەکان (کە بەشێکن لە دەزگای سەرکوت) لە هەولی خەوشدار کردنی سیمای بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دایە و بەخەیالی بەڕێوەبەرانی خەریکی جوان کردنی سیمای ڕێژیمەکەیەتی کە: هەر ئێستا دەیان چالاکی سیاسی و مەدەنیی کورد تەنیا بە "تاوان"ی داکۆکی لە مافە سیاسی و مرۆییەکانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بەندیخانەکانیدا لە نالەبارترین دۆخ دا دەژین و حوکمی نادادپەروەرانەیان بە سەردا سەپێنراوە، ڕۆژ نیە چەند کەس لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان نەکەونە بەر دەسرێژی هێزە سەرکوتکەرەکانی و لەوەش زیاتر خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان دوای تێپەرینی سی ساڵ لەتەمەنی حکومەتی ئیسلامی لەگەڵ هەلاواردنی کولتوری، مەزهەبی، ئابووری بەرەورووون.

خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان باش لەم راستییە ئاگادارن کە ئەم هەوڵانەی دەزگای راگەیاندنی رێژیمی ئیسلامی پەلەقاژەیەکی بێسوودن بۆ خەوشدار کردن و زەبرلێدان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە دڵنیاییشەوە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە هەوڵانە وەک رابردوو دەبنە مایەی گاڵتەجاریی ئەوان. بەڵام لەم نێوەدا بەکاربرانی ئامرازیانەی ئەم بەناو کوردانەی لە رووی ساویلکەیی و بەستراوەیی و قازانج پەرستییەوە لە پلەی یەکەم کەوتوونەتە خزمەتی دەزگای سەرکوت و لە پلەی دووەم دا دەزگای راگەیاندنی رێژیمەوە زیاتر لە هەر کاتێک لە بەر چاوی خەڵکی وشیاری کوردستان دا دەبێزرێن و رێگای لێبوردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان لە خۆیان بەربەست دەکەن. چونکە ئەم جۆرە کەسانە (و تەنانەت بنەماڵەی ئەو بەکرێگیراوە کوردانەی بوونەتە ئامرازی دەزگای سەرکوت و چەواشەکاریی رێژیمی ئیسلامی) بۆ خۆشیان باش دەزانن ئەوان بە قازانجی دوژمن و بە پێچەوانەی بەهاو بایەخە فەرهەنگییەکانی خەڵکی کوردستان دەجووڵێنەوە و ئەم جۆرە خۆش خزمەتییانەیان لەگەڵ شەڕی پێشمەرگە و سیخوری و بەشداری لە سەرکوتی خەڵک دا هیچ جیاوازییەکی نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەر ٢٠٠٨

---

## تاوان لە بەرامبەر تاوان دا

رۆژی یەک شەممە ٢٦ی رەزبەر لەئاکامی خۆتەقاندنەوەی کەسێکی خۆکوژ لەنێو کۆبوونەوەی فەرماندەرانی سوپاو سەرۆک عەشیرەکانی ناوچەی "پیشین" هەڵکەوتوو لەنێوان شارەکانی سەرباز و چابەهار دا، دەیان کەس کوژران و دەیان کەسیش بریندار بوون. بە پێی زانیارییە پشتڕاست کراوەکان لەنێو کوژراوەکان نوورعەلی شووشتەری جێگری فەرماندەی هێزی زەمینیی سوپاو چەند کەس لەفەرماندەرانی دیکەی سوپا بەرچاو دەکەون. دیارە ئەوە یەکەم جار نیە ناوچە بەلووچ نشینەکانی ئێران دەبنە مەیدانی کردەوەی لەم چەشنە. ئەم ناوچەیە بەهۆی ئاوێتە بوونی حەشیمەتی شیعەو سوننی، چالاکیی گرووپە چەکدارەکان، سنووری دوورو درێژ لەگەڵ پاکستان، قاچاغی مەوادی موخەدیر و گرنگتر لەوانەش نارەزایەتیی خەلکی خۆجێیی لەو بەرپرسانەی حکوومەتی ناوەندی دایناون و.. ئەمنییەتێکی لاوازی هەیە.ئەم ناوچەیە لانیکەم لەچوار ساڵی رابردوودا گەلێک کردەوەی لەم چەشنەی بەخۆیەوە

دیتوە.هەر لەجۆزەردانی ئەم ساڵ دا لە کردەوەیەکی هاوشێوەدا کە مزگەوتی شیعەکانی زاهیدانی کردبوو ئامانج دەیان کەس کوژران و بریندار بوون.

دوابەدوای هەموو ئەو رووداوانە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، گرووپی جوندوڵڵاو وڵاتانی ئەمریکا و بریتانیایان بە دەست تێدا بوون لەو چەشنە کردەوانەدا تۆمەتبار کردووە. تۆمەتێک کە لەلایەن وڵاتانی ئەمریکاو بریتانیاوە بەتوندی رەت کراونەتەوەو لەلایەن گرووپی جوندوڵڵاوە بەراشکاوی پشتڕاست کراوەتەوە.

هەر چەندە ئەوە بووە بە عادەتێک کە کۆماری ئیسلامی سەرەڕای روون بوونی لایەنێک کە دەستی لەو جۆرە کردەوانەدا بووە وڵاتانی وەک ئەمریکا و بریتانیابە پشتیوانی لە دوژمنەکانی تۆمەتبار بکاو بەم چەشنە زەینەکان لە سەر هۆکاری ئەم چەشنە توندوتیژییانە لاڕێ بکا، بەڵام جۆرو چەشنی ئەو پەرچە کردارانەی لە سیستان و بەلووچستان بزووتنەوەی جوندوڵڵا گرتویەتە بەر جێگای تێرامانە. هەر چەند ناڕازییانی بەلووچ بە جیاوازیی بیروڕایانەوە باس لەستەمی مەزهەبی و نەتەوەیی و سەرکوت و رەفتاری توندوتیژیو نامرۆڤانەی دەزگا ئەمنییەتیەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەلووچستان دەکەن و بەشێکیان ئەو ستەمانەو لەراستی دا قورسایی سەرکوت دەکەنە بیانووی پەرچە کرداری لەم چەشنە و کردەوەی تیرریستی، بەڵام لەراستی دا بزووتنەوەیەکی رەواو مافخوازانە هیچ پێویستییەکی بە پەنا بردن بۆ میتۆدی ڤیزەونی وەک تیرۆر و خۆتەقاندنەوە نیە.

ئەوە راستە کەکۆماری ئیسلامی سی ساڵە لەو ناوچانەی کەلە باری نەتەوەیی و مەزهەبیەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا لەناتەبایی دان سەرکوت و ستەمێکی قورس و سیستماتیک بەڕێوە دەبا.

بۆیە هیچ کەسێکی خاوەن ویژدان ناتوانێ نکۆلی لەو ستەم و سەرکوت و جیاوازیدانانە بکا کە رۆژانە لە سیستان و بەلووچستان بە شێوەیەکی سیستماتیک بەڕێوە دەچن و رەنگە زۆر کەسیش پێی وابێ کە توندوتیژی، توندوتیژی بەرهەم دێنێتەوەو ئەوە رەفتاری توندوتیژو بێبەزەییانەی هێزو دامودەزگا نیزامی و ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییە کە ئەم چەشنە پەرچە کردارانەی لێکەوتۆتەوە.

بەلم سەرەڕای ئەوانەش دەزانین کە گەلێک هۆکاری دیکە هەن کە پەرچەکردار بەرامبەر بەستەم و سەرکوتی مەزهەبی و نەتەوەییان لەو ناوچەیە تێکەڵ بە توندوتیژیی و تەنانەت کردەوەی ڤیزەونی تیرۆریستی و

خۆتەقاندنەوە کردوە. لەوانە: دواکەوتوویی، دەمار گرژیی مەزهەبی، کاریگەریی ڕەوتە بناژۆ خوازەکانی وەک ئەلقاعیدە و تالیبان لەسەر خەڵکی سوننی مەزهەبی ناوچە. لەبەر ئەو هۆکارانەی ناوبران خۆکوژەکان جیاوازییەک لەنێوان هێزە سەرکوتکەرەکانی سوپاو خەلکی ئاساییدا دانانێن و لەراستی دا خەریکی شەرێکی دەمار گرژانەی مەزهەبین و بەم چەشنە ڕەوایی بەرەنگاری و خەباتی ڕەوای خەلکی بەلووچستانیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە. ئەوان بەم جۆرە کردەوانەیان تەنانەت زەمینە بۆ مەزلووم¬نمایی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت کەمرەنگ بوونەوەی ئەو هەموو تاوان و جینایەتەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەلووچستان ئەنجامیان دەدا خۆش دەکەن.

لەکۆتایی دا پیویستە بلێین راستە سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی پەرچە کرداری توندو تیژانەی لێ دەکەوێتەوە و بزووتنەوەیەکی مافخوازانە مافی خۆیەتی لە هەموو شێوازەکانی خەبات و بەرەنگاریی ڕەوا کەڵک وەرگرێ، بەڵام بەزاندنی سنووره ئەخلاقییەکان و جیانەکردنەوەی هێزە سەرکوتکەرەکان لە خەڵکی ئاسایی و بەتایبەتی پەنا بردنە بەر تیرۆرو خۆتەقاندنەوە نەک بە زیانی دوژمن بەڵکو بە زیانی بزووتنەوەی خەڵکی ستەملێکراو تەواو دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨

---

## نارەزایەتیی خەڵک و ململانێیەکانی نێو دەسەڵات

هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری ئەگەر لە لایەک دەرفەتێکی دیکەی لێ کەوتەوە کە خەڵک لە رێگای ئەووەوە ویستەکانیان بەرەوپێش بەرن یان باشتر بلێین دەرفەتێک بوو بۆ دەنگی خەڵک کە بە داخەوە کودیتای لێ کرا، لە لایەکی دیکەوە هەلێکیش بوو بۆ دەرکەوتنی زیاتری ململانێیەکانی نێو قۆڵ و دەستەو تاقمەکانی نێو دەسەڵات. ئەگەر ململانێیەکانی بەر لە هەڵبژاردن دەرفەتێک بوون بۆ هاتنە ئارای داخوازییە پەنگخواردووەکانی خەڵکی ئێران، هەر ئەم ململانێیەش دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی دژبەرانی قۆڵی پاوانخوازو کۆنەپارێز لەودا دەنگی خۆیان هەڵبڕن و لە گۆڕەپانی ململانێیەکەدا دەرکەون. ئامادەیی ئەم دوو فاکتۆرە لە قۆناغی دواتردا، واتە دوای

ئەوەی قۆڵی دەسەڵاتدارو کۆنەپارێز بە دڵنیابوون لەوە کە دۆڕاوی هەڵبژاردنەکەیە کودیتای لە دەنگی خەڵک کرد، بە شێوەیەکی دیکەو ئەمجارەشیان بە پێوەندییەکی دوو لایەنەی زیاترەوە بەدی کرایەوە. ئەگەر فاکتۆری یەکەم لەم قۆناخەیان دا دەنگی نارەزایەتیی خەڵک بێ کە لە خۆپیشاندانە نارەزایەتییانەی سەدان هەزار کەسیدا خۆی دەردەخست، فاکتۆری دووەمیش دژبەرانی نێو سیستم بوون کە ئەوانیش لەم قۆناخەدا وێڕای ئەوەی کە یەکگرتووییەکی زۆرتریان هەبووە، تا دێ راشکاوانەترو پێداگرانەتر روانگەکانیان دەخەنە روو و بە پشت بەستن بەو نارەزایەتییە بەرینەی لە نێو خەڵک دا هەیە لە گۆڕەپانی ململانێیەکەدا ماونەتەوە. لەمبارەیەوە خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە بەشێک لە نارازییان و ململانێکارانی نێو دەسەڵاتیش کە ناکرێ لە ریزی رێبەرانی خەڵکی نارازی لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن دا حیسابیان بۆ بکرێ، بە کەڵک وەرگرتن لەم کەشەی دروست بووە هاتوونەتە مەیدان. ئەوان لەگەڵ ئەوە کە لە چوارچێوەی ئامانجەکانی خۆیاندا پشتیوانییان لە نارەزایەتیی خەڵک کردوە، تەنانەت رەخنەیان لە سیاسەتی سەرکوتی نارەزاییان گرتووەو داوای ئازادیی بەندییە سیاسییەکانیان کردوە.

لە پێوەندیی لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم تیپە لە نارازییان و ململانێکارانی نێو دەسەڵات دا دەتوانین ئاماژە بە هەڵوێستەکانی شووڕای نیگابان و شووڕای دیاریکردنی بەرژەوەندەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بکەین کە رەفسەنجانی سەرۆکایەتییان دەکا. گەورەترین دەرکەوتنی رەفسەنجانی وەک رکەبەرێکی بەنفووزی نێو دەزگای دەسەڵات لە نوێژی هەینیی ٢٦ی پووشپەڕ بوو، کە لەودا سەدان هەزار کەس لە نارازییان لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن و مووسەوی و کەڕووبی بەشدار بوون.

ئەگەر لە روانگەی پێوەندیی دوو لایەنەی فاکتۆری خەڵکی نارازی و فاکتۆری قۆڵی دژبەری نێو دەسەڵاتەوە لەم رووداوە بڕوانین بەو ئاکامە دەگەین کە خەڵکی نارازییش توانیویانە لەو هەلانەی ململانێکارانی نێو دەسەڵات خوڵقاندوویانە کەڵکی پێویست وەرگرن. لەم دەرفەتەدا لە تاران خەڵکی نارازی توانیان دوای سەرکوتی خوێناویی کۆتاییەکانی جۆزەردان و سەرەتای پووشپەڕ جارێکی دیکە بێنەوە سەر شەقامەکان و بەم چەشنە ئەم خەیاڵەی دەزگای سەرکوت بڕەوێننەوە کە پێیان وایە بە نیزامی کردنی شارەکان توانیویانە بزووتنەوەی نارەزایەتی و گۆڕانخوازانەی خەڵک سەرکوت بکەن.

ئەوە کە ئامانجە سەرەکییەکانی خەڵکی نارازی و کاندیداتۆرەکانی سەرکۆماری (مووسەوی و کەڕووبی) لەگەڵ

ئامانجەکانی ململانێکارانی نێو دەسەڵات چەندە یەک دەگرنەوە زۆر روون نیەو رەنگە لەم قۆناخەش دا زۆر گرنگ نەبێ. چونکە ئەوەی ئێستا دەبێ گرنگیی پێ بدرێ کەڵک وەرگرتنی بزاڤی نارەزایەتییانەو گۆڕانخوازانەی خەڵکە لە هەر کەلێن و کەلەبەرێک کە لە نێو پێکهاتەی دەسەڵات دا بەدی دەکرێ. ئەگینا لە قۆناخەکانی داهاتوودا ئەوە کۆمەڵانی خەڵکن کە وەک هێزێکی بەرین و لەبن نەهاتووی کۆمەڵایەتی و سیاسی رەوتی ئاڵوگۆڕەکان و ئاستی ئامانجە سیاسییەکان دیاری دەکەن. روانینێکی ورد لە بەشێک لە دروشمەکانی خەڵکی ناڕازی دەتوانێ تەمی نیگەرانیی هەتەڵە کردنی ویست و ئامانجە گۆڕانخوازەکانی خەڵک لەلایەن هەر کەس و لایەنێک و بە هەر مەبەستێک بڕەوێنێتەوە.

کەواتە لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوەی گرنگەو بە روونیش هەست پێ کراوە ئەوەیە کە پێوەندیی دوولایەنەی بزاڤی ناڕازییانەی خەڵک و ململانێکارانی نێو دەسەڵات بە تەواوی بە زیانی خامنەیی وەک رێبەری نیزامی ئیسلامی و قۆڵەکەی واتە قۆڵی پاوانخواز شکاوەتەوە. بە چەشنێک کە وردە وردە ناچاریان دەکا بە شێوەیەکی هەست پێ کراوتر بکەونە وێزەی رکەبەرانی نێو دەسەڵات. رەنگە پەرچەکرداری ئاشکرای خامنەیی لە بەرانبەر قسەکانی خوتبەی نوێژی هەینیی رابردووی زانکۆی تارانی رەفسەنجانی¬دا نموونەیەکی باش بێ کە نیشانەی توندتر بوونی ململانێییەکانی نێو دەسەڵاتە. خامنەیی لە وڵامی قسەکانی نوێژی هەینیی رەفسەنجانی دا کە گوتبووی وڵات لە قەیران دایەو رێژیم دەبێ جارێکی دیکە متمانەی خەڵک راکێشێ، گوتوویەتی: ئەوانەی درێژە بە نارەزایەتی دژی ئاکامەکانی هەڵبژاردن بدەن "هەڵدەدێردرێن".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٠٩

---

## یەک دەیە دوای ١٨ای پووشپەڕی ١٣٧٨

دە ساڵ بەسەر رووداوی هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر خوێندکارانی زانستگەی تاران لە شوێنی حەوانەوەیانو راپەڕینی ٦ رۆژەی خوێندکارانی سەرانسەری ئێران لە دژی ئەم کردەوەیەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دا تێ دەپەڕێ. راپەڕینی ٦ رۆژەی خوێندکارانی زانسگەکانی ئێران کە لە رۆژی ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨ را

دەستی پێکرد بەربڵاوترین و گرنگترین خۆپێشاندان  پاش شۆرشی گەلانی ئێران بوو. ئەم راپەڕینە کە لە ئێعترازی خوێندکاران بە داخرانی رۆژنامەی ریفۆرمخوازی "سلام"ەوە دەستی پێکرا هیوادار بوو پشتیوانیی قۆڵی ریفۆرمخوازی نێو دەسەڵاتی لە پشت بێ. دروشمەکانیش لەسەرەتادا هەر لە چوارچێوەی دروشمە ریفۆرمیستی یەکان دا بوون.

بەڵام قۆڵی ریفۆرمخوازی نێو دەسەڵات سەرەڕای ئەوەی پۆستی سەرکۆماریی بە سەرۆکایەتیی محەممەدی خاتەمی لەبەر دەست دابووو پشتیوانیی زیاتر لە بیست میلیۆن دەنگی خەڵکی ئێرانی لەگەڵ بوو، بەکردەوە هیچ چەشنە بەرگری یەکی لە خوێندکاران نەکردو لە بەرامبەر سەرکوتو هێرشی بێ بەزەیی یانەی پاوانخوازانی دەسەڵات بەدەست دا بە تەنیای هێشتنەوە. هەرچەند خۆپێشاندانەکان بە باشی پەرەیان گرتو ترسو دڵە خورپەیەکی زۆریان لە دڵی دەسەڵاتدارانی رێژیم بە تایبەتی خامنەیی دا پێک هێنا، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک سەرکوت کرانو بەداخەوە نەک هیچ چەشنە دەسکەوتێکیان نەبوو بەڵکوو رێبەرەکانیان یان گیرانو ئەشکەنجە درانو تەنانەت لە زیندان دا بەهۆی ئەشکەنجە مردن، یان پەڕیوەی وڵاتانی دەرەوە بوون یان پاشەکشەیان کرد.

١- یەکەم هۆی ئاکامی ئەم راپەرینە پشتیوانی نەکردنی قۆڵی رێفۆرمخواز لە خوێندکارانو پابەندبوونی رێبەرانی رێفۆرمخواز بە ویلایەتی فەقیەو بنەماسوننەتیو رادیکاڵی یەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەم هەڵوێستە سوور بوونی ئەوانی بە پرەنسیپەکانی رێفۆرمی بە جیددی هینایە ژێر پرسیارو هەر ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە بزووتنەوی خوێندکاری بەرەبەرە باوەڕی بە وان نەمێنێو ریزەکانی خۆی لە دەسەڵات جیا بکاتەوە. چونکە بزووتنەوەی خوێندکاری پاش تەسفیە خوێناوی یەکەی زانستگەکان لە بەهاری ١٣٥٨ دا بزووتنەوەیەک بوو لە نێو چوارچێوەی دەسەڵات دا.

٢- سەرەڕای هێندێک پشتیوانیی خەڵکو بەشداریی تارادەیەکی خەڵک لە خۆپێشاندانەکان دا، راپەڕینی ١٨ تا ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٧٨ تەقریبەن لە چوارچێوەی زانستگەکان دا مایەوەو باری قورسی خەباتەکە بە تەنیا کەوتە سەر شانی خوێندکاران. هەر بۆیەش بە زوویی کۆنترۆڵو سەرکوت کرا.

٣- ئەم راپەڕینە زیاتر راپەڕینێکی دژکردەویی بوو تا ئامانجدار، هەر بۆیەش نەی توانی چینو توێژەکانی دیکەی کۆمەل لەگەڵ خۆی بداو ببێتە هێز.

٤- نەبوونی رێبەرایەتی یەکی ئەوتۆ کە خۆپێشاندانەکان رێنوێنیو رێبەری بکا هۆیەکی دیکەی کپ بوونی راپەرینەکە بوو.

٥- گرتن و ئەشكەنجە دانی چالاكانی خوێندكارییش هۆیەكی دیكەی نوشستیی راپەرینەكە بوو.

راپەرینی ٦ رۆژەی خوێندكارانی ئێران لە پووشپەڕی ١٣٧٨ دا سەرەڕای ئەم كەموكوڕیانە یەكێك لە رووداوەگرنكەكانی مێژووی ئێران بەگشتیو بزووتنەوەی خوێندكاری بە تایبەتیە. ئەم راپەڕینە نیشانی دا كە فەسلێكی نوێ لە خەباتی مەدەنیو جەماوەریی خەڵكی ئێران لە دژی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەستی پێ كردوە.
خوێندنەوەی مێژوو ئەوەمان پێ دەڵێ كە هەر كات ویستو داخوازە سەرەتایی و ریفۆرمیستی یەكانی خەڵك لە لایەن دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە سەركوت كرا، جارێكی دیكە بە تینو تەوژمێكی زیاترەوە سەرهەڵدەدەنەوە. هەر ئەزموونی مێژووی ئێران چ لە شۆرشی مەشرووتە داو چ لە شۆرشی گەلانی ئێران دا ئەو راستی یە دەسەلمێنن. لە سایەی ئەم جۆرە رێژیمانە دا خەڵك هەركات دەرفەتو بیانوویەكیان دەست كەوت، كەڵكی لێ وەردەگرنو بە ویستو داخوازی رادیكاڵانەتر دێنەوە مەیدان.

لە بەرەبەری دەساڵەی راپەڕینی خوێندكارانی ئێران دا شاهیدی رووداوێكی گرنگترو راپەرینێكی بەربڵاوتر لە ئێران دا بووین. خۆپێشاندانی خوێناویی خەڵكی سەرانسەری ئێران لە ماوەی نزیک بە دوو حەتوو دا لە دژی كوودیتایەک كە لە دەنگەكانیان كرابوو، زۆر قووڵتر، بەربڵاوترو رادیكاڵانەتر لە راپەڕینی خوێندكاران لە ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨ دا بوو.

راپەڕینی ئەم جار لە باری بەربڵاویەوە راپەڕینێكی سەرانسەری بوو، ئەم راپەڕینە راپەڕینی توێژێكو سینفێكی كۆمەڵگەی ئێران نەبوو، بەڵكوو راپەڕینی هەموو چینو توێژەكانو تەنانەت گەلانی ئێران بوو، دروشمەكان تا رادەیەكی زۆر رادیكاڵو شۆرشگێڕانە بوونو هەر لە چوارچێوەی داخوازی ریفۆرمیستیانە دا نەبوون، خۆپێشاندانی ئەم جار بە شێوەیەكی بێ رەحمانە لە خوێن وەردرا، چەندین كەس لە كاتی خۆپێشاندانەكان دا لە لایەن هێزە نیزامییەكانی رێژیمەوە شەهیدو دەیان كەسیش بریندار بوون. ریفۆرمخوازانی نێو دەسەڵات بە ئاشكرا پشتیوانی لە خۆپێشاندەران دەكەن وئەمە بە پێچەوانەی پووشپەڕی ١٣٧٨ بۆتە هۆی قووڵبوونەوەی زیاتری كێشەی نێو دەسەڵات.

ئەگەر لە پووشپەڕی ١٣٧٨ دا سەنگەری زانستگە لە دەست كۆماری ئیسلامی هاتە دەرو كەوتە دەست خەڵك وبزووتنەوەی خوێندكاری ماڵاوایی لە دەسەڵات كرد، لە دەیەمین ساڵی رووداوی ١٨ی پووشپەڕدا شەقامو

کۆلانەکانی ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامی بونەتە سەنگەر کە نەک هەر خوێندکاران بەڵکوو هەموو چینو توێژەکانی خەڵکی ئێرانیان تێدا دامەزراوەو بزووتنەوەی مەدەنیو جەماوەریی ئێران ماڵاوایی لە رێژیم کردوە.

راپەڕینی ٦ رۆژەی خوێندکارانی زانستگەکانی ئێران سەرەتایەکو ئەزموونێکی گرنگ بوو بۆ رووداوەکانی دوای خۆی، بەتایبەتی راپەڕینی بەرینی ئەم دواییانەی خەڵکی ئێران. گومانی تێدا نیە رووداوەکانی ئەم دوویی یانەش دەبنە سەرەتایەکو ئەزموونێکی بە کەڵکتر بۆ رووداوێکی گرنگترو ئاسۆیەکی روونتر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠٠٩

---

## کێ ئەم ململانێیە دەباتەوە؟

نزیکەی دوو حەوتوویە بزووتنەوەیەکی بەرینی نارەزایەتی زۆربەی شارە گەورەکانی ئێرانی گرتۆتەوە. ئەو بزووتنەوەیە کە بە نارەزایەتی لە هەڵگەڕاندنەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری یان کودیتا لە دەنگی خەڵک سەری هەڵ دا، بە پێی ئەم تایبەتمەندییە نوێیانە کە هەیەتی هەم دەسەڵاتدارانی دەسەڵات پەرەست و کۆنەپارێزی کۆماری ئیسلامیی تاساندو هەمیش بیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی هەژاند. گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم راپەڕینە بەرینە جەماوەرییە ئەوەیە کە: بۆ یەکەم جار و دوای سی ساڵ دەسەڵاتی رەهای دەسەڵاتدارانی رێژیمی ئیسلامی لە لایەن کەسانێکەوە پێشەنگایەتی دەکرێ کە بۆ خۆیان بە بەشێک لە دەسەڵات دەژمێردرێن. ئەوەش بە واتای قووڵتر بوونەوەی ناکۆکی و ناتەباییەکانی نێو دەسەڵات و تەنانەت لەتبوونی ریزەکانی دەسەڵات لێک دەدرێتەوە. تایبەتمەندییەکی دیکەش ئەوەیە کە یەکەم جارە خەڵکی نارازی لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان، بەم شێوە ئامانجدارو بەرینە ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارانی رێژیم ببنەوە. جگە لەمانە نارەزایەتی لە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنانە بووەتە هۆی ئەوە کە ڕێگا بۆ دەربڕینی هەموو ئەو نارەزایەتییانە بکرێتەوە کە سی ساڵە لە ئاکامی سەرکوت و داپڵۆسین دا پەنگی خواردۆتەوە. بۆیە دەکرێ ئەم بزووتنەوە نارەزایەتییە بە چاشنیی تەقاندنەوەی نارەزایەتییە کەڵەکە بووەکان لە قەڵەم بدەین. ئەم تایبەتمەندیەش بۆتە هۆی ئەوە کە پێ بە پێی توندتر بوونی سەرکوت و هەڕەشە دروشمی خۆپیشاندەرەکان رادیکالیزەتر بێتەوە.

بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ لە شەقامەکانی ئێران دا بەدی دەکرێ شتێکە بەدوور لە چاوەڕوانییەکانی سەرانی کودیتاو لە سەروویانەوە خامنەیی، ڕێبەری نیزام. ئەوان پێیان وابوو ئەمجارەیان لە لایەک دەتوانن بە زەق کردنەوەی پرسی وەمەترسی کەوتنی بەرژەوەندییەکانی نیزام و پێویستیی مل کەچ کردنی هەموو لایەک بۆ ڕێبەر لە لایەک دەتوانن قۆڵی بەرانبەر ناچار بە بێدەنگ بوون بکەن و لەو لاشەوە بە توندتر کردنی هەڕەشەکانیان لە خەڵک و وەبیرهێنانەوەی دڕندەیی دەزگای سەرکوتی ڕێژیمەکەیان ڕێگە لە هاتنە مەیدانی خەڵک بگرن. چونکە لە بیرمانە کە بەشێک لە سیناریۆی ئەم کودیتایە بریتی بوو لە مانۆڕێکی هێزە سەرکوتکەرەکان لە ڕۆژی هەڵبژاردندا.

خاڵی زۆر جێگای سەرنج لەم نێوەدا ئەو "نا" گەورەیە بوو کە کاندیداتۆرە ریفۆرمیستەکان بە ڕێبەری نیزامیان گوت. ئەوەش هیچ گومانێکی بۆ کەس نەهێشتەوە و سەلماندی لانیکەم ئەمجارەیان قۆڵەکانی نێو دەسەڵات ناتوانن لە بەرانبەر یەکتردا پاشەکشە بکەن و ئاوێک بە ئاورەکەدا بکەن. ئەمەش ئەو هەلە زێڕینە بوو کە خەڵکی ناڕازی و سەرکوتکراو بە دوای دا دەگەڕان. بۆیە ئێستا ئیتر قۆڵی پاوانخوازو کۆنەپارێز باش لەم راستییە گەیشتوە کە چی دیکە وەک رابردوو هاتنە مەیدانی ڕێبەری نیزام و پرسی وەمەترسی کەوتنی بەرژەوەندییەکانی نیزام ناتوانێ ببێتە هۆی پاشەکشەی قۆڵی بەرانبەر. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناکۆکییەکانی نێو دەسەڵات گەیشتۆتە ئاستی تەقینەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ کارایی ئامرازی سەرکوتیش دا وادیارە سەرانی کودیتا بە هەڵە چوون. ئەوان پێیان وابوو بە هەڕەشەو گوڕەشەو، دەستبەسەر کردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و پادگانی کردنی شەقامەکانی شارەکان دەتوانن ڕێگە لە سەرهەڵدانی خەڵکی ناڕازی بگرن. بەڵام دیتمان سەرەڕای ئەوەی ناڕەزایەتییەکان بە دڕندانەترین شێوە سەرکوت کران و بە دەیان کەس لە خەڵکی ناڕازی کوژران و بە سەدان کەس بریندارو بە هەزارانیش دەستبەسەر کران، ئەمجارەیان خەڵکی ناڕازی نەک کۆڵی نەداوە، بەڵکوو پێ بە پێی توندتر بوونی سەرکوت لەسەر درێژەی خۆپێشاندانەکان پێداگرتر دەبن.

ئەگەر لە ڕەهەندی بیروڕای گشتیی جیهانی و نێونەتەوەییشەوە لە قورسایی و کاردانەوەی ئەم ناڕەزایەتییانە بڕوانین دەبینین بۆ یەکەم جارە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و وڵاتانی جیهان و بیروڕای گشتی بەم چەشنە بە ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران و دڕندەیی دەزگای سەرکوتی ڕێژیمی ئیسلامی دەهەژێن. بە چەشنێک کە دەبینین لە لایەک گوشارێکی قورسی سیاسیی لە ئاستە جیا جیاکان دا خستۆتە سەر ڕێژیم و تووشی کێشەی کردووە لە لایەکی

دیکەوە پشتیوانی و هاوپێوەندیی بیروڕای گشتی جیهانی و تەنانەت وڵاتان لەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییەی لێ کەوتۆتەوە.

بۆیە دەکرێ بەوە ئاکامە بگەین کە ئێستا ئیتر ململانێی خەڵک و دەسەڵات گەیشتۆتە خاڵیکی هەستیار، دوو ئیرادەی خەڵک و دەسەڵاتی سەرکوتکەر بە تەواوی لە بەرانبەر یەک دا راوەستاون و لەم نێوەدا دەبێ لایەک پاشەکشە بکا. ئەوەی تا ئێستا بەدی کراوەو دووریش نەبووە لە چاوەڕوانی ئەوەیە کە سەرانی کودیتا مل بۆ ئیرادەو ویستی خەڵک دانەنوێنن و سەرەکیترین داوای ناڕازییان واتە هەڵوەشاندنەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان قبووڵ نەکەن. چونکە باش دەزانن قبووڵی ئەم داوایە واتە پووچەڵ بوونەوەی کودیتاکەیان و پاشەکشەیەکی هەمە لایەنە لە بەرانبەر ئیرادەی گۆڕانخوازانەو ئازادیخوازانەی خەڵک دا. بۆیە لەم حاڵەتەدا کە ئێستاش درێژەی هەیە تەنیا یەک رێگا لە بەردەم خەڵک و لە بەردەم رێژیم دا ماوەتەوە؛ خەڵک پێویستە تا گەیشتن بە ویست و ئامانجەکانیان واتە کاریگەر بوونی دەنگەکانیان بە شێوازی جۆراوجۆرو لە سەروویانەوە ناڕەزایەتی و نافەرمانیی مەدەنی درێژە بە رووبەڕووبوونەوەکە بدەن و دەسەڵاتیش درێژە بە سەرکوت و دڕندەیی خۆی و نیزامی کردنی شارەکان بدا.

ئەوە کە رێگای سەرکوت تەنیا رێگایەکە لە بەردەم سەرانی رێژیمی ئیسلامی دا ماوەتەوە لەو بارەیەوە زۆر ئاسایی دەنوێنێ کە ئەم رێژیمە وەک هەموو رێژیمە نادێموکراتیک و توتالیتێرەکان لە پەنا دروست کردنی رەوایی و شەرعییەتی ساختەو لە پەنا چەواشە کردنی دەنگی خەڵک و دێموکراسی دا، هەمیشە بۆ مانەوەی خۆی پشتی بە سەرکوتی دەنگە ناڕازییەکان بەستوە. لەم پێوەندییەدا خاڵیکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە لە سی ساڵی رابردوودا ئامرازی سەرکوت رەنگە لە پێوەندی لەگەڵ سەرکوتی گرووپ و کەسایەتییە جیابیرو ئازادیخوازەکان دا کارایی بووبێ و تەمەنی رێژیمی درێژ کردبێتەوە، بەڵام ئەزموونەکان تەنانەت لە ئێرانیش زۆر جار دەریان خستوە کە ئامرزای سەرکوت رەنگە لە کورت ماوەدا بتوانێ خەڵک چاوترسێن بکا، بەڵام لە بەرانبەر بزووتنەوەی جەماوەری دا ناتوانێ کارایی هەبێ.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەم راستییە کە ئەمڕۆکە پێویستیی پتەو کردن و بەرین کردنەوەی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییەو قووڵ کردنەوەی ئامانجەکانی تەنیا رێگایە کە لە بەردەم خەڵک دا ماوەتەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە بەردەوام بێ، بەدڵنیاییەوە بە سەر سەرەڕۆیان و کودیتاچییانی دەسەڵاتدار داسەرکەوتن وەدەست

دێنێ و خەڵک ئەم ململانێیە دەباتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠٠٩

## ئاماژە سیاسییەکانی سەرکەوتنی DTP

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی شارەوانییەکانی تورکیەدا کە ڕێکەوتی ٢٩ی مارس (٩ی خاکەلێوە)دا بەڕێوەچوو،

پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک کە بە پارتێکی کوردی ناسراوە، توانی سەرکەوتنێکی بەرچاو وەدەست بێنێ و نزیکەی ١٠٠ شارەوانیی ناوچە کوردنشینەکان بەدەستەوە بگرێ.

سەرکەوتنیDTP لە زۆربەی نزیک بە تەواوی ناوچەکانی باکووری کوردستان تەنیا لەوەدا کورت نابێتەوە کە پێمان وابێ حیزبێک کە نێوەرۆک و شوناسێکی کوردیی هەیە توانیویەتی کۆنترۆڵی شارەوانییەکانی ناوچەکانی باکووری کوردستان بەدەستەوە بگرێ و بۆ ماوەی چەند ساڵ بەڕێوەیان بەرێ، بەڵکوو هەڵگری کۆمەڵێک پەیام و ئاماژەی سیاسییشە کە جێگای خۆیەتی سەرنجیان بدرێتێ.

سەرکەوتنی DTP لە پەنا ئەو کارامەییەی لە خولی پێشوودا لە بەڕێوەبەریی شارەوانییەکان دا هەیبوو، بەر لە هەر شتێک نیشانەی گەشەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەییە لە کۆمەڵگەی باکووری کوردستان دا. بۆیەش دەنگدەرانی کورد بە لەبەرچاوگرتنی کارنامە و سیاسەت و ئامانجەکانی ئەم حیزبە (سەرەڕای ئەوەی بە فەرمی وەک حیزبێکی کوردی نەناسراوە) بە شێوەیەکی یەکجار بەرین دەنگیان پێ دا. ئەم پشتگیرییە بەربڵاوە لە DTP زۆر بە روونی نیشانەی ئەوەیە بزاڤی نەتەوەیی باکووری کوردستان بەخۆشییەوە گەیشتۆتە ئاستێکی بەرزی ئەوتۆ کە بتوانێ لە هاوکێشە سیاسییەکانی نێوخۆی تورکیەدا بە پێناسەی خۆیەوە دەرکەوێ. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئەوەی کورد جگە لەوەی لە باری ئیدارییەوە کۆنترۆڵی بەسەر ناوچەکانی خۆی دا هەبێ، بەرەو ئەوە بڕوا بە وەدەست هێنانی کورسیی زیاتر لە پارلمانی تورکیەدا لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرییش دا بەشدار بێ.

ئاماژەیەکی سیاسیی دیکەی سەرکەوتنی DTP ئەو دەنگدانەوە میدیایی و نێونەتەوەییە بوو کە بەدوای دا هات. ئەم دەنگدانەوەیەش لە زۆر لایەنەوە بە قازانجی بە نێونەتەوەیی بوونی پرسی کورد لە باکووری کوردستانە.

سەرکەوتن بەسەر پارتی دەسەڵاتداری AKP کە حیزبێکی ئیسلامی کۆنسێرڤاتیڤەو دەیەوەیست ئەمجارەشیان وەک هەڵبژاردنی پارلمانیی ٢٠٠٧ بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی خەڵکی باکووری کوردستان هەڵبژاردنەکان بەرێتەوە، ئاماژەیەکی روونی دیکەیە بۆ ئەوەی ئەمڕۆکە کۆمەڵگەی باکووری کوردستان سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگەیەکی مەزهەبییە، چی دیکە گرنگی بە پرسە لاوەکییەکان نادا و تا دێ زیاتر بەرەو ئەوە دەڕوا لە هەموو رێگایەکی لواوەوە (هەڵبژاردن، خۆپیشاندان و....) پێداگری لە سەر مافە نەتەوەییەکانی بکاتەوە.

سەرکەوتنی DTP لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش (بەتایبەت لە میدیاکان دا) رەنگدانەوەی باشی هەبووە و بە سەرکەوتنێک بۆ بزاڤی سیاسیی کورد بەگشتی لە قەڵەم دراوە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم سەرکەوتنە و بەهێز بوونی زیاتری سەنگی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی تورکیەدا بە دڵنیاییەوە بێجگە لە باکووری کوردستانکاریگەریی لە سەر بەهێزتربوونی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەهێز بوونی پێگەی سیاسیی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستانیش دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠٠٩

---

## لە بەردەم شەپۆلێکی دیکەی ناڕەزایەتی دا

گوشارە جۆراوجۆرەکان و سەرکوتی رۆژانەو سیستماتیک و پێشێلکردنی ماف و ئازادییە مرۆڤانەو سیاسییەکان و درێژەی سیاسەتی جیاوازیدانانی نەتەوەیی، مەزهەبی و ئابووری لەلایەن رێژیمی ئیسلامییەوە بەردەوام لەگەڵ ناڕەزایەتی و ناڕەزایەتی دەربڕینی کۆمەلانی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان بەرەوڕوو بووتەوە. نوێترین نموونەی ئەم ناڕەزایەتییانە خۆپێشاندانی جەماوەریی چەند رۆژی خەڵکی شاری مەریوانە.

ئەم خۆپێشاندانە نارازییانەیە لەگەڵ ئەوەی وەک زۆربەی خۆپێشاندانەکانی پێشوو لەو بەستێنە ناڕەزایەتی

خوڵقێنەوە کە باسی کرا سەرچاوەدەگرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا بۆ هێندێک بەستێنی نوێترش دەگەڕێتەوە. بەستێنگەلێک کە لە راستی دەوری کاتالیزۆرێک لە تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکان دا دەبینن. ئەگەر بمانەوێ بۆ هۆکارە خێراییبەخشەکانی ئەم خۆپێشاندانە بگەڕێینەوە بەکورتی دەتوانین ئاماژە بەو دروشمانەبکەین کە لەم خۆپێشاندانەدا بەرزکراوانەتەوە، کە کردنەوەی سنوورەکان و رێگەدان بە کاسبکارانی سەرسنوور بۆ درێژەدان بەکار و کاسبی، دژایەتی لەگەڵ حوکمی ئیعدامی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و رۆژنامەنووسانی کورد و... ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەم باوەڕە کە خۆپێشاندانی ئەمجارەی خەڵکی مەریوان لە راستی دا دژکردەوەیەکە بە توندوتر بوونی سیاسەتی سەرکوت و پێشێلکاریی بێبەزەییانەتری مافەکانی مرۆڤی کورد و تەنانەت وشک کردنی تەنیا سەرچاوەی بژێوی خەڵکێک کە بە هۆی درێژەی سیاسەتی جیاوازیدانانی ئابووری لە کوردستان هیچ دەرەتانێکیان بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان نیە بەپێی زانیارییەکان هەر دووکی ئەم هۆکارانەی باسیان کرا نەک تەنیا لە مەریوان بەڵکوو لە زۆربەی شارو ناوەندە حەشیمەتییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەستێنی ناڕەزایەتییەکی جەماوەریی بەرینیان دروست کردوە. کەواتە دەتوانین بڵێین درێژەی سیاسەتی داختستی سنوورەکان و بڕینی دەرەتانی خۆژیاندن لە دەیان هەزار کاسبکاری سەرسنوور و هەروەها جێبەجێ کرانی حوکمی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی مەحکوم بە ئیعدام، هەرکامەیان دەتوانێ وەک چەخماخەی هەڵگیراسانی ئاگری ناڕەزایەتیی پەنگخواردووی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان چاویان لێ بکرێ. هەموو ئەم راستییانە دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایە کە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەم شەپۆلێکی بەرینی ناڕەزایەتی دەربڕین دایە. بوونی بەستێنێکی ئاوا بەرهەست بۆ وەرێکەوتنی شەپۆلی ناڕەزایەتی لە شارەکانی رۆژهەڵاتی ئەگەر لەلایەک وەک رابردوو چاوەڕوانی دژکردەوەی سەرکوتکەرانەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی رێژیمی ئیسلامیی لێ دەکرێ، لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسیارێتییەکیش دەخاتە ئەستۆی رێکخراوە سیاسییەکان و چالاکانی سیاسیی کوردستان. ئەم بەرپرسیارێتییەش ئەوەیە کە بەهەموو لایەک زۆر لێبڕاوانەتر بۆ هەرچی ئامانجدارتر کردن و بەرفراوان کردن و بەرێکخستن کردنی ئەم ناڕەزایەتییانەو گەیاندنی دەنگی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان هەوڵ بدەن. ئەمەش تەنیا رێگایەکە کە بەهۆیەوە دەتوانین رێژیم ناچار بەملکەچ کردن وڵامدانەوە بە داوای خەڵکی ناڕازی بکەین و لەوەش گرنگتر رێگە نەدەین دەستی رێژیم وەک رابردوو لە سەرکوتی دڕندانەی خەڵک دا ئاوەڵا بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١١ی مارچی ٢٠٠٩

# خاتەمی ئەمجارەیان دەڵێ چی؟

لەم رۆژانەدا خۆ کاندیدا کردنەوەی محەمەد خاتەمی، راگەیەنەکان و بەتایبەت راگەیەنە فارسییەکانی دەرەوەی وڵاتی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوەو لێکدانەوەی جۆراوجۆر لە باری "هاتن"ی ئەوەوە دەکەن. جگە لەمانە هاتنە مەیدانی خاتەمی لەم هەلومەرجەدا کە باڵی کۆنەپارێزو توندڕەوی دەسەڵات لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە رووبەڕووبوونەوەدا بووە، بە خاڵێکی پۆزەتیڤ لە قەڵەم دراوە. رەنگە گەورەترین دڵخۆشیی ئەم گرووپە کە زۆرتر لە داکۆکیکارانی یەکپارچەیی خاکی ئێران و لایەنگرانی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا پێک دێن، ئەوە بێ کە خاتەمی میانەڕەوەو هەر بۆیە دەتوانێ لەگەڵ دنیای دەرەوە نەرمتر هەڵسوکەوت بکاو مەترسییەکانی سەر ئێران بڕەوێنێتەوەو رەنگە لە ئاستی نێوخۆییش دا بتوانێ هێندێک وردە ریفۆرم بکا.

بەڵام ئاوڕدانەوەیەک لە هەشت ساڵی سەرۆک کۆماریی خاتەمی دەمانگەیەنێتە ئەم راستییە کە دڵخۆش کردن بە خاتەمی کە بۆخۆی بەشێکە لە دەسەڵات و پایەبەندی پاراستنی رێژیم و دەسەڵاتی ئایینیی ئێستای ئێرانە نیشانەی خەیاڵگەراییە. چونکە ئەگەر لە ئاستی نێوخۆییدا چاوەڕوانی بکرێ خاتەمی بتوانێ گۆڕان دروست بکاو ئازادییەکانی خەڵک بگەڕێنێتەوە، یان لە ئاستی نێونەتەوەییدا چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکرێ کارێک بکا تاران دەست لە سەرەڕۆیی، کێشە خوڵقێنی، تیرۆریسم، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان و... هەڵگرێ، بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین خاتەمی بە هیچ شێوەیەک (ئەگەریش بیهەوێ) لە توانایدا نیە ئەم چاوەڕوانییانە وەدی بێنێ. هەموو ئەوانەی ناسیاوییان لە سەر سیستمی سیاسیی ئێران هەیە دەزانن سەرۆک کۆمار هەر چەندیش دەنگی خەڵکی لە پشت بێ لە نێو سیستمدا ئەوەندە دەسەڵاتی نیە بتوانێ لە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی سیستم، کە کەسانی دیکەی سەرووی ئەوەوە دەیپارێزن، تێپەڕێ. راستییەک کە خاتەمی لە دوایین کۆنفرانسی چاپەمەنیی سەردەمی سەرۆککۆماریی خۆیدا دانی پێداهێنا و گوتی:" سەرۆککۆمار تەنیا تەداروکچییەکە."

جگە لەمانە خاتەمی لە باشترین حاڵەتدا لە بیری جوانکردنی سیمای رێژیمەکەی دایە نەک شتێکی زیاتر. خاتەمی ئەگەر جیاوازییەکی لەگەڵ باقیی قۆڵ و دەستەکانی نێو دەسەڵاتدا هەبێ تەنیا لە میتۆد دایە، نەک لە ستراتژی دا. هەر ئەم جیاوازیی میتۆدەش ئەم شەڕە زێڕینگەرانەیەی نێو دەسەڵاتداران دا لێ کەوتۆتەوە.

کەواتە خاتەمییەکی بێدەسەڵات، خاتەمییەک کە ناتوانێ لە بەرژەوەندییەکانی رێژیمی ئیسلامی لابدا دەتوانێ سەرچاوەی چ گۆڕانکارییەک بێ؟ خاتەمی یان هەر سەرۆککۆمارێکی دیکە کاتێک دەتوانێ سەرچاوەی گۆڕان بێ کە سیستمەکەی بڕوای بە دەنگی خەڵک هەبێ و بۆخۆی هەڵگری شێوە روانینێکی بە تەواوی جیاواز لە دەسەڵاتداران و سیستمی سیاسیی ئێستای وڵات بێ. دیارە ئەمەش پێویستی بە هەڵبژاردنێکە کە لەودا دەرەتانی هەڵبژاردنی ئازادانە بە خەڵک و هاتنە مەیدانی کەسانی سەربەخۆو ئۆپۆزیسیۆنی راستەقینە بدرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٠٩

---

## سی ساڵەی شۆڕشێک کە چەواشە کرا

بە پێی بۆچوونێک کە ئەمڕۆکە زۆر کەس لەگەڵیدایە، لە ساڵی ١٣٥٧دا خەڵکی ئێران دەیانزانی چیان ناوێ،بەڵام نەیاندەزانی چیان دەوێ بۆیە شۆڕش ئەم ئاکامە نەخوازراوەی لێکەوتەوە: "رێژیمی کۆماری ئیسلامی".

٢٢ی رێبەندانی ئەمساڵ سی ساڵەی شوڕشی گەلانی ئێران بە دژی رێژیمی پاشایەتییە. شۆڕشێک کە سەرەڕای ئەوەی قوربانیی زۆری بۆ درا و هیوای زۆری لەلای خەڵکی ئێران دروست کردبوو، بەڵام لە کردەوەدا هەرچەند رووخانی رێژیمی پاشایەتیی لێ کەوتەوە، بووتە هۆی هاتنە سەرکاری رێژیمێک کە خەیانەتی بە هەموو هیواکان کرد و ئێرانی لە زۆر بارەوە بۆ دواوە گەڕاندەوە.

بۆیەت زۆر سروشتییە بڵێین شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران نەک هەر گۆڕانێکی شۆڕشگێرانە و نەرێنی لە سیستمی سیاسیی ئێران دا بە قازانجی دیموکراسی و ئازادی لێ نەکەوتەوە، بەڵکوو بووتە سەرەتای قۆناخێک لە ژیانی سیاسیی ئێران دا کە لەودا هەموو ئازادییە سیاسی و تاکەکەسییەکان و تەنانەت مافەکانی مرۆڤیش زۆر خراپتر لە پێشوو بخرێنە ژێر پێ.

ئەم شۆڕشە کە لەسەر بنەمای نارەزایەتیی خەڵکی ئێران (بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی، سیاسی،

ئایینییەکانیەوە) لە دژی سیستمی پاشایەتی دەستی پێ کرد، لە دوا قۆناخەکانی دا بە ئاقارێکی دیکەدا برا و نەک هەر لە نێوەرۆکە شۆڕشگێرانەکەی بەتاڵ کرایەوە، بەڵکوو شوناسێکی دیکەی بە تەواوی جیاوازی پێ بەخشرا، واتە ئیسلامیزەیان باشتر بڵێین شیعیزە کرا.

ئەم لاڕێ کرانە سەدوهەشت پلەییە کە دواتر دامەزرانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانی لێ کەوتەوە ئەگەر لە ئاستی نێوخۆییدا بۆ نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی سیاسیی دێموکراسیخوازی بەهێز دەگەڕێتەوە، لە ئاستی دەرەکی و نێونەتەوەیی دا بە تەواوی لە ژێر کاریگەریی ئەو کەشە دوو جەمسەرییە دایە کە باڵی بە سەر جیهاندا کێشا بوو. بۆیە دەکرێ بڵێین ترسی بەرەی ڕۆژئاوا لە باڵادەست بوونی چەپ لە ئێران، پشتیوانی لە ئیسلامیزە بوونی شۆڕشی بە دوا دا هات. ئەمەش درێژەی سیاسەتێک بوو کە هەر لەم قۆناغەدا لە ئەفغانستان و بە گشتی وڵاتانی پشتێنەی سەوز تاقی کرابۆوە.

نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گەورەترین قوربانیی سیاسەتە کۆنەپەرستانەو شۆڤێنیستانەکانی سیستمی سەرچاوەگرتوو لە شۆڕشی ١٣٥٧ دەژمێردرێ. ئەگەر تێکۆشەرانی سیاسیی کورد لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە ناچار بوون لەگەڵ دژوارترین هەلومەرجەکان و سەرکوتی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی دەست و پەنجە نەرم بکەن و کوردستان لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی دا لە ژێر تەوژمی سیاسەتی ژینۆسایدی فەرهەنگی دا بوو و لەگەڵ هەموو چەشنە جیاوازیدانێک بەرەو ڕوو ببۆوە، لە سەردەمی ڕێژیمی ئیسلامیدا نەک هەر هیچ کام لە مافەکانی وەدی نەهاتوون سەرکوت و جیاوازیدانانی زیاتریشی لە سەر تاقی کراوەتەوە.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم شۆڕشی ١٣٥٧، شۆڕشێک بوو کە چەواشە کراو سیستمێکی نەخوازراوو تاقینەکراوەی لێ کەوتەوە بۆیە تاوەکو گۆڕانکارییەکی قووڵ و بنەڕەتی لە سیستمی سیاسیی ئێراندا نەکرێ ناتوانین خۆمان لە ئاکامە تاڵەکانی دەرباز بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی فێبریوێری ٢٠٠٩

# کۆماری کوردستان مەشخەڵێکی هەمیشە بەگڕ بۆ شوناسخوازی

لە ٢ی ڕێبەندانی ٦٣ ساڵ لەمەوبەردا کورد لە بەشێکی هەرچەند بچووک لە نیشتمانە دابەش وداگیرکراوەکەیدا توانی بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشە ناوچەییەکان و بە پشت بەستن بە ویستی شوناسخوازانەی خۆی، دەسەڵاتێکی نەتەوەیی لە چوارچێوەیەکی مودێرن و کۆماریدا دامەزرێنێ. دەسەڵاتێکی نەتەوەیی کە لە زۆر بارەوە لەگەڵ دەسەڵاتە کوردییە پچڕپچڕەکانی مێژووی کورددا جیاوازییەکی زۆر زەق و بەرچاوی هەیە.

کۆماری کوردستان (سەرەڕای هەموو دەسکەوتە سیاسی و فەرهەنگییەکان و لاوازییەکانی) بەو پێیە کە هەڵگری پەیام و خودانی جەوهەرێکی نەتەوەیی و شوناسیخوازانە، بە واتا مودێرنەکەی بوو، لەگەڵ ئەوەدا کە هەر زوو کۆتایی بە تەمەنی هات و ٦٣ ساڵ بەسەر دامەزرانی دا تێپەڕیوە، ئێستاکەش وەک چرایەکی ڕێنوێن و ڕێپێشاندەرو وەک ڕچەیەک بۆ خەباتی شوناسخوازانە (بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لە بیرو زەینی تاکی کورددا جێی گرتوە. بە چەشنێک کە ئەمڕۆکە خوێندنەوەی مێژووی ئەم دەسەڵاتە هاوچەرخە کوردییە و یادکردنەوەی ڕۆژی دامەزرانی تا دێ گرنگیی زیاتر پەیدا دەکاو تاکی کورد لەگەڵ خولیای دەسەڵاتی نەتەوەیی و شوناسی ونبوو و نکۆڵیلێکراوی لێک گرێ دەداتەوە.

دیارە ئەو تایبەتمەندییەی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بنەما فکرییە پتەو و نەتەوەییانەی دامەزرێنەرانی کۆمارو لە سەرووشیانەوە پێشەوا قازی محەممەد هەیانبوو و کردیانە بناخەیەک بۆ دەسەڵاتێکی هاوچەرخ و مۆدێرنی نەتەوەیی. ئەم بنەما فکرییانەش بە تایبەتی لە چەند کاری گرنگی وەک هەڵکردنی ئاڵا، دانانی سروودی نەتەوەیی، بە فەرمی کردنی زمانی کوردی، دروست کردنی سوپای نیشتمانی، بووژاندنەوەی فەرهەنگ و وێژەی کوردی، هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بەشانە لە خاکی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماردا نەبوون و.. ڕەنگی دابۆوە. بۆیە دەکرێ بڵێین یەکەم: دامەزرانی کۆمار هەوڵێکی جیدی بوو بۆ دەرباز کردنی شوناس، جوگرافیا، فەرهەنگی کوردی لەو مەترسییە گەورەو جۆراجۆرانەی بە سەدان ساڵ بوو لە گەڵیان بەرەو ڕوو بوون. دووەم: دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ڕوانگەی تیئورە نوێیەکانی ناسیونالیزمیشەوە هەنگاوێکی گەورە بوو لە پرۆسەی بە نەتەوە بوونی کورد دا.

سەرجەم ئەم تایبەتمەندیانەی لە بارەی کۆماری کوردستانەوە باسیان لێوە کرا بوونەتە هۆی ئەوە ئەم دەسەڵاتە نەتەوەییە کورت ماوەیە جێگەو پێگەیەکی تایبەتی لە مێژووی هاوچەرخی کوردستان دا هەبێ تا ئەو رادەیە کە سەرکۆماری کوردستان پێشەوا قازی وەک رێبەری سەربەخۆی چاوی لێ بکرێ و رێبازی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی کۆماریش وەک رێبازی خەبات بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی کورد چاوی لێ بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠٠٩

## بەیاننامەی ژمارە ١٧ی مووسەوی و داهاتووی بزووتنەوەی گۆڕانخوازانە

چەند رۆژ لەمەوبەر میر حوسێنی موسەوی لە سیما ناسراوەکانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران بەیاننامەی ژمارە١٧ی خۆی بڵاو کردەوە. ئەم بەیاننامەیەی موسەوی لە کاتێک دا بڵاوکرایەوە کە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و گۆڕانخوازانەی خەڵکی ئێران لە رۆژی عاشورا دا بە نیشانە گرتنی خامنەیی و ئەسڵی ویلایەتی فەقیە پێی نایە قۆناخێکی نوێوە. ئەوەش بۆتە هۆی تووڕەیی هەرچی زیاتری خامنەیی و پاوانخوازان بۆیە لەو رۆژەدا کە رۆژێکی تایبەتە لە لای شیعە مەزهەبەکان خۆپیشاندانی خەڵکیان لەخوێن وەرداو لەو رۆژەوە تا ئێستا بە شێوەیەکی بەردەوام دەستیان کردوە بە قۆڵبەست کردنی رۆژنامەنووسان، چالاکانی سیاسی و مەدەنی و خەڵکی ئاسایی. پاوانخوازان هەر بەوەش رازی نەبوون و بە وەڕێ خستنی سیناریۆی سووکایەوتی کران بە قورعان و عاشورا و هێنانە مەیدانی دەیان هەزار کەس و وەڕێ خستنی بانگەشەی توند و بە دژە ئایین نیشاندانی ناڕازییان و سیما ناسراوەکانیان دەیانەوێ فشاری زیاتر بخەنە سەر ئەوان.

دەرکرانی ئەو بەیاننامەیە لە لایەن میرحوسێن مووسەوییەوە لەم هەرلومەرجەدا کە لەلایەک داواکانی خەڵک قووڵتر بۆتەوە و لەلایەکی دیکەوە پاوانخوازان دەیانەوێ بەوەڕێ خستنی سیناریۆی سووکایەتی کران بە ئایین و روونتر لەوەش نوێنەری خودا لە سەر زەوی واتە وەلیی فەقیهە پانتایی سەر کوت و فشارەکانیان بۆ سەر خەڵک و سیما ناسراوەکانی بزووتنەوە بەرینتر بکەنەوە، گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

مووسەوی بەر لەوەی پێشنیارەکەنی خۆی بۆ چارەسەر کردنی ئەم قەیرانەی کۆماری ئیسلامیی تێ کەوتوە بێنێتە گۆڕێ قامک لەسەر خاڵێکی زۆر گرنگ دادەنێ. ئەوش ئەوەیە کە خۆپێشاندانەکانی رۆژی عاشورا لەسەر داوای ئەو و هاوڕێیانی واتی کەڕووبی و خاتەمییەوە رێک نەخراوە و بانگەوازی بۆ نەکراوە.

مووسەوی لێرەدا دەیەوێ دەسەڵاتداران لەو راستییە بگەیەنێ کە بزووتنەوەی گۆڕانخوازانەی خەڵکی ئێران بەبێ ئەوانیش دەتوانێ درێژەی هەبێ. دیارە ئەم وتەیەی مووسەوی لە هەمان کاتیش دا بەواتای خۆدەرهاویشتنە لە بەرپرسایەتیی قووڵ بوونەوەی نارەزایەتییەکان و داواکانی خۆپیشاندەران کە ئەمجارەیان بە راشکاوی روویان لە رێبەرو سیستمی کۆماری ئیسلامی بوو لێک دە درێتەوە ئەوەش بە یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی ئەم بەیاننامەیەی مووسەوی لە قەڵەم دەدرێ. لێرە دا مووسەوی تەنانەت ئەم جۆرە دروشمانە بە زێدەرۆیی لە قەڵەم دەداو دەیگەڕێنێتەوە بۆ تووڕەیی خەڵک لە رەفتاری دڕندانەی هێزە سەرکوتکەرەکان. لە درێژەی بەیاننامەی ژمارە ١٧ی مووسەوی دا قامک لەسەر خاڵێکی گرنگی دیکە دانراوە: لەو بەشەدا مووسەوی روو لە دەسەڵاتداران دەڵێ: گریمان بە قۆڵبەست کردنەکان، توندوتیژییەکان، هەڕەشەکان بەستنی زاری رۆژنامەو راگەیەنەکان بۆ چەند رۆژێک بێدەنگیتان دروست کرد، گۆڕانی قەزاوەتی خەڵک لەسەر نیزام چۆن چارە سەر دەکەن؟ رووخانی رەوایی و مەشروعیەت چۆن قەرە بوو دەکەنەوە؟

ئەوەش نیشانەی ئەوەیە موسەویش لەوە گەیشتوە کە خەڵک رەوایی لەم نیزامە ئەستاندۆتەوە و سەرکوت و توندو تیژی و سانسۆر ناتوانێ خەڵک بێدەنگ بکا.

مەسەلەیەکی گرنگی دیکە کەمووسەوی لە بەیاننامەکەی دا ئاماژەی پێ کردوە بریتیە لە بوونی قەیرانێکی جیدی لە وڵات دا. ئەو روو لە دەسەڵاتداران دەڵێ تا بوونی قەیرانێکی ئەوتو ددانی پێدانەنرێ رێگایەک بۆ دەربازبوون لە گرفت و کێشەکان نادۆزرێتەوە و خۆدزینەوە لە قبووڵ کردنی بوونی ئەم قەیرانە، پاساوێکە بۆ درێژەدان بە رێگەچارە سەر کوتکەرانەکان. بەڵام ئاخۆ دەسەڵاتدارانی پاوانخوازی لە چەشنی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە بۆ داپۆشینی قەیرانی رەوایی خۆیان بە بەرچاوی هەموو جیهانیانەوە کودیتایان لە دەنگی خەڵک کردو خەڵکی ناڕازی بە توندترین و دڕندانەترین شێوە سەرکوت دەکەن، ئامادەن قبووڵ بکەن کە رێژیمەکەیان و وڵات لە قەیران دایە؟

موسەوی لە کۆتایی بەیاننامەی ژمارە ١٧ی خۆیدا بۆ چارەسەر کردنی ئەم قەیرانە پێنج ڕێگاچارە دەخاتە بەردەم کاربەدەستان کە برتین لە:

١- راگەیاندنی بەرپرسیاربوونی راستەوخۆی دەوڵەت لە بەرانبەر خەڵک و مەجلیس و دەسەڵاتی دادوەریدا بەچەشنێک کە دەوڵەت لە بەرانبەر کەموکووڕی و لاوازییەکانیدا پیشتیوانیی نابەجێی لێ نەکرێ و بۆخۆی بەرپرسی ئەو گرفتانە بێ کە بۆ وڵاتی درووست کردوە.
٢- دارشتنی قانوونێکی روون و متمانەبەخش بۆ هەڵبژاردنەکان
٣- ئازادیی بەندییە سیاسییەکان و گەڕاندنەوەی ئابڕوو و حەیسیەت بۆ ئەوان
٤- ئازادیی چاپەمەنی و راگەیاندن و ڕێگەدان بە بڵاوبوونەوەی رۆژنامە داخراوەکان
٥- بە رەسمی ناسینی مافی خەڵک بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەی قانوونی و حیزب و ڕێکخراو و پێبەندبوون بە ئەسڵی ٢٧ی قانوونی بنەڕەتی.

ئەم ڕێگا چارانەی موسەوی خستویەتە روو لە لایەن زۆربەی کەسایەتی و لایەنە سیاسییە چالاکەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران بە لانیکەمی داخوازەکانی بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران لە قەڵەم دراوە و تەنانەت ئەو رەخنەیەش هاتۆتەوە سەر موسەوی کە بە پارێزەوە ئەو بەیاننامەیەی نووسیوە. بەڵام بەو حاڵەش ئایا دەکرێ چاوەڕوان بین دەسەڵاتدارانی پاوانخواز لە پلەی یەکەم دا قبوول بکەن کە دەسەڵاتدارییەکەیان لە قەیران دایە و دواتر مل بە ڕێگاچارەگەلێک بدەن کە بە واتای پاشەکشێ لە بەرانبەر ویستی ئازادیخوازانەی خەڵک دایە؟ خامنەیی و دەسەڵاتدارانی پاوانخواز کە هەمیشە هەوڵیان داوە دەسەڵاتێکی یەکدەست لە ئێران دا دروست بکەن و بە گۆڕینی ئاکامەکانی دوایین هەڵبژاردنی سەرکۆماری توانیان ئەم خەونەیان وەدی بێنن و سەرجەم ئەهرۆمەکانی دەسەڵات وەربگرن، چۆن دەتوانن پشتیوانی لە دەوڵەتی ئەحمەدینژاد نەکەن، مەجلیسێک کە بە هیچ شێوەیەک نوێنەرایەتیی خەڵک ناکا چۆن دەتوانێ لە دەوڵەتێک کە لە رەنگی خۆیەتی بپرسێتەوە؟

سەبارەت بە قبووڵکردنی ڕێگاچارەیان داواکانی دیکەش هەر چەند وەک باس کرا لانیکەمی داخوازەکانی ئەمڕۆکەی خەڵکی ئێرانن و دەتوانن دەروازەیەک بن بۆ کرانەوە لە سیستمی تولتالیتاریی کۆماری ئیسلامی دا دەبێ بڵێین کە زۆر دوور لە چاوەڕوانییە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە ڕێژیمەکەیان لەسەر بنەمای کوشتنی ئازادییەکان و گوێ نەدان بە دەنگی خەڵک و تاک دەنگ کردنی فەزای سیاسیی ئێران دامەزراندوە بە هیچ شێوەیەک مل بۆ ئەم

داخوازییانە راکێشن. ئەوان سەرەڕای ئەوەی زۆربەی خەڵکی ئێران نایانهەوێن دەڵێن ئێمە نوێنەری خەڵکین و خوا ئێمەی بۆ خەڵک ناردوە.

بەم چەشنە لێرەدا ئەم پرسیارە دروست دەبێ کە ئەگەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی رەوایی لە دەست داوە و لە قەیران دایە و ئەگەر ئەم رێگا چارانەی موسەوی و بزووتنەوەی سەوز کە لانیکەمی داخوازەکانی گۆڕانخوازانی ئێرانی قبووڵ نەکەن، موسەوی بیر لە چ رێگاچارەیەکی دیکە دەکاتەوە؟ ئایا قبووڵ دەکا کە قووڵبوونەوەی دروشمەکان و داواکان پێوەندیی راستەوخۆی بە ریفۆرم هەڵنەگریی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠٠٩

## کۆنگرەی SI دەرفەتێکی دیکە بۆ دیپلۆماسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان

لە بیست و چوارەمین کۆنگرەی رێکخراوی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست(SI) دا کە چەند رۆژ لەمەوبەر لە شاری کیپ تاون پێتەختی بەڕێوەچوو دەستەی نوێنەرایەتیی چەند حیزبی کوردستانی لە نێویان دا دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەشدار بوون.

بێگومان بەشداری لە کۆنگرەکانی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست دا بۆ ئەو دەستەیە لە حیزبە سوسیال دیمۆکراتەکان کە لە وڵاتی خۆیان یان لە هەرێمێک لە وڵاتەکانیان دا لە دەسەڵات دان بەر لە هەر شتێک ئەرکێکی رێکخراوەییە. بەو واتایە کە پێویستە وەک ئەندام لە کۆنگرەدا بەشدار بن و ئەزموونەکانی ئەندامانی دیکەو راسپاردەکانی ئەم رێکخراوە جیهانییە بەرنەوە وڵاتانی خۆیان. بەڵام ئەم بەشدارییە بۆ حیزبە کوردستانییەکان ( جگە لەم لایەنە) بە شێوەیەکی گشتی زیاتر دەرفەتێکە بۆ چەشنێک لە دیپلۆماسی و دروست کردن و پتەوکردنی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ سیاسەتکاران و حیزبە سوسیال دیمۆکراتەکانی وڵاتانی جۆراوجۆری دنیا. دیارە ئامادەبوون لەم کۆڕوکۆبوونەوە نێونەتەوەییانەدا بۆ حیزبە کوردستانییەکان - جگە لە باشووری کوردستان - دەتوانێ دەرتانێکیش بێ بۆ لاقاودانی سیاسەتەی ستەمکارانەو سەرەڕۆیانەی حکومەتەکانی زاڵ

بەرسەر نیشتمانەکایەن داو روونکردنەوە ئامانجە سیاسییەکانیان.

بە بڕوای من ئەم لایەنەی بەشداریی حیزبە کوردستانییەکان - کە ڕەنگە بۆ هەمووان وەک یەک نەبێ - گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەوەش بەر لە هەر شتێک لەو راستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەرفەتەکانی دەستڕاگەیشتنی کەسایەتییە سیاسییەکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی بە کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان، کە زیاتر وڵاتان دەستیان پێی رادەگا، زۆر سنووردارە. بۆیە دەکرێ بڵێین بەشداریی چالاکانە لە دەرەتانگەلیکی وەک کۆنگرەی SIدا بەتایبەت لە بواری دیپلۆماسی دا بە دەسکەوتێکی پڕ بایەخ دەژمێردرێ.

ئەگەر لەم روانگەیەوە بڕوانین دەکرێ بڵێین دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بە سەرۆکایەتیی سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە لەم کۆنگریەدا بەشدار بوو، توانیویەتی لە ئاستێکی شیاودا بدرەوشێتەوە. ئەوەش بۆ سێ هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەم، بایەخدانی ئەم حیزبە بە دیپلۆماسی و دەرکەوتن لە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دا. دووەم، توانای دیپلۆماسیی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان. سێیەم، کەلکوەرگرتن لە ئەزموونی بەشداری لە کۆنگرەکانی پێشووتری SI دا.

لە کۆنگری ٢٤ی SI دا دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان جگە لەوەی توانی لە پەراوێزی دانیشتنەکان دا لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە سیاسییەکان و ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبە سوسیال دیموکراتەکانی بەشدار لە کۆنگرەدا دیدار بکا، توانی دەرفەتێکیش بۆ قسەکردن لە کۆڕی ئەندامانی کۆنگرەش دا وەدەست بێنێ.

بەڕێز خالید عەزیزی لە پەیامێک دا کە لە یەکەم دانیشتنی ڕۆژی سێیەمی کۆنگرەدا پێشکەشی کرد لە پێوەندی لەگەڵ کوردو پرسەکەی دا توانی ئاماژە بە چەند خاڵی گرنگ بکا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکرات لە وتەکانی دا لەگەڵ ئەوەدا تیشکی خستە سەر مێژووی خەبات و تێکۆشانی مۆدێرن و ئۆرگانیزەکراوی نەتەوەی کورد لە سێ چارەکە سەدەی رابردوودا پێناسەیەکیشی لە ئامانج و بەها سەردەمیانەکانی بزووتنەوەی کورد خستەروو. هەر لە ژێر رووناکایی ئەم فاکتانەش دا ئاماژەی بە تواناو پوتانسیەلی نەتەوەی کورد لەم پێوەندییەدا کردو پێداگریی لەسەر ئەوە کردوە کە کورد دەتوانێ وەک فاکتۆرێکی

بەهێز دەوری لە ئاڵوگۆڕەکان دا هەبێ.

عەزیزی لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا ئەو خاڵە گرنگەی هێنایە گۆڕێ کە پێویستە سوسیال ئینتێرناسیۆنال و ئەندامانی تواناکانی خۆیان بە قازانجی جێگیربوونی بەهاکانی وەک دیمۆکراسی، دادپەروەری، مافی مرۆڤ و ئاشتی لە ئاڵوگۆڕەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست دا بخەنەگەڕ.

سیاسەتی سەرکوتکارانەو دژە ئازادیی کۆماری و سەرکوتی سیستماتیکی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، رۆژنامەنووسان و چالاکانی مافی مرۆڤی کوردو بەتایبەت ئەو دۆخی نالەبارو داخهێنەری محەمەد سدیق کەبوودوەند لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا یەکێکی دیکە لە تەوەرە سەرەکییەکانی وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی لەم کۆنگرەیەش دا پێکهێنابوو.

لە کۆتایی دا بە وەبیرهێنانەوەی ئەو شتانەی لە سەرەوە گوتران دەتوانین بڵێین کە بەشداریی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە یەکێک لە دەسکەوتە دیپلۆماتیکەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەژمێردرێ. دیارە ئەم دەسکەوتەش لە پێش دا بەری رەنج و ماندووبوونی رێبەرانی شەهیدی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەمران قاسملوو و شەرەفکەندی و تێکۆشەرانێکی وەک عەبدوڵڵا حەسەنزادەو خالید عەزیزی و ژمارەیەکی دیکە لە تێکۆشەرانی بواری دیپلۆماسیی بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دیمۆکراتە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

## شیکارییەکی رێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵی رۆژهەڵاتی کوردستان

رێوڕەسمەکانی ئەمساڵی شارو گوندەکانی کوردستان هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندین کە لە جۆری خۆیاندا بێوێنەن، بۆیە شایانی ئەوەن لە روانگەی جۆراوجۆرەوە بخرێنە بەر سەرنج و شیکاری بکرێن. بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو رێوڕەسمانە دەتوانین لەم چەند خاڵەدا بەدی بکەین. ئەو رێوڕەسمانە لە باری

جوغرافییاییەوە بەربڵاوتر، لەباری بەشدارییەوە بەرفراوانتر، لەباری نێوەرۆکەوە هەڵگری پەیامی شوناسخوازی و سیاسی بوون . دیارە پێویستە ئەوە بگوترێ هێندێک لەو تایبەتمەندییانە لە بەشێک لە ڕێوڕەسمەکانی ساڵانی پێشتریشدا هەبوون. هەر بۆیە هەر چەشنە خوێندنەوەیەک لە ڕێوڕەسمەکانی ئەمساڵ بە بێ ئاوڕدانەوە لە نەورۆزەکانی ساڵانی پێشوو خوێندنەوەیەکی ناتەواوە. چونکە لە ڕاستی دەکرێ بڵێین ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ساڵانی پێشوو بوونە مۆدێل بۆ ڕێوڕەسمەکانی ئەمساڵ. دیارە لەم نێوەدا دەکرێ بەڕوونی ئاماژە بە  بە مۆدێلکردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە شارۆچکەی ڕەبەت و چەند گوندی دەوروبەری بکەین.

## بەشداریی بەرفراوانتر

بەشداریی بەرفراوانترو جەماوەریتر یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەم ساڵە کە کارتێکەریی ڕاستەوخۆی لە سەر بیچم گرتنی تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمانە هەبووە. چونکە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان لەم فۆرمەدا لانیکەم لەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەم ڕێوڕەسمانەیان لەم ئاستەدا تێدا بەڕێوەدەچێ، پێشینەیەکی ئەوتۆی، لانیکەم لە مێژووی نزیک، دا نییە. ئەگەر بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە، بۆ وێنە بۆ ٧٠ - ٦٠ ساڵ لەمەوبەر کە شارنشینی لە کوردستان گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردبوو، دەتوانین بڵێین نەورۆز و سەری ساڵی نوێی هەتاوی زیاتر لە  کۆمەڵێک نەریتی کۆندا ڕەنگی دەدایەوە. بۆ وێنە: ئاگرکردنەوە، ئەویش نەک بەشێوەی بەکۆمەڵ، کۆمەڵێک یاریی تایبەت کە ڕەنگە ئەوانیش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەک جیاوازییان هەبووبێ. ئەم نەریتە نەورۆزییانە کە لە ئەدەبیاتی زارەکی و نووسراودا ڕەنگدانەوەیان هەبووە پێ بە پێی گەشەی شارنشینی و پەرەسەندنی میدیاو ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا بەرەو کاڵبوونەوە چوون.

ئەگەر بەم پێش زەمینە مێژووییەوە بڕوانینە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی کە  کۆمەڵانی خەڵک تادێ بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لەواندا بەشداری دەکەن، هەست بە وەرچەرخانێکی گەورە دەکەین. بەشداریی جەماوەریی لە بۆنەیەکی نەتەوەییدا  نیشانەیەکی بەرهەستی گەشە ی شوناسی کۆیی (کوردبوون) لە ناخی تاکی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان  دایە. واتە تاکی کورد دەیەوێ بە بەشداری لە ڕێوڕەسمی ئەو بۆنەیەدا هەم تەعبیر لە شوناسی کۆیی خۆی بکاو هەمیش چێژ لە شادییەکانی ئەم بۆنەیە وەرگرێ. لە حاڵێکدا لەو ساڵانەدا کە ئەم جۆرە ڕێوڕەسمانە نەبوون تاکەکان زۆرتر بە شوێن ئەوەوە بوون لە ئاستی تاک یان بنەماڵەییدا چێژ لەم

بۆنەیەو نەریتەکانی وەرگرن.

بەشداریی بەرفراوانی خەڵکی ژمارەیەک لە ناوچەکانی کوردستان لەم ڕێورەسمانەدا لەم هەلومەرجەدا کە دەرفەتەکانی دەرکەوتنی پوتانسێلی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵات لە ئاکامی فشارە ئەمنیەتییەکاندا زۆر بەرتەسکن گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

## بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بە زمانی کوردی

دەرکەوتنی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و تیپ گەلی مۆسیقی و هەڵپەرکێ کە مێژوویەکی زیاتر لە پازدە ساڵە و بگرە زیاتریشیان هەیە، بە نۆرەی خۆیان کارتێکەرییەکی بەرچاویان لە خوڵقانی ئەم چەشنە ڕێوڕەسمانەدا هەبوە. ئەم کارتێکەرییە هەم لەسەر لایەنی ڕێکخستن و هەم لەسەر نێوەرۆکی بابەت و بەرهەمە پێشکەشکراوەکان و تەنانەت لەسەر نەزم و دیسیپلینێک کە ڕێوڕەسمەکان هەیانە بەڕوونی هەست پێدەکرێ.

پێشکەشکرانی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بە زمانی کوردی بە نێوەرۆک و پەیامی نەتەوەییەوە لەلایەن ئەدیبان و هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ڕێوڕەسمەکان دا، یەکێک لە ئاماژە هەرە دیارەکانی ئەو ڕاستییەیە کە سیاسەتی تواندنەوەی فەرهەنگی کە لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوییەوە تا ئێستا درێژەی هەیە، لەوانەیە توانیبێتی زەبری لە زمان و فەرهەنگی کوردی دابێ، بەڵام لە هێنانەدی ئامانجەکانی دا ناکام ماوەتەوە. ئەوەش کە لەم ڕێوڕەسمانەدا بەڕوونی بەدی دەکرێ بریتییە لە هەوڵێکی بەرین لە پێناوی بوژانەوەی زمان و فەرهەنگی کوردی و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگیی حکومەتەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی.

## نێوەرۆکی بەرنامەی ڕێوڕەسمەکان

زۆربەی ڕێوڕەسم نەورۆزییەکان لە باری نێوەرۆکەوە جگە لەلایەنی فەرهەنگی و ئەدەبی هەڵگری پەیامی نەتەوەیی و سیاسییش بوون. ئەوەش یەکێک لەم تایبەتمەندییانەیە کە پێناسەیەکی جیاوازتر لە ڕێوڕەسمێکی فەرهەنگی بەم ڕێوڕەسمانە دەبەخشن. دیارە ئەگەر بمانەوێ بەدوای هۆکارەکانی دروست بوونی ئەم جیاوازیی پێناسەیە دا بگەڕێن، بەم ئاکامە دەگەین چەند هۆکار دەتوانن ئەم جیاوازییانەیان دروست کردبێ. یەکێک لەم هۆکارانە ئەو ستەمە سیاسییە مێژووییە، کە ئێستا پێ بە پێی بەرەوژووچوونی وشیاریی نەتەوەیی و سیاسیی

خەڵکی کوردستان  بە قووڵاییەکی زیاترەوە هەست پێدەکرێ. ئەگەر هەر لەم پێوەندییەدا بەراوردێکی نەورۆز لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ باشوورو باکوور یان ڕۆژئاوای کوردستان بکەین، دەبینین وێکچوونەکان لە نێوان پارچە ژێر ستەمەکاندا زۆرتر خۆدەنوێنێ. واتە نەورۆز لە پارچە ژێر ستەمەکاندا بارێکی سیاسیتری هەیەو بەجۆرێک ڕاڤە لە ویست و یەکگرتوویی نەتەوەیی دەکا، بەڵام لە باشوور زۆرتر بارێکی کلتووری هەیە.

لە نێوەرۆکی پەیامەکانی ئەم ڕێورەسمانە دوو پەیامی سەرەکی بە زەقی خۆیان دەنواند:

یەکەم، پەیامێک کە دەربڕی ئیرادەی نەتەوەیی بۆ ئازادی و سەربەستی بوو.

دووەم، ویستی یەکیەتی و یەکریزی خوازی کە رووی لە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

## بەشداریی خەڵکی شارەکان لە ڕێوڕەسمی شارۆچکەکان و گوندەکاندا

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گەشەو پەرەگرتن کەمبوونەوەی مەوداو جیاوازیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی نێوان شارو گوندە. بۆیە بەشداریی خەڵکی شارەکان لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی گوندەکان، لە لایەک نیشانەیەکی گەشەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لەلایەکی دیکەوە نیشانەی کۆکبوونی خەڵک لەسەر خاڵە هاوبەشە نەتەوەییەکانە. لەم بارەیەوە تەنانەت لە چەند نموونەدا شایەدی بەشدارییەکی بان ناوچەییشین. بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی شارو ناوچەکانی پارێزگای ورمێ و سنەو کرماشان لە ڕێورەسمی شارۆچکەی ڕەبەت و سەیرانگەکانی ناوچەی مەریوان لەو نموونانەن.

دیارە ئەوە کە ڕێوڕەسمەکان زۆرتر لە گوندەکان و شارۆچکەکان بەڕێوەدەچوون دەتوانێ ئەم هۆکارەی هەبێ: دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بەپێی ئەو ترسە کە لە ناڕەزایەتیی خەڵکیان هەیە، بە هەرچەشنە کۆبوونەوەیەکی خەڵک هەستیارن،  بۆیە مۆڵەت بە بەڕێوەچوونی ئەم چەشنە ڕێوڕەسمانە لە شارەکان و بەتایبەت لە شارە گەورەکان نادەن.

## بەشداریی ژنان

بەشداریی بەرچاوی ژنان لە ڕێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ دا یەکێکی دیکە لە لایەنە گرنگەکانی ئەم ڕێورەسمانە پێک دێنێ. بەشداریی ژنان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم ڕێوڕەسمانەدا، واتە پێشکەشکاری، سروودو

گۆرانی و هەڵپەڕکێ بە یەکێکی دیکە لە نیشانەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها رۆڵگێڕانی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا لە قەڵەم دەدرێ.

جگە لەمانە بەشداریی ژنان نیشانەیەکی دیکە زیندوویی کولتوری ریشەداری کۆمەڵگەی کوردەوارییە. کولتوورێک کە بەم هۆیە کە بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دەوروبەر دەرفەتی زیاتری بە بەشداریی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکان داوە، تایبەتمەندییەکی بۆخۆی خوڵقاندوە.

ئەگەر لە روانگەیەکی سیاسییشەوە بڕوانین بەشداریی ژنان بە جلوبەرگی رەسەن و رازاوەی کوردییەوە لەم رێوڕەسمانەدا، نیشانەیەکی ئاشکرای شکستی سیاسەتی هەڵاواردنی رەگەزی و سیاسەتی حیجابی زۆرەملیی کۆماری ئیسلامییە لە کوردستان. دەزانین کە ئەم دەسەڵاتە لە ساڵانی دووروودرێژی تەمەنی دا بە هەموو توانایەوە هەوڵی داوە کولتووری کۆنەپەرستانەو دژە ژنی خۆی بەسەر کولتووری رەسەنی کوردەواریدا زاڵ بکاو تەنانەت هەڵپەڕکێ و رەشبەڵەک کە یەکێک لە دابونەریتە رەسەنەکانی کوردە لە رێوڕەسمە بنەماڵەییەکان و زەماوەندەکانیشدا قەدەغە یان ژنانەو پیاوانە بکا.

## رێکوپێکی و نەزم

خاڵێکی بەرچاو کە بە زەقی خۆی دەنواند ئەو نەزم و رێکوپێکییە بوو کە لە زۆربەی رێوڕەسمانەدا بەدی دەکرا. ئەم خاڵە لەم بارەیەوە گرنگە کە یەکەم ئەزموونەکانی بەرێوەبردنی ئەم جۆرە رێوڕەسمانە کەمەو، دووەم ئەوە کە ئەو رێوڕەسمانە تەنیا بە چاوەدێریی ژمارەیەک لە بەشداران بەرێوەچوون. دیارە ئەم نەزم و رێکوپێکییە لەگەڵ ئەوەدا نیشانەی پێگەیشتووی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستانە، لە هەمان حاڵدا دەشگەڕێتەوە بۆ ئەم بایەخەی خەڵک بۆ نەورۆزی دادەنێن.

## مۆدێلسازی و کارتێکەریی تلویزیۆنە کوردییەکان

ئەوەی پێی دەگوترێ مۆدێلهەڵگرتنەوە لە میدیای بینراوی کوردی، لە رێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەم ساڵ و ساڵانی پێشووی رۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێ. ئەم مۆدێلانەش بریتین لەو مۆدێلانەی میدیاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە، دەیگوازنەوە بۆ بینەرانیان لە رۆژهەڵات و ئەو مۆدێلانەی میدیاکانی

باکووری کوردستان لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی چەند ساڵی رابردووی شارەکانی ئەو پارچەیە نیشانی بینەریان داوە. دیارە هەر دووی ئەو مۆدێلانە بەو پێیە کە وێکچوویی زۆریان لە نێواندا هەیە توانیویانە زۆرترین کارتێکەرییان هەبێ.

ئەگەر بۆ وێنە بمانەوێ نیشانەکانی مۆدێلی تلویزیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم ڕێورەسمانەدا بدۆزینەوە، پێویستە ستایل، ڕێزبەندی و نێوەرۆکی بەرنامەی ڕێوڕەسمەکان لەگەڵ ئەوەی ناومان ناوە مۆدێلی تلویزیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی بەراورد بکەین. لەم بەراوردەدا تەنانەت دەبینین شێوەیەک لە جلوبەرگی کوردی کە ئەویش لە ڕێگەی میدیاوە بۆتە مۆدێل خەریکە برەو پەیدا دەکا.

بێجگە لەوە بەشێک لە تلویزیۆنە کوردییەکان لەم ساڵانەدا بە هاندانی خەڵک بۆ پێکهێنانی ڕێوڕەسمی بەرفراوانی نەورۆزی و هەروەها بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان توانیویانە لە باری هاندانی خەڵکەوە کارتێکەرییان هەبێ. لەم بارەیەوە دەتوانین ئاماژە بەم ڕکەبەرییە سالمە بکەین کە لە نێوان دانیشتوانی بەشێک لە گوندەکاندا دروست بووە.

## هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی

هەڵوێستی ئەم ساڵی دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بریتی بوو لە خۆپاراستن لە بەرەوروبوونەوە لەگەڵ خەڵک لە شارۆچکەو گوندەکان دا لەلایەک و ڕێگەگرتن لە پێکهاتنی ڕێورەسمە نەورۆزییەکان لە شارە گەورەکان لەلایەکی دیکەوە. دیارە ناکرێ هۆکارەکانی ئەو لانیکەمی نەرمینواندنە بۆ گۆڕانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە بۆنە کەونارو نەتەوەییەکان، ئەویش لە کوردستان بگەڕێنینەوە. چونکە بەدڵنیاییەوە دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە دەزانن نەورۆز لە کوردستان لە چوارچێوەیەکی سەرووتر لە بۆنەیەکی کلتووری لێیدەڕوانرێ.

بۆیە ئەوە کە لە بەرانبەر بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمانە لە گوندەکان و پەراوێزی هێندێک شارو شارۆچکە جۆرێک سەختگیرییەکی ئەوتۆیان نەنواندوە، زیاتر باری ناچاریی هەبووە. ئەوان بە هەڵسەنگاندنێک کە لە پوتانسێلی ناڕەزایەتی و مافخوازیی خەڵکی کوردستان کردوویانە، پێیان وایە ئەگەر بیانەوێ هیچ دەرەتانێک بۆ

بەرێوەچوونی ئەم ڕێورەسمانە نەهێڵنەوە، بە ئەگەری بەهێز لە ڕۆژانی نەورۆزدا تووشی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ ناڕەزایەتیی خەڵک دەبنەوە.

روونە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی باش لەم راستییە ئاگادارن رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵک ئەویش لە بۆنەیەکی نەتەوەییداو لەم هەلومەرجە نێونەتەوەییەدا کە کۆماریی ئیسلامیی تێدایەو بەتایبەت دوای هەڵبژاردنی مەجلیسی نۆیەم کە ئیدیعایان کرد خەڵک بە بەشداریی خۆیان رەواییان بە کۆماری ئیسلامی داوەتەوە، دەتوانێ زیانبار بێ. لانیکەمی زیانەکانیشی ئەوەیە کە راست ئەم ئیدیعایەی ئەوان لە بارەی بەشداریی بەرفراوانی خەڵک و ئەو ئاکامگیریانەی کە ئەوان لەو پێوەندییەدا کردوویانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

جگە لەمانە ئەو دۆخەش کە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا کۆماری ئیسلامیی تێکەوتوە، ناتوانێ لەمبارەیەوە کارتێکەریی نەبێ. چونکە ئەزموون دەریخستوە هەر کات دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کەوتۆنەتە ژێر فشاری دەرەکی، ناچاربوون فشاری سەر خەڵک تارادەیەک کەم بکەنەوە.

## داهاتوو

هەرچەند دەسەڵاتدارانی کۆماری لەوەدا کە توانیویانە ڕێورەسمە جەماوەرییەکانی نەورۆز لە ناوەندە حەشیمەتییەکان دوور بخەنەوەو بەم چەشنە لە کاردانەوەی زیاتری پوتانسێلی ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کەم بکەنەوە. بەڵام بەو حاڵەش ئەوەی لەم نێوەدا وەدەست خەڵک کەوتوە بە بەرەوپێشچوونێک لە خەباتی مەدەنیدا دەژمێردرێ. بۆیە چاوەڕوانیی ئەوە کە لە داهاتوودا بەربەست لەبەردەم بەرەوپێشچوونی خەباتی مەدەنی و هێمنانەی خەڵک ئەویش لە بۆنەگەلێکی نەتەوەیی وەک نەورۆزدا دروست بکرێ، چاوەڕوانییەکی بێ بنەمایە. لە بەرانبەردا چاوەڕوانیی لۆژیکی ئەوەیە هەروەک ئەمساڵ خەڵک لە رووبەرێکی جوغرافیایی بەرینترو بە بەشدارییەکی بەرفراوانتر لە ساڵانی پێشوو ئەم ڕێورەسمە نەتەوەییەیان بەڕێوەبرد، لە ساڵانی داهاتوودا بتوانن لە بەشێکی زیاتر لە پوتانسێلی نەتەوەیی خۆیان کەلک وەرگرن.

**لە ژمارە ٥٨١ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی ئەپریلی ٢٠١٢**

# «کوردستان»، رۆژنامەیەکی ٦٧ ساڵە

٦٧ ساڵ لەوەپێش پێی لە جێ پێی یەکەم رۆژنامەی کوردی دانا و راست بەو ناوەوە واتە »کوردستان» بووەتە زمانحاڵی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و دواتریش کۆماری کوردستان، یەکەم دەوڵەتی مۆدێرنی کوردی. بەم چەشنە بەکردەوە بووەتە درێژەپێدەری ئەو رێگا پیرۆزەی میقداد مەدحەت بەدرخان رێچکەی شکاند. لە دوای هەرسهێنانی کۆماریشەوە سەرەڕای دژواریی مەیدانەکانی تێکۆشان و مەترسی و هەڕەشە یەک لە دوای یەکەکان وەک زمانحاڵی حیزبی دامەزرێنەری کۆمارو بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، تا ئێستا هەروا بە بڕشت لە نێو جیهانی میدیادا درێژە بە ژیانی خۆی دەدا. «کوردستان» وەک بڵاوکراوەیەک کە لەو سەردەمە زێڕینەوە درێژەی بە کاری خۆی داوە، هەڵگری چەند رەساڵەتی زۆر گرنگ و هێندێک تایبەتمەندییە کە دەتوانین بڵێین لە زۆربەی رۆژنامەو بڵاوکراوە کوردییەکانی جیا دەکاتەوە. بە دەرچوونی ژمارە ٦٠٠ی دەوری سێیەم، «کوردستان» پێدەنێتە شەست و هەشتەمین ساڵی تەمەنی.

### بەرهەمی سەردەمی زێڕینی رۆژنامەنووسیی کوردی

رۆژنامەی «کوردستان» پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە وەک بڵاوکەرەوەی بیری ئەم حیزبە چاپ و بڵاو کرایەوەو جێگای گۆڤاری «نیشتمان»ی گرتەوە کە پێش دامەزرانی ئەم حیزبە بە شێوەی مانگانە لەلایەن کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ.ک)ەوە بڵاو دەکرایەوە. هەروەک دواتریش دەردەکەوێ، رێبەرانی ئەم حیزبە کە دواتر دەبنە رێبەرانی کۆماری کوردستان گرنگییەکی تایبەت بە بواری فەرهەنگ و رووناکبیری دەدەن. سەرەڕای ئەوەی ئاستی خوێندەواری زۆر نزم بووە و تەنانەت خوێندەوارەکانیش زۆر بە دەگمەن ئەزموونی کوردی نووسین و کاری رۆژنامەنووسییان بوە، بەو حاڵەش لە ماوەی کورتی تەمەنی ئەم حکوومەتەدا شۆڕشێکی بەتەواو مانا لەم بەستێنەدا وەڕێ دەخەن. بۆیە هەر وەک لەمێژە گوتراوە ئەم سەردەمە بە بەراورد لەگەڵ پێش خۆی و تەنانەت دەیان ساڵ دواتریش بە سەردەمی زێڕینی رۆژنامەنووسیی کوردی دەژمێردرێ.

«کوردستان» لە سەردەمی کۆماردا لەگەڵ ئەوەدا کە بە ئیمکاناتێکی کەم چاپ دەکراو لە رووبەرێکی جوغرافیایی بەرتەسک دا بڵاو دەکرایەوە، دەتوانین بڵێین دەورێکی زۆر بەرچاو و دەگمەنی لە بڵاوکردنەوەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی دا هەبوو. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەم بارەیەوە دەڵێ:» رۆژنامەی کوردستان بە بێ شک هەم لە

گەیاندنی بیروباوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا (کە ئەو وەختی ناویشی ئۆرگان نەبوو ناوی بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو) و هەم لە پەرەپێدانی وشیاریی سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵانی خەڵک دا نەقشێکی زۆر باشی هەبوو. لە عەینی حاڵ دا مەجالێکیش بوو بۆ ئەو شاعیرو ئەدیب و نووسەرانە کە عەلاقەش و تواناشیان هەبوو بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی بێننە سەر کاغەز و بڵاوی بکەنەوە کە تا ئەو وەختی زۆر دەرەتانیان کەم بوو مەگەر جاروبار ناردبایان بۆ کوردستانی گەرمێن بۆ ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە لە باشووری کوردستان دەردەچوون. بە بێ شک دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ کورد هەتا پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان بڵاوبوونەوەی نیشتمان یا بڵاوبوونەوەی گۆڤاری «کوردستان» بۆ ئەو بەشەی کوردستان دەسکەوتێکی گەورە بووە.»(کوردستان ژ. ٥٠٠، ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٨٧).

## زمانحاڵی کۆماری کوردستان

بێگومان ئەگەر تەمەنی کۆمار درێژتر بوایە ڕۆژنامەی «کوردستان» و باقیی بڵاوکراوە کوردییەکانی ئەو سەردەمە هەم دەیانتوانی زیاتر گەشە بکەن و بەرەو کاری پرۆفیشناڵی بڕۆن و هەم دەیانتوانی کارتێکەرییەکی زۆر زیاتریان لە پەرەپێدانی وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشبردنی زمان و فەرهەنگی کوردی دا هەبێ. بەڵام بەوحاڵەش ئەو بەرهەمانەی لەو ١١٣ یان بە واتایەک ١١٤ ژمارەیەی»کوردستان» بڵاوکراوەکانی دیکەی وەک گۆڤاری نیشتمان، هەڵاڵە، گڕوگاڵی منداڵان و ... دا بڵاو بوونەوە وەک گەنجینەیەکی پڕ بەها لە بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردی و زمانەوانی و مێژوویی دا چاویان لێدەکرێ.

لەو سەردەمەدا ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ڕاستی دا زمانحاڵی کۆمار بوو. ئەوەش یەکێک لەو تایبەتمەندییە گرنگانەیە کە بارێکی مەعنەوی پێبەخشیوە و هەر لەو کاتەدا کردوویەتە هەڵگری ڕەساڵەتێکی مێژوویی. ڕەسالەتێک کە دوای کۆماری کوردستانیش نەک هەر کۆتایی نەهاتوە، بەڵکوو داوی تێپەڕینی ١٣٦٧ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژانەدا کە لە پێتەختی حکومەتی کوردستان (مەهاباد) چاپ و بڵاو دەکرایەوە هەروا لە جێگای خۆیەتی. ئەو ڕەسالەتەش بریتیە لە بڵاوکردنەوەی بیروڕای حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بیرو وشیاریی نەتەوەیی و پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی.

## فێرگەی زمان

یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی «کوردستان» بریتییە لەو زمانە رەسەن و پاراوە کە هەر لە سەرەتاوە تێیدا باڵادەست بووە و دواتر بە هیمەتی ئەو قەڵەمە بە بڕشتانەی لە سەردەمیکۆمار و دەورەکانی دواتردا تێیان دا نووسیوە لە باری زمانەوە دەوڵەمەند و دەوڵەمەندتر بووە. جیاواز لەمە، زمانی ئەم رۆژنامەیە هەر ئەو زمانە فەرمییە بووە کە لە قوتابخانە و دامودەزگاکانی حکوومەتی کۆماری کوردستان دا باو بووە. ئەوەش »کوردستان»ی کردۆتە میراتگری زمانی فەرمیی کۆمار و لە سایەی ئەویش دا بە چەشنێک بۆتە سەرچاوەیەکی جێگای متمانە بۆ نووسەران و شاعیران و هەروەها بۆ ئەوانەش کە ویستوویانە فێری رێنووس و رێزمانی کوردی بن. لە پێوەندی لەگەڵ کارتێکەریی زمانی نووسینی «کوردستان»دا مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە کە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دەوری سێیەمی ئەم رۆژنامەیەیە دەڵێ: «تەنانەت لە باری زمانەوە ناوی دەرکردبوو، یانی خەڵک دەیاننووسی (نەک ئێمە بنووسین)، ئەدیبەکانی باشووری کوردستان دەیاننووسی دەبێ زمانی «کوردستان» بکرێتە نموونەی نووسینی کوردی لە حاڵێک دا لە چوار لاپەرە دا دەردەچوو.» (سەرچاوەی پێشوو)

بۆیە لەوانەیە ئەم قسەیە لە جێی خۆی دابێ کە زمانی نووسینی ئەم رۆژنامەیەو نووسەرانی قوتابخانەی رۆژنامەنووسیی کۆماری کوردستان زۆرترین کارتێکەرییان لە سەر زمانی نووسین لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەجێهێشتوە.

### قوتابخانەی پێگەیاندن

«کوردستان» سەرەڕای سەرجەم ئەو دژوارییانەی دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم کردوون، بەو پێیە کە لە هەموو قۆناغەکان دا هەمیشە خاوەن خامەی بە بڕشت و لێهاتووی لە پشت بووە، قوتابخانەیەکیش بووە هەم لە نێو دەستەی نووسەران و هەم لە نێو خوێنەرانی دا یارمەتیی بە پێگەیاندنی نەوە لە داوی نەوە لە کەسانی خاوەن بەهرە لە زۆربەی بوارەکانی نووسین دا کردوە. کەم نین ئەو کەسانەی لە سایەی کارکردن لەم رۆژنامەیەدا یان هاوکاری کردن لەگەڵی ئەمڕۆکە بە نووسین، وەرگێران و بەرهەمەکانیان لە بواری میدیا و رووناکبیری دا ناویان دەرکردوە و بوونەتە سەرچاوەی خزمەتی بەنرخ بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی.

### بەردەوامی لە دژوارترین هەلومەرجەکان دا

«کوردستان» لە نێو ئەو رۆژنامەو بڵاوکراوانەدا کە ئێستا لە هەموو پارچەکانی کوردستان بڵاو دەبنەوە کۆنترین و بەردەوامترین رۆژنامەیە. «کوردستان» لەم ماوە دوورودرێژەدا کە بەسەر هەرەسهێنانی کۆمار دا تێدەپەڕێ بە ئیلهام وەرگرتن لەو رەسالەتە مێژووییەی کەوتۆتە سەرشانی، سەرەڕای دژواریی مەیدانی تێکۆشان هەروا پێداگرو پشوودرێژ، هەرچەند بە شێوەی پچڕپچڕ، درێژەی بە تێکۆشان داوە. لە نێو ئەشکەوت، لە نێو جەرگەی مەترسییەکان دا ئامادەو چاپ کراوە یان لە تاراوگە  زۆر جار بۆ چاپی ژمارەیەک پێتەختی چەند وڵاتی کردووەو سەرەنجام  بە نهێنی گەیەنراوەتە دەست خوێنەرانی. هەر بۆیە نێوەرۆک، مێژووی چاپ و بڵاوبوونەوەی لەو چەند دەیەی رابردوودا و بیرەوەریی تێکۆشەرانی ئەم رۆژنامەیە (دەستەی نووسەران و کادری چاپ)و هەروەها خوێنەران و ئەو کەسانەی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکان دا بە نهێنی ئەم رۆژنامەیەیان بڵاوکردۆتەوە یان لەسەر راگرتن و خوێندنەوەی تووشی ئازارو زیندان بوون، دەتوانن ببێنە سەرچاوەیەکی بە نرخ بۆ لێکۆلەرانی مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستان و رۆژنامەنووسیی کوردی.

## نوسخەی فارسی

«کوردستان» بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان بەو بەشە لە خوێنەرانی کورد کە لە ئاکامی سیاسەتی ژینۆسایدی فەرهەنگیی حکوومەتە ناوەندییەکانی ئێران دا توانای کوردی خوێندنەوەیان نەبووە و هەروەها نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە بەشێکی بەرچاوی دەوری سێیەم دا هەوڵی داوە بە زمانی فارسییش بڵاو بێتەوە. بڵاوبوونەوە بە زمانی فارسی لەم دەورەیەدا لە ساڵانی پێش شۆڕشی ١٣٥٧ لە چوارچێوەی پاشکۆیەکی ٢ تا ٤ لاپەڕی دابووە و لە قۆناخی دواتریش دا هەرچەند لە ساڵانی سەرەتادا شێوەیەکی رێکوپێکی نەبووە، بە شێوەی نوسخەی سەربەخۆ و هاوکات لەگەڵ نوسخەی کوردی چاپ کراوە.

## لە چاوەڕوانیی ویترینەکانی رۆژنامەفرۆشی دا

ئەم رۆژنامەیەی کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا بە پیتی پۆڵایین چاپ دەکراو لە قۆناغەکانی دواتردا دوور لە چاپخانەو دەزگاکانی چاپ تەنانەت بەشێوەی دەستی و رۆنیۆو... چاپ دەکراو بە نهێنی دەگەیشتە دەست خوێنەرانی، ئەمرۆ لە سایەی تێکنۆلۆژیی جیهانداگری دیجیتاڵ و رایەڵەی بە شێوەی دیجیتاڵی و تارادەیەک بە دوور لە مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی دەستاو دەست لەبەر دەست خوێنەرانی دایە. بەڵام ئەمە »کورستان« رازی ناکا، چاوەڕوانە لە سەر ویترینی رۆژنامەفرۆشییەکان دا خۆی ببینێتەوە...

لە ژمارە ٦٠٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا (ژمارەی تایبەت) بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی جانێوێری ٢٠١٣

## هەڵبژاردنی سەرکۆماری و دەرفەتەکانی بەردەم

### دۆخی پێش هەڵبژاردن

هەڵبژاردنی خولی یازدەیەمی سەرکۆماریی ئێران لە هەلومەرجێکی بەتەواوی جیاواز لە هەڵبژاردنی خولی پێشوودا بەڕێوە چوو. لە ئاستی نێوخۆییدا دەوڵەتی ناخەڵکی، بەڵام جێگای متمانەو پشتیوانیی بێئەملاوئەولای ڕێبەری نیزام بەهۆی ناکارامەیی و کەوتنەململانە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دیکەو تەنانەت وەلیی فەقیهیش، دۆخی وڵاتی لە هەموو بوارەکاندا زیاتر بەرەو هەڵدێر بردبوو. ئابووریی وڵات لە ئاکامی بەڕێوەبەریی ناکارامەو گەندەڵ لەلایەکو گەمارۆ نێودەوڵەتی‌یەکان لەلایەکی دیکە داتەپیوەو بەتەواوی لە قەیراندایە. باری کۆمەڵایەتیی وڵاتیش لە ژێر کارتێکەریی راستەوخۆی بەها کۆنەپەرستانەو داسەپاوەکانی کۆماری ئیسلامیداو هەروەها بەهۆی باری نالەباری ئابووریی‌یەوە تووشی قەیران بووە. دیاردە کوشەندە کۆمەڵایەتی‌یەکانی وەک ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، قاچاغ، دزی، لەشفرۆشی، ساختەکاریو بەرتیلخۆری، هەڵکشانی ئاماری جیابوونەوەی هاوسەرەکان( تەڵاق) کاڵبوونەوەی بایەخە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یەکان زیاتر لە تەواوی سەردەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی پەرەیان گرتوە.

لە بوارو بەستێنەکانی دیکەشدا دۆخەکە لە نالەبارترین شێوەدایە. جیابیران، ئازادیخوازانی نەتەوە بندەستەکان، پێڕەوانی ئایینو ئایینزا ناشیعەکان، رۆژنامەنووسانو داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزانو... لەو چوار ساڵەی دواییدا زیاتر لە هەر کات لەگەڵ سەرکوت، ئازارو شکەنجە، دوورخرانەوە، بێبەشکران لە مافە کۆمەڵایەتی‌یەکانو تەنانەت حوکمی زاڵمانەی ئیعدامیش بەرەوڕوو بوون.

لە ئاستی سیاسییشدا دوای کودیتا لە دەنگەکانی خەڵک لە ساڵی ١٣٨٨داو بەدوای ئەودا سەرکوتی بێبەزەیی‌یانەی ناڕازی‌یانی گۆڕانخواز دۆخەکەی بەرەو داخرانی هەرچی تەواوتر بردبوو. تەنیا ململانەیەک کە بەدی دەکرا، ململانەی نێوان باڵەکانی بەرەی پاوانخوازی دەسەڵات بوو(ئوسوڵگەرایان)؛ کە ڕەنگە زۆر جار دەبووە خاڵێکی هیوابەخش. هیوابەخش بەو واتایە کە دەسەڵاتێک کە بە هەموو توانای ئابووری‌و پۆلیسیی خۆیەوە لە هەوڵی یەکدەستو یەکڕەنگکردنی گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتدا بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ کەلێنی زیاتری تێدەکەوت.

لە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتییشدا دۆخەکە دەکرێ زۆر بە کورتی بەم شێوەیە وێنا بکرێ: تەریککەوتونەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر، پەرەگرتنی گەمارۆو سزا نێودەوڵەتی‌یەکان‌و دەرکەوتنی شوێنەوارەکانیان لە سەرجەم بوارەکاندا.

## ئوسوولگەرایان‌و هەڵبژاردنی سەرکۆماری

هەڵبژاردنەکان بە تایبەت هەڵبژاردنی سەرکۆماری زۆربەی جارەکان بۆ کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرەکەی کێشەساز بوون. دەکرێ بڵێین لەواندا سەرانی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای بوونی چاوەدێریی ئیستیسوابیی شووڕای نیگەهبان‌و دەستێوەردانی راستەوخۆی ناوەندە ئیتلاعاتی‌و ئەمنیەتی‌یەکان لەگەڵ ئیرادەی خەڵک بەرەوڕوو بوونەتەوە. ئەمجارەیان دەسەڵاتدارانی پاوانخوازو ئوسوولگەرا لەو دۆخەدا کە باسی کرا بەرەو هەڵبژاردنی سەرکۆماری ڕۆیشتن. لە دۆخێکی ئەوتۆدا کە زۆر ئاسایی بوو دەبوو باجی هەموو ئەو نەهامەتی‌یانە بدەن کە لە سایەی دەسەڵاتی ئەواندا بەرۆکی کۆمەڵگەی گرتبوو. جگە لەمانە ئەوان ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا توانیبوویان بە کەلکوەرگرتن لە داهاتی زۆرو زەوەندی نەوتو سەرکوت باڵادەستیی خۆیان بسەپێننەوە، لەم قۆناغەدا لەگەڵ هاوکێشەیەکی بەتەواوی نوێ بەرەوڕوو بوون. لەم هاوکێشە نوێیەدا پاوانخوازان لەوپەڕی لاوازی‌و نایەکگرتوویی‌دا بوون. بۆیە وا دەهاتە بەرچاو کە تەنیا ڕێگایەک کە لە بەر دەمیان ماوەتەوە موهەندیسی‌کردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بێ. بەڵام لەو دۆخەدا کە ئەم جارە تێیدا بوون ناچاربوون لە جیاتی موهەندیسی‌کردنێکی بەتەواو مانا ڕێگا بدەن کاندیدایەکی میانەڕەو لە مەیدان دا بمێنێتەوەو تەنانەت لەوەش ئەولاتر مل بە ئاکامەکانی هەڵبژاردنیش بدەن.

ئەوە کە خامەنەیی‌و پاوانخوازانی دەوروبەری ڕێگایان دا خەڵک ئاکامی هەڵبژاردن دیاری بکەن‌و شکستی خۆیان

لە بەرانبەر خەڵکدا قبووڵ بکەن شایانی تێڕامانە. بەتایبەت کە زۆر باش دەزانن دەنگدەرانی ناڕازیو گۆڕانخواز هەرچەند لە نەبوونی کاندیدای دڵخوازی خۆیاندا دەنگیان بە کاندیدای میانەڕەو داوە، بەڵام بە دەنگەکانی خۆیان هەم «نا»یەکی گەورەیان بەوان گوتووەو هەم جارێکی دیکە داخوازە دیموکراتیکەکانی خۆیانیان هێناوەتەوە گۆڕێ.

کەواتە بەراییترین ئاکامگیری کە تا ئێستا دەکرێ لە ئاکامی هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرکۆماری بکرێ ئەوەیە کە خەڵک توانیویانە بە ئیرادەی خۆیان پاشەکشە بە خامەنەییو پاوانخوازان(بە هەموو رەوتو رەنگەکانیانەوە) بکەنو ئاڵوگۆڕ لە کەشی سیاسیی وڵاتدا پێک بێنن. بەڵام ئەوە کۆتایی ململانەکە نیە. ئەم ململانەیە لە ئاستو مەیدانی جۆراوجۆردا درێژەی دەبێ.

## روانینێکی جیاواز لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن

ئەگەر وای دابنێین کە تا ئێرە ململانەی ئەم یارییە بە قازانجی ئیرادەی خەڵکی ناڕازیو گۆڕانخواز تەواو بووە، پێویستە پێداچوونەوەیەک بەم ڕوانینەدا بکەینەوە کە بە شێوەی ئارمانجخوازانەو ئیدئاڵگەرایانە بەدوای ئاڵوگۆڕەوەیە. چونکە لە ڕاستیدا دەرکەتوە کە ئەوە ڕاستییە بەرهەستەکانی نێو گۆڕەپانی یارییە سیاسییەکەن کە دەوری یەکلاکەرەوەیان هەیە، نەک دروشمی جوانو بریقەدارو هێنانە گۆڕی داخوازی گەورە.

دەبێ ئەو راستییە بسەلمێنین کە دوورکەوتنەوە لە مەیدانی سەرەکیی سیاسەتو دابڕان لە کۆمەڵگە(هەرچەند داسەپاویش بێ) دەرەتانی بڕیاری دروست و لەوەش گرنگتر شوێندانەر لە کایە سیاسییەکاندا زۆر بەرتەسک دەکاتەوە. ئەزموونەکانیش دەریانخستوە کە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان و ئیلیتی تاراوگەنشین بەو دابڕانەی لەگەڵ کۆمەڵگە تووشی هاتوون نەیانتوانیوە خوێندنەوەیەکی بەرهەستو کردەییان لە هەلومەرجەکان هەبێ. بۆیە نەیانتوانیوە ببنە خاوەنی گوتارێکی شوێندانەر.

بە پێی ئەو بنەما سادە بەڵام سەرەکییە کە یاری لە نێو گۆڕەپانەکەدا دەکرێ نەک لە پەڕاوێزداو سەرەکیترین فاکتۆر بۆ پێکهێنانی هەر ئاڵوگۆڕێک خەڵکە و ڕەوتێکی سیاسی بە بێ ئەوەی بە جۆرێک پێی لەسەر زەویی مەیدانی ململانەی سیاسی بێ ناتوانێ کەلک لەم فاکتۆرە وەرگرێ. کەواتە دەتوانین بڵێین: یەکەم، گوتارێکی سیاسی کاتێک دەتوانێ گشتگیر بێ کە لە ناخی راستییەکانی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتبێ، نەک لە

ئارەزووەکـانەوە. دووەم، بتـوانێ لە نێـو گۆڕەپـانی سیاسـیی وڵاتدا ڕێگاکـانی چەسـپانو پراکتیزەبـوونی خـۆی بدۆزێتەوە.

## دوای هەڵبژاردن

ئەگەر لەو روانگەیەوە بڕوانین کە خەڵکو چالاکـانی سیاسیو مەدەنـی لە دوای هەڵبـژاردن بـوونەتە خـاوەنی هەلێک بۆ هێنانەگۆڕی ویستەکانیانو پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی دیمۆکراتیک، پێویستە باس لەوە بکەین کە چۆن دەکرێ دەسکەوتەکانی سەرچاوەگرتوو لە دەنگی خەڵک بپارێزرێنو لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا رەنگ بدەنەوە.

گومـانی تێـدا نـیە کـە خامـەنەییو پـاوانخوازان نەکهـەر هیچ مەیلێکیـان بە ئـاڵوگۆڕو کـرانەوە نـیە، بەڵکوو دوژمنایەتییەکی لەبڕاننەهاتوویـان لەگەڵ رەنگدانەوەی ویستو داخوازەکـانی خەڵـک لە سیاسـەت-و بەڕێوەبەریی وڵاتدا هەیە. بۆیە زۆر سروشتییە کە لە هەوڵی ئەوەدا بن قەرەبووی ئەو شکستەیان بکەنەوە.

پاراستنو قـووڵکردنەوەی ئەم دەسکەوتە پێوەنـدییەکی ڕاستەوخۆی بە بەدواداچـوونی ئەو داخـوازانەوە هەیە کە کۆمەڵگەی ئێران هەنیو تاڕادەیەکی کـەمیش بێ لە بەرنـامەو دروشمەکانی حەسـەن رووحـانیدا رەنگیـان داوەتەوە. دیـارە بێگومـان یەکەم و گرنگتـرین هەنگـاوی کـۆمەڵانی خەڵـک لەم پێنـاوەدا ئەوەیە کە هەروەک لە هەڵبـژاردندا ئیـرادەی خۆیـان بـۆ پێکهێنـانی گـۆڕان نیشـان دا، دوای پێکهـاتنی دەوڵەتـی رووحـانییش یەکگرتـووانە خوازیـاری وڵامدانەوە بە داخوازییەکانیان بن.

لەم نێوەدا چالاکانی سیاسیو مەدەنیو میدیاکاران ڕووبەڕووی بەرپرسایەتییەکی هەستیار دەبنەوە. ئەوان هەروەک ئەزموونەکـانی پێشـوو نیشـانیان داوە دەتـوانن لەم دەرفەتـانە بە قـازانجی بردنە پێشـی داخوازەکـانی کـۆمەڵگەو پاشەکشە بە سـەرەڕۆیی کەلـک وەرگـرن. بووژانـدنەوەی کـۆمەڵگەی مەدەنـی لە ڕێگـای دروسـتکردنەوەی ڕێکخـراوو دامەزراوە مەدەنیو سینفییەکانو کەلکوەرگرتن لە فەزای مەجازیو ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکانەوە یەکێک لەو بـوارە گرنگانەیە کە دەتوانن هەم کۆمەڵگە وەجووڵە بخەنو هەمیش دەسەڵات بخەنە ژێر فشارەوە.

## ڕووحانیو دەوڵەتەکەی

لە ئاستی نێوخۆدا رووحانی باش لەو ڕاستی‌یە ئاگادارە کە هەڵبژێرانی لە لایەن زۆرینەی دەنگدەرانەوە نیشانەی نارەزایەتی‌یەکی قووڵ لە دەسەڵاتداریی تا ئێستای کۆماری ئیسلامی‌و بەتایبەت پاوانخوازانە، بۆیە لەگەڵ کۆمەڵێک چاوەڕوانی‌و داخوازی گرنگو بنەڕەتیی رووبەڕووی دەکاتەوە. خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی داخوازەکانی کۆمەڵگەو وادەکانی بەر لە هەڵبژاردن - بە هەر بیانوویەک - رووبەڕووی نارەزایەتیی بەرینی کۆمەڵگەی دەکاتەوە. رووحانی دەبێ باش بزانێ ئەگەر بیەوێ دەوری سوپاپی دڵنیایی ببینێ لە هەڵەدایە. چونکە خەڵک لە پێناوی گۆڕانو کرانەوەو گەڕانەوەی ئازادی‌یەکانیاندا دەنگیان بەو داوەو لە راستی‌دا ویستو داخوازەکانیان لە دروشمەکانی ئەویش زۆر سەرووترن.

لە ئاستی سیاسەتی دەرەکییش‌دا ئەگەر دەوڵەتی نوێ لە سەنگی خۆی بۆ ناچارکردنی خامەنەیی بە پاشەکشە لە کێشەی ناوکی‌و سیاسەتی نێودەوڵەتیی ئاژاوەگێڕانە نەکا، بێگومان ناتوانێ گەمارۆ سزا نێودەوڵەتی‌یەکانی سەر ئێران لاببا، یان تەنانەت ناتوانێ سووکیشیان بکا. دەستپێکرانی نوێترین گەمارۆ ئابووری‌یەکانی ئەمریکا دژی ئێران سیگناڵێکی زۆر ئاشکرای دەوڵەتی ئەمریکا بە رووحانی‌و خامەنەیی‌یە. کەواتە ئەوانیش چاوەڕوانی هەنگاوی کردەیین نەک دروشم!

## کوردو هەڵبژاردن

ئاکامەکانی ئەمجارەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە کوردستان جارێکی دیکە دەری‌خستەوە کە کۆمەڵگەی کوردستان لە ئاستێکی باشی وشیاریی سیاسی‌دایەو دەیەوێ لە بچووکترین دەرفەتەکان بە قازانجی هێنانەگۆڕی داخوازەکانی‌و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشێلکەرانی مافو ئازادی‌یەکانی کەلک وەرگرێ. ڕوانینو هەڵسوکەوتی سیاسیی زۆرینەی دەنگدەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی ئێستای ئێراندا لە چەند بارەوە شایانی سەرنجە. لەم پێوەندی‌یەدا خاڵێکی سەرنجڕاکێش دەتوانێ ئەوە بێ کە دەنگدەری کورد سەرەڕای ئەو هەموو هەڵاواردنو ستەمەی پێی ڕەوا دەبینرێ، لەو باوەڕەدایە کە نابێ لە پەراوێزەوە بڕوانێتە پرۆسەی سیاسی‌و  پێویستە سەنگو قورسایی کورد لە ململانە سیاسی‌یەکانی ئێراندا دیار بێو لەو ڕێگایەوە دەتوانێ لەسەر مافەکانی ململانە بکا.

دیارە ئەم تێگەیشتنە بە جۆرێکیش بەرهەمی ئەزموونەکانی پێشوویە. چونکە هەم لە خولی پێشووی هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌و هەم لەم خولەی دوایی‌دا بەشێک لە کاندیداکان لە ژێر کارتێکەریی کەشی مافخوازانەی کوردستاندا لە

بەرنامەکانیاندا باسیان لە بەشێکی کەمی مافەکانی نەتەوە بندەستەکان کردوە.

ئەم ڕوانینو کردارە سیاسی‌یەی خەڵکی کوردستان پێویستیی بە هەڵسەنگاندنێکی واقیعبینانە هەیە. ئەگەر قبووڵ بکەین کە پرۆسەی هەڵبژاردن تەنانەت لە سیستمێکی وەک کۆماری ئیسلامییشدا دەرفەتێکە بۆ دەرکەوتنی ویستو ئیرادەی خەڵکو لەودا خەڵک دەتوانن لانی‌کەم وەک دەرفەتێک بۆ خستنەڕووی داخوازەکانیانو نیشاندانی نارەزایەتی‌یەکانیان کەلک وەرگرنو هەرنەبێ ناوەندی دەسەڵات تووشی کێشە بکەن، دەتوانین هەست بە واقیعی‌بوونی ئەم روانینو کردارە سیاسی‌یەی خەڵکی کوردستان بکەین.

کە باس لە واقیعو واقیع‌بینی لە سیاسەتدا دەکەین دەبێ ئەو ڕاستی‌یەمان لەبەرچاو بێ کە یەکەم، سیاسەت لە سەر گۆڕەپانی ڕاستی‌یە بەرهەستەکان دەکرێ-و دووەم، بەبێ خوێندنەوەیەکی وردو قووڵ لە گۆڕەپانی سیاسی‌و ڕاستی‌یەکانی کۆمەڵگە ناکرێ ببینە خاوەنی خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەو گونجاو کە بتوانین لەسەر بنەمای ئەو هەڵوێستی سیاسیمان ڕوون بکەینەوە.

کەواتە ئەگەر لەم ڕوانگە نوێیەوە بڕوانینە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەکرێ ئیدیعا بکەین کە هەنگاوێکی گەورەمان بەرەو دەورگیران لە مەیدانێکی دیکەی خەباتدا هەڵێناوەتەوەو بە پشتیوانیی خەڵک دەتوانین لە دەرفەتەکانی بەردەم کەڵکی باشتر وەربگرین. دیارە کە باس لەو ڕوانگە نوێیە دەکرێ بەو واتایە نیە کە پشت لە شێوازەکانی دیکەی خەبات بکرێ. بەڵکوو بەو واتایەیە کە لەبەر ڕووناکایی ڕاستی‌یەکانی کۆمەڵگەو گۆڕەپانی سیاسی دەرەتانو بەستێنی دیکە بۆ دەورگێرانو شوێندانەربوون بخوڵقێنین.

لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە گۆڕەپانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان یەکەم، لە شێوە کرانەوەیەک کە کەشی سیاسیی ئێران بەخۆیەوە ببینێ دەتوانین بە قازانجی ئامانجەکانمان کەڵکی باشتر وەرگرین. دووەم لە هەڵبژاردنی مەجلیسی داهاتوودا دەورێکی بەتەواوی هەست‌پێ‌کراو ببینین.

لە ژمارە ٦١١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٣

# چەند دیمەنێکی درەوشاوەی رۆژهەڵاتی کوردستان

لەوە دەچێ رۆژهەڵاتی کوردستان بە کۆمەڵێک ترووسکەی پڕ لە هیواوە بەرەو پیلی نەورۆزی نەتەوەیی بڕواو بیەوێ ئەو تۆزی ماندوویەتیو بێهیوایییەی لەسەری نیشتوە لە خۆی بتەکێنێ. رەنگە ئەو تەعبیرە لە بارەی هێندێک لە نەورۆزەکانی دیکەشەوە بە جۆرێک راست بێ. بەڵام ئەوەی لە بەرەبەری ئەم نەورۆزەدا دەیبینین لە زۆر بارەوە جیاوازترە، بۆیە دەشکرێ بڵێین هیوابەخشترە.

## رەوتی شکاندنی تابۆی تێکۆشانی سیاسیی کورد

هەرچەند رەنگە رەوتی شکاندنی تابۆی تێکۆشانی سیاسیی کورد چ لە رۆژهەڵاتی کوردستانو چ لە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران، لە سەردەمی دەوڵەتی ریفۆرمخوازە حکوومەتییەکانەوە دەستی پێکردبێ، وا هەست دەکرێ ئەم رەوتە لە پێش هەڵبژاردنی سەرکۆمارییەوە تا ئێستا خێراتر بەرەو پێش چوە. هەوڵدان بۆ پێکهێنانی حیزبێکی قانوونی، خستنەرووی داخوازەکانی کورد لە دەوڵەتی رووحانی، هەوڵدان بۆ جێبەجێکرانی بەشێک لەو وادەو بەڵێنانەی لە بارەی مافەکانی نەتەوە نافارسەکان دابووی بەشێک لەو تابۆشکێنییەن. تابۆشکێنی بەم واتایە تێکۆشەرانی سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەیانەوێ بە دوور لە هەموو ئەو تۆمەتانەی پێشتر دەخرایە پاڵیان، ئەم مافە بۆخۆیان بپارێزن کە ئەوانیش مافی خۆیانە لە جەرگە گۆڕەپانی سیاسیی ئێرانو رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە میکانیزمی تایبەت بە خۆیان لە تێکۆشانی سیاسییان هەبێ.

لە پێوەندی لەگەڵ چالاکیی سیاسیدا بابەتێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە چالاکانی سیاسی بەتایبەت لە دوای هەڵبژاردنی سەرکۆمارییەوە بە شێوەیەکی لێبڕاوتر لە پێشوو بەدواداچوون بۆ داخوازە سیاسییەکانو ئەو وادەو بەڵێنانە دەکەن کە حەسەن رووحانی لە پێش هەڵبژاردندا لە پێوەندیی لەگەڵ مافەکانی نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینییەکاندا دابووی.

دیارە حەق وایە لەم پیوەندییەدا ئاماژەیەکیش بە روانگەی واقعبینانەی بەشێک لە حیزبە سیاسییەکان بکرێ کە بە هێنانە گۆڕێی روانگەیەکی نوێو رچەشکێنانە یارمەتییان بەم رەوتە کردوە. هەڵگرانی ئەم روانگەیە کە گرنگی

بە لێکبەسترانی خەباتی تێکۆشەرانی کورد لە تاراوگەو لە نێوخۆی وڵات دەدن، پێیان وایە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاتێک دەتوانێ ببێتە هێزی فشار بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەندی کە بتوانێ لە بەستێنە جۆراوجۆرەکاندا هێزی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستان بجوڵێنێ. سەرەکیترین ڕێگاش بۆ ئەم مەبەستە یارمەتیکردنو بەستێن خۆشکردن بۆ تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات دایە. بۆیە لە ڕوانگەی ئەوانەوە پشتیوانی لە چالاکانی سیاسی، مەدەنیو فەرهەنگیی نێوخۆی وڵات،کە دەتوانن بە تێچوویەکی کەمترەوە کار بکەنو دەرفەتە لەدەستچووەکان وەدەست بێننەوەو دەسەڵات ناچار بە پاشەکشە بکەن، گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

لەم پێوەندییەدا خاڵێکی دیکەی سەرنجراکێش ئەوەیە کە تابۆی بڤەبوونی دەرکەوتن لە میدیای کوردیی تاراوگە (میدیای حیزبە کوردییەکان) بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ پرسە سیاسییەکاندا تارادەیەک درزی تێکەوتووەو بێگومان لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا دەشکێ.

## نیشانەکانی بوژانەوەی چالاکییە سیاسیو مەدەنیو فەرهەنگییەکان

دەرکەوتنی نیشانەکانی بوژانەوەی چالاکییە سیاسیو مەدەنیو فەرهەنگییەکان دوای ئەو داکشانەی لە دوای ساڵی ١٣٨٨ەوە باڵی بە سەر بزاوتە فەرهەنگیو مەدەنییەکانی کوردستاندا کێشابوو، یەکێک لەو نیشانە هیوابەخشانەیە. ئەگەرچی بەشی زۆری چالاکانی خوێندکاریو مەدەنیو فەرهەنگیی نیوەی دووەمی دەیەی ٧٠و نیوەی یەکەمی دەیەی ٨٠ی هەتاوی لە ئاکامی سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا تووشی بەندیخانەو هەڵبژاردنی ژیان لە تاراوگە بوون یان ناچار بوون ناچالاک بن، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین ئەو بەشە لە خاوەن ئەزموونەکانی ئەو سەردەمە کە لە وڵات دەژینو بەرەی نوێ بە هێزو پوتانسیەلێکی گەورەترەوە دەیانەوێ بە کەلکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێشترو سوودوەرگرتن لە دەرفەتە چووکەکان درێژە بە تێکۆشان بدەن.

بوژانەوەی چالاکیی خوێندکارانی کورد بە تایبەت لە زانکۆکانی کوردستان، چالاکتربوونەوەی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، گەشەسەندنی گرووپە شاخەوانییەکان، ڕێکخراوە ژینگە پارێزەکانو فێرگەکانی فێرکردنی زمانی کوردی، ئەگەرچی لە هەموو شارو ناوچەکان لە یەک ئاست دانین، بەو حاڵەش جێگای هیوان.

لەم پێوەندییەدا خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە کە دەبینین تێکۆشانی خوێندکاریو مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دوای ئەو هەموو زیانەی بە هۆی دەزگای سەرکوتەوە لێیکەوتوەو سەرەڕای درێژەی فشارە ئەمنییەتیەکان دیسان بە وزەو توانای بەرەیەکی نوێ لە لاوانو بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی چالاکانی خاوەنئەزموونی بوارە جۆراوجۆرەکان خەریکی بوژانەوەیە.

## داوای خوێندن بە زمانی زگماکی

ئەوە کە پرسی جێبەجێکرانی بەشێک لە ماددەکانی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆ لە ڕۆژەڤی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن دایەو بۆتە خەمی چالاکانی سیاسیو مەدەنیی کوردو تەنانەت نەتەوەکانی دیکەش بە هەنگاوێک بەرەوپێش دەژمێردرێ. بەدڵنیاییشەوە ئەگەر تێکۆشانی زیاتری لە پشت بێ دەکرێ دەسکەوتی باشتریشی هەبێ. بۆ وێنە ئەگەر دەسەڵات بیەوێ جێبەجێکرانی ماددە قانوونییەکانی پێوەندیدار بە زمانی نەتەوە نافارسەکان لە فێرکردنی ئەو زمانانەدا کورت بکاتەوەو نەیەوێ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا بەکار بهێنرێن، پێویستە حیزبە سیاسییەکان، ڕێکخراوە مەدەنیو فەرهەنگییەکانو بەگشتی تێکۆشەرانی ئەم بوارانە بە هەموو تواناییانەوە کار بکەن بۆ ئەوەی مافی ڕەوای خوێندان بە زمانی زگماکی بەتەواوی بچەسپێ.

بەڵنیاییەوە ئەو بەرەوپێشچوونەش بەشێکی بەرچاوی بەرهەمی ئەو ڕوانگە پراگماتیستییەی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر قووڵ بۆتەوە، بە چەشنێک کە ئەو بەشە لە حیزبە سیاسییەکانی کە هەڵگری ئەم ڕوانگەیەن لە چالاکانی سیاسیو مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی لێک نزیک کردۆتەوە. کارکردن لە سەر بنەمای ئەو خوێندنەوەیەو داوای جێبەجێکردنی ماددە پێوەندیدارەکان بە زمانی نەتەوە نافارسەکان، سەرەڕای هەموو تانەو تەشەرە نێوخۆییەکان، لەڕاستیدا قامکدانان بوو لەسەر خاڵێکی گرنگ.

ڕەنگدانەوەی ئەو داوایە کە بەشێکە لە ویستەکانی بزووتنەوەی کوردستان، لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم سیگناڵەی بە گوێی دەسەڵاتداران گەیاندوە کە ناکرێ چی دیکە لانیکەمی داخوازە ڕەواکانی نەتەوە نافارسەکان کە تەنانەت لە قانوونی بنەڕەتیی ئەم سیستمەشدا ددانی پێدانراوە پشت گوێ بخەن.

## گەشەی فەرهەنگی ژینگەپارێزی

پێکهاتنی ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان خەریکە دەبێتە یەکێک لە سیما هەرە پێشکەوتوەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی

کوردستان. به خۆشییەوە ئەم دیاردە شارستانییە خەریکە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان پەرە دەستێنێ. بێگومان چالاکانی ژینگەپارێز بە چالاکییە جۆراوجۆرەکانیان توانیویانە هەم لە پاراستنی ژینگەی کوردستاندا جێ‌پەنجەیان دیار بێ‌و هەم لەوەش گرنگتر توانیویانە بە پێی توانای خۆیان فەرهەنگی ژینگەپارێزی پەرە پێبدەن.

## راوچییەکان راو وەلادەنێن

ئەوە کە بەشێک لە راوچیەکانی کوردستان چەکو تەڵەو تەپکەکانیان وەلاناو قەفەسەکانیان ئاگرتێبەرداو بەشێک لە داربڕەکان تەورەکانیان شکاندو وەلانا، هەم هەواڵێکی خۆشەو هەم نیشانەیەکی زەقی گەشەی فەرهەنگی لە رۆژهەلاتی کوردستانە. ئەم دەسکەوتە بێگومان بەرهەمی تێکۆشانی بێدریغی چالاکانی ژینگەپارێزە کە لەم ساڵانەی دواییدا سەرەڕای فشارە ئەمنیەتییەکان لە پێناوی پاراستنی سروشتو جێخستنی فەرهەنگی پێشکەوتوانەی ژینگەخۆشویستن لە خۆیان مایەیان داناوە.

## بەرەو نەورۆزێکی نەتەوەیی‌و درەوشاوە

نەورۆزو رێورەسمە نەورۆزییەکان لە کوردستان لە تەواوی ماوەی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی‌دا هەمیشە دەرفەتێک بوون بۆ خستنەرووی شوناسی نەتەوەیی. بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە کەم تا زۆر دەرفەت بۆ پێکهاتنی رێورەسمە جەماوەرییە نەورۆزییەکان خوڵقاوە، ئەم راستییە زۆر بە زەقی خۆی دەرخستوە. ئەمساڵیش بە پێی ئەو زانیارییانەی وەدەست کەوتوون، خەڵک لە رۆژهەلاتی کوردستان خۆیان بۆ نەورۆزێکی نەتەوەیی‌و درەوشاوە ئامادە دەکەن. دیارە لەم پێوەندییەشدا رێکخراوە فەرهەنگی‌و مەدەنییەکان هەر وەک ساڵانی پێشوو لە هەوڵ دان دەوری کاریگەریان لە بەڕێوەبردنی رێورەسمەکاندا هەبێ.

لە ژمارە ٦٢٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٤

## لەبارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی عێراق ( وتووێژ )

***ئارەش لورستانی: بە لە بەرچاوگرتنی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەشەکانی کوردستان، دۆخی سیاسیی نەتەوەی کورد بەگشتی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟***

***عەبدوڵڵا بەهرامی:*** **من پێم وایە ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەدا ڕوویان داوە یان لە حاڵی ڕوودان دان، کارتێکەریی بەرچاویان لە سەر پارچەکانی کوردستان داناوە. ڕوونە کە چەندو چۆنی ئەم کارتێکەرییە لەسەر هەر کام لە پارچەکانی کوردستان وەک یەک نیە. دیارە لە پەنا کارتێکەریی ڕووداوەکانی ناوچەدا پێویستە باس لە دوو دەستە ئاڵوگۆڕی دیکەش بکەین. یەکەم ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەم وڵاتانەدا کوردستانیان بە سەر دابەش کراوە ڕوو دەدەن و دووەم ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە نێو گۆڕەپانی سیاسەت و کۆمەڵگەی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان دا دێنە گۆڕێ. دەکرێ بەدڵنیاییەوە بڵێین ئەم ئاڵوگۆڕانەی بەتایبەت دۆخی سیاسیی پارچەکانی کوردستانیان گرتۆتەوە لە داهاتوو دا قووڵتر دەبنەوەو بە شێوەیەکی بەرهەستتر ئاکامەکانی دەردەکەون.**

**ئەوە کە باشووری کوردستان لە ئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕانەی عێراقیان گرتۆتەوە کەوتۆتە دۆخێکی زۆر جیاوازەوەو پرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان بە ناوچە دابڕێندراوەکانیشەوە بۆتە پرسی وڵاتانی ناوچەو تەنانەت زلهێزەکانی دنیاش بەرچاوترینی ئەم ئاڵوگۆڕانەیە. ئەم دۆخە نوێیە دەتوانێ سەربەخۆیی باشووری کوردستانی لێبکەوێتەوە، کە بە لێکدانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایانی سیاسی پێداویستییەکانی ئامادە بوون. ڕوودانی ڕوداوێکی ئەوتۆش دەتوانێ جگە لە گۆڕینی نەخشەی سیاسیی ناوچەکە کاردانەوەی پۆزەتیڤی لە بەشەکانی کوردستان بەداوە بێ.**

**هاوکات لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی باشووری کوردستان و عێراق لە تورکیە و باکووری کوردستان پرۆسەی ڕووداوەکان کەوتوونەتە ڕێڕەوێکی بنیاتنەر بە قازانجی چارەسەر کرانی پرسی کورد لە تورکیە. لەم پێوەندییەدا پەسەندکرانی گەڵاڵەی ئاشتی لەگەڵ کورد لە پارلمانی ئەو وڵاتەدا دەتوانێ ببێتە بەستێنی پتەوتربوونی پێگەی سیاسیی کوردو لە درێژماوەدا ئاشتیی نێوان بزووتنەوەی کورد و حکوومەتی تورکیەی لێ بکەوێتەوە.**

لە رۆژئاوای کوردستانیش هەرچەند دوورەدیمەنی رووداوەکان تاڕادەیەک ناروونەو بەستراوەتەوە بە داهاتووی سووریەوە، بەڵام بەوحاڵەش پاراستن و بەهێز کردنی سەنگ و قورسایی کوردو یەکگرتوویی هێزە ساسییەکان و دیپلۆماسیی ژیرانە دەتوانن ببنە هۆکارێکی گەرەنتیکار بۆ ئەوەی ستاتۆی ئێستای کورد نەک درێژەی هەبێ، بەڵکوو بەهێزتریش بێ.

رۆژهەڵاتی کوردستان دا ئەگەرچی بەشێوەیەکی بەرهەست نیشانەکانی ئاڵوگۆڕێکی سیاسی تێدا بەدی ناکرێ، بەڵام بێگومان ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کات ئیلهامی هیوابەخشی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان وەرگرتوە. جگە لەمە دەکرێ بڵێین ئەم بەشەی کوردستان زیاتر لە هەر کات دەریخستوە کە کە سیاسەتی سەرکوتی حکوومەتی ناوەندی نەیتوانیوە لە درێژخایەن دا سەرکەوتوو بێ. ئەمڕۆ رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەناوی خۆی دا خەریکە ئاڵوگۆڕی بەرچاو و بنچینەیی بەخۆیەوە دەبینێ. تەنینەوەی کولتووری مافخوازی و شکاندنی تابۆی بڤەبوونی هێنانە گۆڕێی داخوازە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد کە دەکرێ بە هەنگاوە بەراییەکانی هەرچی زیاتر بە جەماوەری کردنی خەباتی نەتەوەیی دانرێ.

پەرەگرتنی کولتووری کاری مەدەنی و فەرهەنگی لە پەنا گەشەی هەستی شوناسخوازی داو بەرۆژوورچوونی ئاستی وشیاریی سیاسی لە نیشانە بەرچاوەکانی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم بەشەی کوردستانن. بەدڵنیاییەوە لە ئەگەری رەخسانی هەرچەشنە هەلێکی سیاسی دا ئەم پێشکەوتنانە دەتوانن ببنە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ قورس بوونی سەنگی سیاسیی کورد لەم بەشە کوردستان.

***ئارەش لورستانی: ئەگەر باشووری کوردستان سەربەخۆیی رابگەیەنێ پرسی کورد دەچێتە چ قۆناخێکەوە؟***

***عەبدوڵڵا بەهرامی:*** سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەکرێ بە یەکێک لە رووداوە سیاسییە هەرە گرنگەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە قەڵەم بدرێ. ئەم هەنگاوە لە یەکەم روانین دا بە دەسکەوتێکی گەورەی سیاسی، یان قەرەبووکردنەوەی بەشێک لەوغەدرە مێژووییە لە قەڵەم دەدرێ کە لە مێژوودا لە کورد کراوە. ئەم غەدرە مێژووییە دەبێ رۆژێک کۆتایی بێ و گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت حەقی خۆی وەرگرێتەوە. هەنگاوێکی ئاوا گەورە لەلایەن کوردەوە هەم دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەم کارتێکەریی راستەوخۆ لە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستان دانێ. ئەم هەنگاوە لە هەمان دەتوانێ ببێتە مایەی نیگەرانی و

تەنانەت ترسێکی گەورە بۆ حکومەتەکانی ناوچە کە دەبینن سیستمی دەوڵەت_نەتەوەی زۆرەملی و پێکەوەژیانی بەزۆر لە عێراق شکستی هێناوە. بۆیە چاوەڕوان دەکرێ حکومەتی سەربەخۆی باشووری کوردستان لە چەند لاوە بکەوێتە ژێر فشارو هەڕەشەوە. ئەوەش کۆی بزووتنەوەی کورد دەخاتە دۆخێکی بە تەواوی جیاوازەوە.

***ئارەش لورستانی: بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی جیهانی و دەسەڵاتە باڵادەستەکانی دنیا چۆن دەڕواننە سەربەخۆیی کوردستان ؟***

***عەبدوڵڵا بەهرامی:*** ناکرێ چاوەڕوان بین بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی جیهانی روانگەیەکی وەک یەکیان بۆ پرسی کورد هەبێ. بەڵام لانیکەم دەتوانین چاوەڕوان بین بیروڕای گشتیی وڵاتان پێشکەوتوو بە تایبەت لە ئورووپا پێشوازی لە پێکهاتنی دەوڵەتی کوردستان بکەن یان لانیکەم دژایەتیی نەکەن. لە ئاستی وڵات و دەسەڵاتە باڵادەستەکانیش دا دیارە نابێ چاوەڕوان بکەین روانگەکان وەک یەک بێ. لێرەدا تەنیا بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانن کە دیاریی دەکەن کام وڵاتی بەهێزی دنیا پشتگریی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکا. راستە بەشێک لە وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا بەرژەوەندییان لە عێراق هەیە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە ئەو بەرژەوەندییانەی ئەوان لە وڵاتێک دا کە جێگیریی سیاسی و تەناهیی تێدا نیە هەمیشە لە مەترسی دان.

رەنگە لێرەدا بەرژەوەندیی ئەوان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە بێتە گۆڕێ. بەڵام ئەم فاکتەرەش بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ وەک پێشوو دەور بگێڕێ. ئێستا لەو چوار وڵاتە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە دوویان لەگەڵ رۆژئاوا ململانەی توندیان هەیە، وڵاتی عێراق بەکردەوە دابەش بوە. دەمێنێتەوە تورکیە. دەوڵەتی ئەم وڵاتەش جگە لەوەی کۆمەڵێک هەنگاوی بۆ چارەسەری پرسی کورد لەو وڵاتە هەڵێناوەتەوە، بەرژەوەندیی ئابووریی گرنگی لە باشووری کودستان هەیە. کەواتە لە سەردەمی ئێستادا دۆستایەتیی رۆژئاوا لەگەڵ وڵاتانی ناوچە ناتوانێ کارتێکەریی جارانی لەسەر روانگەی ئەوان لەبارەی پرسی کوردەوە هەبێ.

من پێم وایە هەرچەند پشتگریی دنیای دەرەوە گرنگە. بەڵام گرنگترین فاکتەر یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکان و ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. ئەگەر ویستی ئەوان دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێ، پێم وانیە هیچ لایەنێک بتوانێ بەر بە سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان بگرێ.

***ئارەش لورستانی: دەکرێ کوردستانی سەربەخۆ ببێتە شوێنێک کە وڵاتانی بەهێزی دنیا بەرژەوەندییەکانی خۆیانی تێدا ببیننەوە؟***

***عەبدوڵلا بەهرامی:*** **پێم وایە هەر ئێستاش هەرێمی کوردستان بۆتە شوێنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بەشێک لە وڵاتانی رۆژئاوایی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پوتانسێلە ئابوورییانەی هەیەتی و هەروەها جێگیرییەکی تەناهی و سیاسی کە لەوێ بەدی دەکرێ، چاوەڕوان دەکرێ باشووری کوردستان ببێتە شوێنی کۆکردنەوەی بەرژەوەندیی وڵاتانی رۆژئاوایی. ئەو سەرمایەدانانە قورسانەی کۆمپانیا بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان کردوویانە و دەیکەن نیشانەیەکی روونی ئەو راستییەیە.**

***ئارەش لورستانی: حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کوێی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا هەڵکەوتوون؟***

***عەبدوڵلا بەهرامی:*** **روونە کە لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی باشووری کوردستان دا حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەورێکی ئەوتۆیان نیە، بەڵام بێگومان هەر ئاڵوگۆڕێک کە لەو بەشەی کوردستان یان بەشەکانی دیکەدا روو دەدا، کارتێکەریی لەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی دەبێ و بەدڵنیاییەوە رووبەڕووی بەرپرسیارەتیشیان دەکاتەوە.**

**پێم وایە سەرەکیترین کارتێکەریی سەربەخۆیی باشوور لەسەر رۆژهەڵات دەتوانێ بریتی بێ لە گەشەی بە بیری نەتەوەیی و قوڵبوونەوەی هەستی شوناسخوازانە. دیارە ئەوەش فاکتەرێکی گرنگە کە پێویستە حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە قازانجی بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستان کەلکی لێوەرگرن.**

**لە پێوەندی لەگەڵ بەرپرسایەتییەک کە سەربەخۆیی باشوور رووبەروی هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی دەکاتەوە دەبێ بڵێین هەروەک ئاڵوگۆڕەکانی دوای ۱۹۹۰ بەرپرسیارەتییەکی نەتەوەیی بۆ بزووتنەوەی رۆژهەڵات دروست کردو تەنانەت لە زۆر بارەوە سنورداری کردوون، لە دۆخێکی ئەوتۆدا دەتوانێ تووشی سنووردارییی زیاتری بکاتەوە. مەبەست لە سنووردرابوون ئەوەیە کە چالاکیی حیزبە رۆژهەڵاتییەکان لە بنکەکانی باشوورەوە لەوەش زیاتر دەکەوێتە ژێر کارتێکەریی بەرژەوەندییەکانی ئەو بەشەوە. بۆیە ئەو حیزبانە ناچارن لەوەش کە هەیە چاوەڕوانییان لە باشوور وەک پشتی بەرەیەک کەمتر بێ.**

لە ژمارە ٦٣٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٤

## رۆژهەڵات خۆی لە خۆیدا ببینێتەوە (کورتە سەرنجێک لە دڵگرانیی رۆژهەڵاتییەکان لە سیاسەتی باشوور)

ئەمرۆژانە دڵگرانییەکی سەیر چالاکانی سیاسیو چالاکە رۆژهەڵاتییەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانو دەکرێ بڵێین کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە. هەرچەند دڵگرانیی رۆژهەڵاتییەکان لە ڕێبەرانیی سیاسیی باشوور مێژوویەکی درێژی هەیەو، دڵگرانییەک لە بیر کراوەو یەکی دیکە جێگای گرتۆتەوە. بۆیە ئەم دڵگرانییەی ئەمجارەش جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوانی پێشوو نیە. ئەی کەواتە دەکرێ بڵێین بۆ دیسان؟

ئەم دڵگرانییە بە دوای نیگەرانی لە هەڕەشەیەکو کارەساتێکدا هات کە باشووری کوردستانی گرتەوە. ئەو نیگەرانییە راست لە جێی خۆیدا بوو. بۆیە پێویست بوو ئەو شەپۆلی هاوپێوەندیی نەتەوەییە وەک ساڵانو دەیەکانی رابردوو، بگرە زۆر زۆر بە گوڕتریش وەڕێ بکەوێ. بەڵام ئەم دڵگرانییە بۆ؟ ئەم دڵگرانییە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە ڕێبەرانی باشووری کوردستان نەیانتوانیوە وڵامی ئەم شەپۆلی هەستو سۆزی کوردانەیە بدەنەوە. ئەوان لەگەڵ ئەوەی بەرگری لە خاکی باشوور دەکەن، بەکردەوە خەریکی کایەکردن لە نێو سیاسەتی ناوچەیی دان یان کەوتوونەتە نێو ئەو کایەیەوە. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی رۆژهەڵاتییەکان وڵامی ئەو هەستە پڕ جۆشە نەتەوەییەی خۆیان وەرنەگرنەوە. چونکە پێیان وابوو دەبێ بە بێ لەبەرچاوگیرانی هیچ چەشنە تێبینییەکی سیاسی لە شەڕی بەرگری لە باشووردا بەشدار کرابایەنو بەگشتی ڕێبەرانی باشوور وڵامێکی شیاویان بەو هاوپێوەندییە نەتەوەییەی ئەوان دابایەوە.

بە بڕاوی من ئەو دڵگرانییە ناکرێ بەتەواوی لە جێی خۆیدا بێ، یان دەکرێ لە جێی خۆیدا نەبێ. چونکە ئەو دڵگرانییە راست لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە تاکی کورد هەر دەیەوێ بە چاوی هەستو سۆزەوە لە سیاسەت

بڕوانێ. پاساوی ئەم تێگەیشتنە هەڵەیەش چەمکی نەتەوەیی بوونە. ڕاستە هەستی هاونەتەوەیی بوون لە ناخی هەر کوردێک دایە، بەڵام ئایا دەکرێ بەم هەستەوە لە نیشتمانێکدا لە نوێترین دابەشبوونی بۆ لانیکەم ٩٠ ساڵ لەوە پێش دەگەڕێتەوە سیاسەتیش بکرێ؟ وڵامێکی زۆر کورت بەم پرسیارە ئەوەیە، نا. چونکە بمانەوێ یان نا، لە مێژە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیان هەیە، هاوکێشە سیاسییەکانیان جیاوازەو تەنانەت تێگەیشتنی ڕێبەرە سیاسییەکانیشیان لە سیاسەت بەم پێیە کە پێرەوی لە بەرژەوەندە سیاسییەکانیان دەکا، جیاوازە.

ئەگەر نەمهەوێ پاساو بۆ سیاسەتی هەڵەی ڕێبەرانو هێزە سیاسییەکانی بەشێک لە بەشەکانی کوردستان دەرهەق بە بەرژەوەندییەکانی بەشەکانی دیکە بێنمەوە، کە ئەوەیان بابەتێکی جیاوازەو ئێستاش نمونەکانی بە زەقی دەبینرێن، دەبێ بڵێم بە کورتی ڕاستیی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان ئەوەیە کە کورد بەگشتی ناتوانێ خاوەنی یەک بەرژەوەندی سیاسیی هاوبەش بێ، تەنانەت ئەگەر سبەینێ کۆنگرەی نەتەوەییش دامەزرێنێ. ئەوەش هۆکارەکەی ڕاست بۆ دابەشبوونی کوردستان دەگەڕێتەوە. پێم وایە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ڕاستەقینەو پڕ بە مانای وشە بە بێ خوڵقانی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ کە پێگەی کورد زۆر بەهێز بکەن، خەیاڵێکی دوورە دەستە. لەم دۆخەی ئێستادا باشترین سیاسەتی نەتەوەیی بۆ ڕێبەرانی سیاسیی بەشەکانی کوردستان ئەوەیە زیان بە بەرژەوەندییەکانی بەشەکانی دیکە نەگەیەننو نەکەونە نێو کایەی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە نکۆڵی لێنەکراوانە، کوردی ڕۆژهەڵاتی کودستان پێویستە بە دوور لە هەستو سۆزی کوردانە، جۆرێکی دیکە لە چاوەڕوانییە سیاسییەکانی لە پارچەکانی دیکە، بە تایبەت باشووری کوردستان بڕوانێ. لە باشووری کوردستان بە دروست یان نادروست بە پێی بەرژەوەندە سیاسییەکانی ئەم پارچەیەو تەنانەت بەرژەوەندی لایەنە سیاسییەکان سیاسەت کراوەو دەکرێ. ئەمەش ڕاستییەکە لەبەر دڵی کوردی ڕۆژهەڵات ناگۆڕدرێ.

نکۆڵی لەوە ناکرێ دەسکەوتەکانی باشووری کوردستان دەکرێ وەک دەسکەوتی هەموو کورد چاو لێبکرێن، بەڵام لە پلەی یەکەمدا دەسکەوتی باشوورن. هەروەک بەهێز بوون یان لاوازبوونی پێگەی سیاسیی باشوور لە پلەی یەکەمدا سوودو زیانەکانی بۆ خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان دەگەڕێتەوەو لە پلەکانی دووەمو سێیەمدا بۆ بەشەکانی دیکە. بە بۆچوونی من ئەوە کە چاوەڕوان بکرێ باشوور توانایی ئەوەی هەیە لە خۆی بۆ پارچەکانی دیکە مایە دابنێ، چاوەڕوانییەکی نابەجێیە. تەنیا چاوەڕوانیی بەجێ دەتوانێ ئەوە بێ باشوور بە قازانجی خۆی لە سەر حیسابی

بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان مامەڵە نەکا. بەڵام باشووری کوردستان دەتوانێ لە دوو بواری ئابووری و فەرهەنگییەوە تارادەیەکی باش دەستئاوەڵا بێ و پارچەکانی دیکەو بەتایبەت ڕۆژهەڵات لە دەرەتان و پوتانسیێلەکانی بەهرەمەند بکا.

کەواتە قاڵبوونەوەی ڕۆژهەڵاتییەکان لە ڕووداوەکانی بەشەکانی دیکە کوردستان جگە لە دروستبوونی ئەو جۆرە دڵگرانیانە، خەسارێکی دیکەشی لەم بەشەی کوردستان داوە کە ڕاست لە بەرژەوەندی دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران دایە. ئەویش بریتییە لە دروستکردنی هێندێک خاڵی تێرامان لە دەرەوەی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەبنە هۆی پەراوێزخرانی ڕووداوەکان و کەم بایەخبوونی تێکۆشانە سیاسی، مەدەنی و فەرهەنگییەکانی ئەم بەشەی کوردستان. ئەو بەشە لە کوردستان کە لە پێشدا دەبێ ڕۆژهەڵاتییەکان لە خەمی دابن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا مێژوویەکی درێژی لە خەباتی نەتەوەییدا هەیە، ئەمڕۆکە خاوەنی پوتانسێکێکی بەهێزی سیاسی، مەدەنی و فەرهەنگییە. بەشداری سیاسییانە و ئامانجداری ڕۆژهەڵاتییەکان لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و کوردستانداو هەوڵدان بۆ قۆزتنەوەی دەرفەتە هەر بچووکەکان و بەگشتی شکاندنی تابۆی پرسی کورد لە ئێران و گەشەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری کولتووری کاری مەدەنی بەشێک لەو کە دەکرێ دەسکەوتی گەورەتریان لە سەر بنیاد بنرێ.

ڕاستە ١٨ ساڵە خەباتی چەکداری لە پێشدا لە بەر پاراستنی دەسکەوتەکانی باشوور ڕاوەستاوە و دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران لەم ماوەیەدا بە تێچوویەکی ماددی و مرۆیی کەمترەوە ڕووبەڕووی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بۆتەوە. بەڵام ئەم ڕاستییە ئێستا زیاتر لە هەر کاتێک سەلماوەتەوە کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بەستراوە بە یەک میتۆدی خەبات نیەو دەکرێ هاوکات لە چەند میتۆد کەڵک وەرگرێ.

لەم پێوەندییەدا خاڵێکی جێگای سەرنج ئەوەیە کە ئەگەر چاوەڕوانی لە خەڵکی ڕۆژهەڵات ئەوەیە بە چاوەڕوانییەکانیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بچنەوە، پێویستە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتیش بە جدی بیر لە ڕێگاکانی دەربازبوون لە "ئاچمەز"ی ئێران ـ باشوور بکەنەوەو لەسەر بنەمای پوتانسێل و فاکتۆرە بەرهەستەکانی ڕۆژهەڵات بیر لە هەستانەوە بکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٨ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## کوردو بلۆکبەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانەکان

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بۆردومانی پێگەکانی داعش لە سووریە لە لایەن هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانییەوە بووتە هۆی ڕێگەگرتن لە قووڵبوونەوەی هەرچی زیاتری کارەساتێکی دیکەی مرۆیی کە لە ئاکامی هێرشەکانی ئەو هێزە ئیسلامییە توندڕەوەدا بەرۆکی نەتەوەی کوردی گرتوۆتەوە. ئەم هاوکارییە نیزامییە لە هاوکێشەکانی هێزدا بە دوای ئەوەدا دێ کە هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا دوای کارەساتی شنگال و قووڵبوونەوەی مەترسییەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان بۆ یەکەم جار پێگەکانی ئەو هێزە کارەساتخوڵقێنەیان لە نزیک هەولێر بۆردومان کرد. پشتیوانییەک کە هاوکێشەکانی شەڕی بە قازانجی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان گۆڕی و بەدڵنیاییەوە ڕێگەی لە بەرینبوونەوەی کارەساتی شنگال و کارەساتی لەوەش گەورەتر لەسەر نەتەوەی کورد گرت. ئەم پشتیوانییە ئاسمانییانەو هاوکات لەگەڵ ئەو، شەپۆلی هاوکاریی لۆژستیکی و مرۆیی وڵاتانی ئورووپایی لە هەرێمی کوردستان دەکرێ بە نیشانەی هاوستراتیژ بوونی کورد لەگەڵ ئەمریکاو لەگەڵ کورد لانیکەم لە هەرێمی کوردستان دانرێ؟ یان ئەوە کە کورد لە باشوور بە جۆرێکو لە ڕۆژئاوای کوردستان بە جۆرێکی دیکە تەنیا لە پەراوێزی ستراتیژی ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاواییدا، لە دوای کارەساتەکان لە پشتیوانیی ڕاستەوخۆو ناراستەوخۆی ئەو وڵاتانە بەهرەمەند بوون؟

بەم هۆیە کە پێگەی باشووری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان و جۆری هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی ئەم دوو بەشە زۆر جیاوازە، دەکرێ بڵێین تەنیا خاڵی وێکچوونی ئەم دوو پشتیوانییە ڕۆژئاواییەی لە گۆڕێ دایە ئەوەیە کە خەڵکی ئەم دوو بەشەی کوردستانیان لە کارەساتی گەورەتر دوور خستۆتەوە. ئەگینا ئەگەر پەلکێشییەکانی داعش بۆ سەر باشووری کوردستان و عێراق نەبایە، بەدوور دەزانرا ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی سەبارەت بە ڕووداوەکانی نێو سووریە دژکردوەی لەم چەشنە لە خۆیان نیشان بدەن.

کەواتە دەکرێ بگوترێ مەترسییەکانی داعش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە کوردستان و عێراقی شیعەو لەوانەش گرنگتر ترس لە پەرەگرتنی هێزێکی توندڕەوی ئیسلامی کە دەتوانێ تەناهیی ئەمریکاو ڕۆژئاواش بخاتە مەترسییەوە، هاندەری سەرەکیی پەرچەکردارو پشتیوانیی ئەمریکا بوون نەک وە مەترسی کەوتنی هاوپەیمانێکی

ستراتژیکی ناوچەیی. رەوتی رووداوەکانو کاتو ساتی ئەم پشتیوانیو پەرچەکردارانەش ئەم راستییەیان بە تەواوی دەرخست. ئەوەش چەند هۆکاری سەرەکیی هەیە. یەکەم ئەوە کە نە لە بەغداو نە لە هەرێمی کوردستان هاوپەیمانییەکی ستراتژیک لەگەڵ ئەمریکا زۆر بە کەمڕەنگ دەبیندرێ. دووەم هەم لە نێو هێزە سەرەکییەکانی زۆرینەی شیعەداو هەم لە نێو هێزە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستاندا نەک تەنیا کۆدەنگییەک بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ بلۆکی ئەمریکا لە ناوچەدا نیە، بەڵکوو بەشێک لەو هێزانەی باسیان کرا لە ژێر نفووزی بێسنووری کۆماری ئیسلامی دان.

لەوەش روونتر ئەوەیە کە هێرشەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی بۆ سەرداعش هەم عێراقو هەم لە سووریە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە قازانجی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیش دانو لە عێراق بە هاوئاهەنگیو لە سووریە بە ئاگاداریی ئەم وڵاتە ئەنجام دەدرێن. وڵاتێک کە خەنیمی راستەقینەی ئەمریکایە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

کەواتە دەکرێ بگوترێ باشووری کوردستان ئەگەرچی ناوچەی نفووزی ئەمریکاو بەشێک لە وڵاتانی بە هێزی رۆژئاواییە، بەڵام هەر لەو کاتەدا ناوچەی نفووزی ئێرانیشە کە بە خەنیمی ئەوان لە قەڵەم دەدرێ. دابەشبوونی هێزە سەرەکییەکانی کوردستان بە سەر بلۆکبەندیی ناوچەیی ئەم دوو رەوتە رکەبەرەدا یەکەم دەرەنجامی ئەوەیە کە مڵملانەکانی نێوان ئەو دوو بلۆکە دەگوازێتەوە بۆ نێوماڵی کورد. ئەوەش راستەوخۆ زیان بە بەرژەوەندە باڵاکانی کورد دەگەیەنێو دووەم باشووری کوردستان لە پوتانسیەلەکانی بلۆکێکی بەهێز بێبەش دەکا. بلۆکێک کە هەم توانایییەکانی زۆر لە بلۆکەکەی دیکە زیاترەو هەم ناتەبایی بەرژەوەندەکانی لەگەڵ کورد زۆر کەمترە.

لە رۆژئاوای کوردستانیش بەو هۆیەوە کە بلۆکبەندیی لایەنە بالادەستەکانی کورد لە سەر بنەمای بەرژەوەندەکانی ئەو پارچەیە شکڵی نەگرتوەو کۆپیی بلۆکبەنییەکانی هێزێکی باکووری کوردستانە، کورد بەتەواوی لە پەڕاوێزی ستراتژیی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دایە. کەواتە ئەگەر ئەمڕۆش لە چوارچێوەی شەڕی ئەمریکاو داعشدا لە شکستو کارەساتێکی گەورەتر دوور کەوتۆتەوە، بە هیچ شێوەیەک پێوەندیی بەوەوە نیە کە ئەمریکا بەرژەوەندییەکی هاوبەشی لەگەڵ کوردی رۆژئاوای کوردستان هەیە.

لە بلۆکبەندیی وڵاتانی زلهێزی دنیاو وڵاتانی ناوچەییدا کورد ئەگەر دەیەوێ بەرژەوەندەکانی پارێزراو بن، بەر

لە هەموو شتێک دەبێ بیر لە دارشتنی ستراتژیی نەتەوەیی خۆی بکاتەوە. بە بێ ستراتژییەکی نەتەوەییو بە دابەشبوونی هێزە سیاسییەکانی نێو بەشەکانی کوردستان بە سەر ئەو بلۆکبەندییەی لە ناوچەدا شکڵیان گرتوە، نەک ناتوانێ دەسکەوتی هەبێو هاوپەیمانی ستراتژیک بۆخۆی پەیدا بکا، بەڵکوو تووشی ململانەی قووڵی نێوخۆییش دەبێتەوە.

رۆژهەلاتی کورستان بەم هۆیەوە کە بلۆکبەندییە ناوچەییو نێودەوڵەتییەکان رەنگدانەوەیەکی راستەوخۆیان تێدا دروست نەکردوە، رەنگە دابەشبوونی راستەوخۆی هێزە سیاسییەکانیش بەم زەقییە هەست پێنەکرێ، بەلام بەدڵنیاییەوە کەوتنە ژێر کارتێکەریی هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکە کە بۆخۆیان لە ژێر کارتێکەریی ئەم بلۆکبەندییە دان، لە داهاتوودا شیمانەی سیناریۆکانی بەشەکانی دیکە لەوێ بەهێز دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

---

## پشتیوانی لە کۆبانی بەڵگەیەکی دیکەی "یەک نەتەوەیی" کوردان

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پێناسەی نوێی نەتەوە بریتییە لە هەستی هاوپێوەندی نەتەوەیی و خۆپێناسەکردنە لە چوارچێوەی شوناسێکی دیاریکراودا. زۆرن ئەو بۆنە تراژیدیک و ئەو سەرکەوتنانە کە بوونەتە مایەی خرۆشانی هەستی هاوپێوەندیی هاونەتەوەیی رۆڵەکانی نەتەوە کورد. هەرچەند بەداخەوە بۆنە تراژیدیکەکان زۆر زیاترن.

ئەم رۆژانە هەستی هاوپێوەندی لەگەڵ دانیشتوانی شاری کۆبانیی رۆژئاوای کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستان و بەگشتی کورد لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی دنیا تابلۆیەکی دەگمەنی خوڵقاند. تابلۆیەک کە لەودا رۆڵەکانی ئەم نەتەوە دابەشکراوو خاک داگیرکراوە جگە لە هاوخەمیی مرۆڤانە راستییەکی حاشاهەڵنەگریان وەبیر جیهانیان هێنایەوە. ئەم راستییەش ئەوەیە کە ستەمی مێژوویی دابەشکردنی کوردستان دوای چەند سەدەش نەیتوانیوە هەستی هاونەتەوە بوون لەلای رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە کاڵ بکاتەوە. بەڵکوو راست بەپێچەوانە پێ بە

پێی چوونە سەری ئاستی وشیاریی خەڵک و لە سایەی پەرەگرتنی تێکنۆلۆژیی زانیاری و پێوەندییەکاندا شوناسخوازیی نەتەوەی کورد بەرگێکی نوێ و سەردەمیانەی پۆشیوە.

دیمەنەکانی دربڕینی هاوپێوەندیی نەتەوەیی و بێزاریی لەو گەلەکۆمەکییەی لە سەر دەستی داعش دژی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کۆبانی لە هەموو بەشەکانی کوردستان و وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان لەگەڵ ئەوەدا زۆر پڕ واتاو جیاوازن، هەڵگری پەیامێکی گەورەشن. ئەو پەیامە هەم بەردەنگی نێودەوڵەتیی هەیەو هەمیش ناوچەیی کە بەر لە هەمووان حکوومەتی ئەو وڵاتانەن کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوەو ئەو وڵاتانەی کە لە پشت رێکخراوی تیرۆریستی و دڕندەی داعشەوەن.

رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە خستنەرووی ئەو دیمەنە دەگمەنە بە بیروڕای گشتیی جیهانیان راگەیاند کە ئەو نەتەوەیە جگە لە سەرکوتی سیستماتیکی حکوومەتەکانی زاڵ بەسەر کوردستان دا، رووبەرووی هەڕەشەی گەورەترین رێکخراوی تیرۆریستیی جیهانیش بوونەتەوەو بە تەنیاو بە بێ هیچ پشتیوانیەک شەڕی تیرۆر دەکەن.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان دیمەن هاوپێوندیی نەتەوەیی و بێزاری لە داعش و پشتیوانە ناوچەییەکانی، سەرەڕای هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەلارێدابردنی، ئەمجارەیان گەشتر لە هەر کات و لە ئاستێکی بەرفراوانتردا لە زۆربەی شارو ناوچەکان دا هەڵگری پەیامێکی گرنگیشە بۆ دەسەڵاتدارانی تاران. ئەم پەیامەش ئەوەیە کە پوتانسێلی شوناسخوازیی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی دەسەڵاتداران نەک تەنیا لە کزیی نەداوە بەڵکوو لە هەڵکشان دایە. هاوخەمی لەگەڵ کۆبانی لە ناخی خۆی دا هەڵگری پەیامی مافخوازانەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیشە. پەیامێک کە بێگومان دسەڵاتدارانی تاران باش لە واتاکەی دەگەن و هەوڵەکانیشیان لە پێناوی بەلاڕیدابردنی راست لەم راستییەوە سەرچاوە دەگرێ.

لە باکووری کوردستانیش راپەڕینی جەماوەریی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد جگە لە پشتیوانی لە هاونەتەوەکانیان سیاسەتی دژە کوردی کاربەدەستانی تورکیەی لە ئاست رۆژئاوای کوردستان و بەگشتی ساتوسەودای سیاسەتی دەرەکی ئەوانی تووشی کێشەی گەورە کردۆتەوە. بە چەشنێک کە پۆلیسی تورکیە بەدڕندانەترین شێوە کەوتۆتە وێزەی جەماوەری راپەڕیوو بە دەیان کەسی شەهیدو بە سەدان کەسیشی بریندارو دەستبەسەر کردوە.

راستە ئێستا دەسکەوتەکانی کورد لە باشوورو ویستی مافخوازی و دیمۆکراسیخوازیی کورد رۆژئاوای کوردستان لە پیلانێکی ناوچەیی دا رووبەڕووی هەڕەشەی تیرۆریسمێکی رێکخراوو پڕ چەک کراوەتەوەو رۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە دوو بەشەی کوردستان تووشی تراژیدیی گەورە بوون، بەڵام راستیی خۆڕاگریی و رەوایی کورد خەریکە سەرنجی جیهانیان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر لە هەر کات بەلای خۆی دا رادەکێشێ.

لەم نێوەدا خاڵی هەرە گرنگ سیاسەتی نەتەوەیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حیزب و رێکخراوە کاریگەرەکانی گۆڕەپانی سیاسیی بەشەکانی کوردستانە کە پێویستی بە پێداچوونەوەی جیدی هەیە. ئێستا ئیتر خەریکە زۆر درەنگ دەبێ کە هەموو ئەو لایەنانە بە سیاسەتیی نەتەوەیی خۆیان دا بچنەوەو کارێک بکەن تراژیدییە نوێیەکان ببنە هەوێنی دەسکەوت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

---

## کێ لە پشت کردەوەی نامرۆڤانەی ئەسیدپڕژاندنەوەیە؟

لە رۆژانی رابردوودا زنجیرە کردوەی ئەسیدپڕژاندن بە ژناندا لە شاری ئیسفەهان، کۆمەڵگەی ئێرانی تووشی نیگەرانییەکی قورس کرد. نیگەرانی لەوە کە دوژمنانی ئازادییەکانی خەڵک سەرەڕای تاقیکردنەوەی دەیان شێوازی سەرکوتو پێشێلکاریی ئاشکرای مافو ئازادییەکانیان، دەیانەوێ بە ناوی پاراستنی بەها ئایینییەکان بە بەرچاوی خەڵکەوە دڕندەیی خۆیان ئاشکراتر بکەن.

ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە نارەزایەتییەکی بەرینی لە نێو کۆمەڵگەی ئێراندا دروست کردوە. بە چەشنێک کە دوێنێ خەڵکی ناڕازی هەم لە ئیسفەهانو هەم لە تاران کۆبوونەوەی نارەزایەتییان پێک هێنا.

هەرچەند کردەوەی لەم چەشنە شتێکی نوێ نیە، بەڵام ئەم زنجیرە کردەوە قێزەونانەیە دوابەدوای ئەوە ئەنجامدراون کە ماوەیەکە کۆنەپارێزانی سەر بە رێبەری کۆمار ئیسلامی بە ئاشکرا دەوڵەتو مەجلیسیان خستۆتە

ژێر فشارەوە بۆ ئەوەی دەستی گۆپاڵبەدەستو چەقۆکێشەکانی حیزبوڵلا ئاوڵا بکەن تا بە وتەی خۆیان لە سەر شەقامو شوێنە گشتییەکاندا بە شێوازی خۆیان!! ڕووبەڕووی بەدحیجابی ببنەوە. ئەوانو ئیمامانی نوێژی هەینیو ئایەتوڵلا دەسەڵاتدارەکان بە ڕاشکاوی هاوار دەکەن کە شێوەی دەرکەوتنی ژنان لەگەڵ بەها ئایینییەکانی ئەوان لە ناتەبایی قووڵ دایەو ئیسلامی خستۆتە مەترسییەوە.

دەنگدانەوەی ئەم زنجیرە کردەوە نامرۆڤانەیەو سەرهەڵدانی تووڕەییو نارەزایەتییەکی بەربڵاو لە نێو کۆمەڵگەداو لەوەش گرنگتر گرێدانی ئەم تاوانانە بە سیاسەتو قانوونی ئەمر بە مەعرووفو نەهی لە مونکیرەوە کاردانەوەی کاربەدەستانی لێکەوتۆتەوەو ئەوان هەر زوو کەوتنە پاکانە بۆ خۆیان. ئەوان لەگەڵ ئەوەدا بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن کەسانی سەرەڕۆ وەک بکەری ئەم تاوانە قێزەونانە بە بیروڕای گشتی بناسێن، لە ڕواڵەتدا داوای لێکۆڵینەوەی بەپەلەو دیاریکردنی سزای قورسیش بۆ بکەرانی ئەم تاوانانە دەکەن. تەنانەت مەجلیسی شورای ئیسلامی دوای دەستپێکردنی ئەم زنجیرە ئەسیدپڕژاندنەدا لە ژێر فشاری بیروڕای گشتیدا ناچار بوو سنوورێک بۆ شێوازی پیادەکردنی ئەم قانوونە سەدە نێوەڕاستییە دابنێ.

لە کەس شاراوە نیە کە ئەنجامدەرانی ڕاستەوخۆی ئەم تاوانە نوێیانە هەمان ئەو دەستەو تاقمانەن کە لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا سیاسەتی فشارو سەرکوتی نارەسمییان جێبەجێ کردوە. حیزبوڵلاو تاقمو دەستەکانی فشار کە وێڕای هێزە سەرکوتکەرەکان بگرە بە دەستئاوەڵاییەکی زیاتریشەوە نارەزایەتییەکانی خەڵکیان سەرکوت کردوە، لە سەر شەقامو لە نێو شوێنە گشتییەکاندا پەلاماری ژنانو لاوانیان داوە، کارنامەیان پڕ لە تاوانی دژەمرۆڤانە. ناوو کردەوەکانی چەقۆکێشەکانی حیزبوڵلا کە بە ئاشکرا سەر بە خامنەییو دامودەزگا ئیتلاعاتیو ئەمنیەتییەکانن، ناوێکە لە ڕیزی ناوی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەم ڕێژیمەدا.

ئەوە کە حیزبوڵلاییەکانی سەر بە خامنەییو دامودەزگا ئەمنییەتییەکان سەرەڕای ئەو فشارە قورسەی لە ئاکامی سەرکوتو زیندانو ئیعدامدا خستوویانەتە سەر کۆمەڵگە پەنا بۆ کردەوەی لەم چەشنەش دەبەن نیشانەیەکی زەقی دیکەی بێئاکامیی و شکستی سیاسەتی سەرکوتی ئازادییەکانو سیاسەتی بە ئیسلامیکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکە. ئەوان پێیان وایە بە چاوترسێن کردنی ژنانو لاوانی وڵات دەتوانن ڕێگایەکی دیکە بۆ ناچارکردنی کۆمەڵگە بە ملدان بە سیاسەتو بیروڕا کۆنەپەرستانەکانیان بدۆزنەوە. غافڵ لەوە کە ئەگەر ئەم شێوازانە کە زیاتر لە ٣٥ ساڵە بە نامرۆڤانەترین ئامرازەکان پیادە دەکرێن لە مێژە بێئاکامبوونیان بۆ هەموو لایەک

دەرکەوتوە.

ئەوەش کە دەزگــای قەزایــیو پــۆلیس ئەم زنجیــرە تاوانــانە تــا ئاســتی پێوەندیــدان بە هۆکــاری تاکەکەســی دێننەخــوارێ، تەنیــا بــۆ ئەوە دەگەڕێــتەوە کە ئەوان دەیــانەوێ قورســایی ئەم تاوانــانەو نــاڕەزایەتییەک کە چاوەوانیان دەکرد لە سەر شانی خۆیانو حیزبوڵڵاو دارودەستە چەقۆکێشەکانی سەر بە دەسەڵات کەم بکەنەوە.

دەوڵەتــی روحــانی کە بە وادەی باشــکردنی دۆخــی ئازادییەکــانو خوڵقانــدنی کەشــێکی جیــاوازتر لە ســەردەمی ئەحمەدینــژاد هــاتە مەیــدان، لە مــاوەی رابــردوودا لەگەڵ ئەوەی ویــستوویەتی روانگەیەکــی هێنــدێک جیــاوازتر لە توندڕەوەکانی لایەنگری بەیتی رێبەری نیزام بێنێتە گۆڕێ، کەچی وەک دەبینــرێ بەکردەوە لەوپەڕی بێتوانــایی دایە. وەک دەبینــرێ ئەم دەوڵەتە لە دوای هــاتنە ســەرکاریەوە جگە لە دروشمو نەیتوانیــوە بەکــردەوە داکۆکی لە دەسەڵاتەکانی خۆشی بکا. جگە لە مەجلیسو دەزگای قەزایی کە راستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی پــاوانخوازانی توندڕەو دان، تەنانەت دەزگا ئەمنیەتیو ئیتلاعاتییەکان کە دەبێ لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت دا بن، راستەوخۆ لە ناوەنــدی سەرەکیی دەسەڵات واتە بەیتی رێبەرییەوە خەت وەردەگرن. بەم چەشنە ئەم دەوڵەتە کە بە دەنگی خەڵک جڵەوی دەزگای بەڕێوەبەری ئێرانی بەدەستەوە گرتووە وەک بەڵێنی دابوو هەوڵ بــۆ پاراستنی ئازادییەکــانی خەڵک دەدا، نیشــانی داوە لە تەماشاچییەک زیــاتر نیە. ئەگینــا لە کێ شاراوەیە بەم هەمــوو بانگەشەیەی بــۆ ســەرکوتی ژنــانی بەنــاو بەد حیجاب وەڕێ کەوتوە، لە حالێکدا چەند مانگ لەمەوبەر مەجلیس قانوونی کۆنەپەرستانەی هــاندان بــۆ چــاکەو دوورخســتنەوە لە خراپە پەسند دەکــاو ئــایەتووڵڵا توندڕەوەکانو حیزبــوڵڵا بە ئاشکرا هەڕەشــە لە ژنــان دەکەن کێ لە پشت ئەم زنجیرە تاوانە دژە مرۆڤانەیەوەیە؟

لەم دۆخەدا کە خەریکە ویژدانی مرۆڤانەی خەڵک لەو تاوانانە دێتە دەنگو بیروڕای گشتیی جیهــانی بە چــاوێکی کراوەوە ئاگای لە تاوانەکانی داعشەکانی ئێرانە، پێویستە پەرە بە ناڕەزایەتییەکــانو داکۆکی لە مــافو ئــازادییە پێشێلکراوەکان بــدرێ. نــاڕەزایەتی نیشــاندان بە تــاوانی ئەسیدپرژاندن بە ژنــان دەکــرێ بکرێتە ســەرەفەسڵێک بــۆ رابــوونێکی بەربــڵاو لە ئاســتە جۆراوجۆرەکــاندا بە چەشــنێک پاشەکشــەی پــاوانخوازانی توندڕەوی لــێ بکەوێــتەوەو دەرفەتێک بۆ هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی تاوانەکانی ئەم رێژیمەی بێنێتە گۆڕێ.

لەم نێوەدا زۆر پێویستە فشارێکی هەرچی زیاتر بۆ سەر دەوڵەتی روحانی دروست بکرێ، دەوڵەتێک کە لە ژێر

ناوی میانەڕەویو هەوڵدان بۆ کرانەوە، دەنگەکانی کۆمەڵانی خەڵکی بۆ خۆی کۆکردەوە. خەڵک دەبێ ئەمجارەیان بە لێبڕاوییەکی هەرچی زیاترەوە روحانیو دەوڵەتەکەی ناچار بکەن یان لە بەرانبەر وادەو بەڵێنەکانیدا وڵامدەر بێ، یان بە راشکاوی ددان بە بێدەسەڵاتیی خۆیان دابنێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## رۆژهەڵاتتەوەری، گوتارێک بۆ تیۆریزەکردنەوەی بنەماکانی خەباتێکی بەرفراوان

لە یازدەیەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا کە لە رۆژەکانی ٢٤ و ٢٥ ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ دا بەڕێوەچوو، گوتاری رۆژهەڵاتتەوەری کە ماوەیەکە لەلایەن رێبەریی ئەم حیزبەوە هاتۆتە گۆڕێو کاری بۆ دەکرێ، کەوتەوە بەر باس. لەم پلینۆمەدا لەگەڵ ئەوەدا کارکردی تا ئێستای ئەم حیزبە لەم پێوەندییەدا هەڵسەنگێندرا، هەوڵ درا پێناسەیەکی وردتر لە بارەی ئەم گوتارەوە بخرێتەڕوو.

هەرچەند رۆژهەڵاتتەوەری گوتاری سەرەکیو بنچینەیی تێکۆشانی ئەم حیزبەیەو لەگەڵ فەلسەفەی دامەزرانو خەباتی ئەم حیزبە بە تەواوی ئاوێتە بوە، بەڵام بەم حاڵەش لە چەند بڕگەی مێژووییداو یەک لەوان لە دوو دەیەی رابردوودا بە هۆکاری جوراوجۆر پتانسیەلو تواناکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان بەو شێوەیە کە پێویستە رووی لە هەناوی ئەم کۆمەڵگایە نەبووە. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە هەم جۆرێک مەودا لە نێوان بزووتنەوەو کۆمەڵگەدا دروست بێو هەم پتانسیەلە بەرفراوانە کۆمەڵایەتیو جەماوەرییەکانی کۆمەڵگا لە پێناوی ئامانجی سەرەکیدا کانالیزە نەکرێ.

یەکێک لە خەسارەکانی دیکەی ئەم قۆناخە بریتییە لەوە کە بەرژەوەندییەکانو ئاستی ئاکتیوبوونی بزووتنەوەی رۆژهەڵات لە هێندێک حاڵەتدا راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کەوتۆتە ژێر کارتێکەریی هەلومەرج یان بەرژەوەندییەکانی پارچەکانی دیکەوە. یان ئەوە کە پوتانسیەلی شۆڕشگێرانەی ئەم بەشەی کوردستان بە قازانجی

ڕێکخراوەکانی پارچەکانی دیکە بەکار هێنراوە. ئەوش نەک هیچ قازانجێکی بۆ بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات یان کۆی بزووتنەوەی کورد نەبوە، بەڵکوو بۆتە هۆی ئەوە کە کوردی ڕۆژهەڵات ئاواتەکانی خۆی لە دەرەوەی ئەم بەشە بدۆزێتەوە. دیاردەیەک کە بەتەواوی بەدڵی دەسەڵاتی ناوەندی ئێرانو بە زیانی بزووتنەوەی کورد لەم بەشە شکاوەتەوە. لە ئاکامیشدا وەک دەبینرێ ئەم بزووتنەوەیە سەرەڕای ئەم پتانسێلە مێژوویی‌و جەماوەرییەی هەیەتی لە ئاستێکدا کە شایانی خۆیەتی نەک مەیدانداری ناکاو لە هاوکێشەکاندا قورسایی جارانی نەماوە، بەڵکوو تووشی جۆرێک چاوەڕوانیی درێژخایەن بووە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کە گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەری لە ڕاستیدا بە واتای نوێژەنکردنەوەی بنەما ڕەسەنەکانی تێکۆشانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانو بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە ئەویش بریتییە لە خەباتو تێکۆشان لە پێناوی دابینبوونی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان. گوتارێک کە لەودا سەرەڕای بڕوا بە ئاواتی ڕەواو لە مێژینەی سەربەخۆیی‌و یەکگرتنەوەی کوردستان، واقعبینییەکی سیاسیی کردۆتە بنەمای خۆی. هەروەک لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا بەڕوونی ئاماژە بەم خاڵە گرنگە کراوە کە " وەها سیاسەتێک بە هیچ جۆر دژایەتیی لەگەڵ بەرپرسایەتییە نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بە مانای ئەوەیە کە تێ بکۆشرێ لە ڕێگەی هێنانەوە نێو ڕۆژەڤی پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فاکتەری گشتیی کوردی بەهێزترو کامڵترو کاراتر بکرێ."

گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەری لەوبارەیەوە هەڵگری ڕیسالەتی مێژوویی ئەم قۆناخەیە کە دەیەوێ هەموو بەستێنەکانی خەبات، هەم خەباتی شۆڕشگێڕانەو هەم خەباتی مەدەنی‌و جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو چوارچێوەیەکی نوێی هاوبەشدا پێناسە بکاتەوەو پێکەوەیان گرێ بداتەوە. لەمبارەیەوە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حدکدا هاتوە: "ڕۆژهەڵات مێحوەری تەنیا لە بەستێنی شۆڕشگێڕیدا خولاسە نابێتەوەو پێویستە ڕۆژهەڵاتتەوەری لە هەموو ئەو بەستێنە سیاسی‌و مێدیایی‌و جەماوەرییانەی خەباتێکی فرەڕەهەنددا کە پێویستە هێزێکی بەرپرسیارو وڵامدەر لە سەردەمی ئێستادا بەڕێوەی ببا، خۆی ببینێتەوە."

لە پێوەندی لەگەڵ میکانیزمی پێوەندیی نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەشدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان قامکی لەسەر خاڵێکی گرنگ داناوەو ئاماژە بەمە دەکا کە: " دیالۆگ و پێوەندیی نێوان

هەردوو بەستێنی شۆڕشگێڕی و مەدەنی بە چەشنێک ڕێک بخرێ کە لەژێر سایەی ریسالەتی مێژوویی پرسی کورد لە ئێراندا هەموو تێکۆشەران و نیشتمانپەروەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی هەماهەنگو بە ئاقارێکی هاوبەشدا هەنگاو هەڵێننەوە."

بەم پێیە کۆڵەکەیەکی سەرەکیی دیکەی ئەم گوتارە ئەوەیە کە هەموو تواناکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵات بە چاوێکی واقعبینانە چاویان لێبکرێو لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا بخرێنە پێوەندییەکی هەمەلایەنەوە. لە چوارچێوەی ئەم گوتاردا مێژوو، ئەزموون، پێگەی کۆمەڵایەتیو سەنگی سیاسیی حیزبە سیاسییەکان لەلایەکو لەکایەکی دیکەوە ئەو تواناو پوتانسێلە گەورەیەش کە لە بەستێنی خەباتی مەدەنی، جەماوەریو فەرهەنگیدا خۆی دەرخستوە بە شێوەیەکی لۆژیکی دەکەونە پێوەندییەوەو تواناکانیان دەخەنە سەر یەک.

کەواتە ئەم ئامانجە سەرەکییانەی دەکرێ بۆ ئەم گوتارە دەست نیشان بکرێن بەم شێوەیە کورت دەکرێنەوە: یەکەم، ئەولەویەتدان بە بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دووەم، خوێندنەوەیەکی نوێو واقعبینانە لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. سێیەم، دروستکردنی پێوەندییەکی لۆژیکی لە نێوان هەموو بەستێنەکاندا. چوارەم کانالیزەکردنی هەموو بەستێنەکان بەرەو ئامانجێکی هاوبەش کە بریتییە لە بە فاکتەرکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکاندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

---

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەم تاقیکارییەکی گرنگ دا

### (پشتیوانی لە مانگرتنی بەندییە سیاسییەکان، دەرفەتێک بۆ چالاکییەکی هەمەلایەنە)

مانگرتنی بەندییە سیاسییەکانی بەندیخانەی ورمێ پێی نایە سێیەم حەوتووی خۆیەوە. بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ ٢٩ بەندیی سیاسیی کورد لە ڕێکەوتی ٢٩ی خەزەڵوەرەوە مانیان لە خواردن گرتوە. مانگرتنی ئەو کۆمەڵە

لە بەندییە لە کاتێک دا درێژەی هەیە کە بەرپرسانی بەندیخانە بەندییە مانگرتووەکانیان خستۆتە ژێر فشارو هەڕەشەی جۆراوجۆری وەک دوورخرانەوە بۆ بەندیخانەی شارە دوورەکان، پێکهێنانی پەروەندەی نوێ بە تاوانی ئاژاوەنانەوەو سەرکوتکردنی مانگرتووان.

ئەم مانگرتنە لە پێناوی مافە سەرەتاییەکانی وەک جیاکردنەوەی بەندی بەندییە سیاسییەکان لە تاوانبارانی کۆمەڵایەتی کە لە نێویاندا کەسانی مەترسیدارو قاچاخچیەکانی مادده هۆشبەرەکان بەدی دەکرێن، کۆتاییهێنان بە هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە لەگەڵ بەندییە سیاسییەکانو بەگشتی دۆخی خراپی بەندیخانە وەڕ خراوە.

لە سێبەری ڕێژیمە سەرەڕۆو پاوانخوازەکاندا بوونی بەندیی سیاسیو بیروباوەڕ شتێکی ئاساییە. ئاسایی لەو بارەیەوە کە لە روانگەی دەسەڵاتدارانو یاساکانیانەوە تێکۆشان لە پێناوی ئازادیداو دژایەتیی سەرەڕۆیی دەسەڵاتدار تاوانێکی نەبەخشراوەو لە سەرووی قورسترین تاوانە باوەکانیشەوە پلەبەندی دەکرێ. دیاردەی بەندیی سیاسیو تاوانە دژە مرۆڤانەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە بەندییە سیاسییەکان هەر لەگەڵ دامەزرانی ئەم رێژیمە سەری هەڵداوە. بۆیە دەتوانین بڵێین بەندییە سیاسییەکان هێماو روونـاکیی بلێسەی ئەو خەباتە ئازادیخوازانەیەن کە بە درێژایی تەمەنی ئەم ڕێژیمە لە ئێرانو بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادا بووە هەیە.

بەندییە سیاسییەکانی بەندیخانەی ورمێ بەم مانگرتنەیان کە لەگەڵ پشتیوانیی هاوچارەنووسەکانیان لە بەندیخانەکانی دیکەی ئێرانیش بەرەوڕوو بوە، پەیامێکی روونو گرنگیان گەیاندە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەلایەکو کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کورستان لەلایەکی دیکەوە. ئەوان بەم هەنگاوە خەباتکارانەیەیان جارێکی دیکە ئەم راستییەیان بە دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە سەلماندەوە، کە سیاسەتی سەرکوتو سێدارە پاش ٣٥ ساڵ نەک سەرکەوتوو نەبوە، بەڵکوو ئیرادەی خەباتکارانەی رۆڵە ئازادیخوازەکانی نەتەوەی کوردی پتەوتر کردوە. بە چەشنێک کە ئێستاش پاش ٣٥ ساڵ سەرکوتو سێدارە رۆڵەکانی ئەم نەتەوە مافخوازە لە گیانبازیو بەندیخانەو سێدارە ناپرینگێنەوە. پەیامی بەندییە مانگرتوەکان روو لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە کە کاتی ئەوەیە بە شێوازی جۆراوجۆر خۆیان لەوان، کە لە راستیدا مەشغەڵدارانی مافو ئازادییەکانی ئەوانن، بە خاوەن بکەنو بە هەر شێوەیەک لە دەستیان دێ پشتیوانییان لێبکەن. ئەوان بەم مانگرتنەی خۆیان ئەم راستییە وەبیر هەموو لایەکمان دێننەوە کە ئەگەر ئەوان لە بەندیخانەکانی سەرەڕۆیانو پاوانخوازانی دەسەڵاتداردا دەتوانن مایە لە

خۆیان دانێن‌و شەوەزەنگی بێدادی بشکێنن، بۆیە سروشتییە کە چاوەڕوانییان لە کۆمەگەی کوردستان ئەوە بێ بە پشتیوانی لەوان دژ بەو شەوەزەنگی سەرکوتو دمکوتکردنە بدەن کە کۆماری ئیسلامی پێی وایە توانیویەتی بە سەر کوردستاندا بیسە پێنێ.

هەر چەند بەداخەوە تێچووی تێکۆشانی سیاسی لە ژێر دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە قورس بووە داکۆکی لە زیندانیانی سیاسییش دەچێتە خانەی دژایەتیی ئەم ریژیمەوە، بەلام ئەوە بەم مانایە نیە کە کۆمەڵگەی کوردستان‌و رۆڵەکانی نەتەوەی کورد هیچ رێگایەکیان بۆ پشتیوانی لەو رۆڵە خەباتکارانە لە بەردەمدا نەمابێتەوە. بۆیە زۆر پێویستە حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان‌و چالاکانی سیاسی‌و مەدەنی وەک دینامیزمەکانی رێکخستنی کۆمەلانی خەڵک زۆر جیدیتر لەوە کە تا ئێستا بینراوە ولامی ئەم پەیامەی بەندییە سیاسییە مانگرتوەکانی بەندیخانەی ورمێ بدەنەوە. چونکە ئەزموونەکانی پێشوو دەریانخستوە مانگرتنی بەندییە سیاسییەکان لە نێو بەندیخانەکاندا کاتیک دەتوانێ دەسکەوتی زیاتری هەبێ‌و لانیکەم دەسەلاتدارانی ئەم رێژیمە ناچار بکا داخوازەکانی بەندییە سیاسییەکان قبوڵ بکەن کە کەوتبێتنە ژێر فشارەوە.

پشتیوانی لە بەندییە سیاسییە مانگرتوەکان بە تایبەت لەم هەلومەرجەدا کە کۆمەڵگەی رۆژهەلاتی کوردستان ئەزموونێکی سەرکەوتووی لە پشتیوانی لە هاونەتەوەکانمان لە باشوورو رۆژئاوا لە خۆی نیشان داوە، دەتوانێ نیشانەی ئەم راستییە بێ کە ئەم کۆمەڵگە لەسەر وەدەستهێنانی مافو ئازادییە زەوتکراوەکانی خۆیشی هەر وا پێداگرە.

وەڕێ خستنی کەمپەین‌و چالاکیی مەدەنیی گونجاو لە شارو ناوچەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، سەردانی بنەماڵەی بەندییە سیاسییەکان، بە میدیایی کردنی هەرچی زیاتری پرسی بەندییە سیاسییەکان، وەڕێخستنی خۆپێشاندان لە بەردەم باڵوێزخانەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جۆراوجۆری دنیاو گەیاندنی دەنگی بەندییە سیاسییەکان بە کۆڕو کۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤو وڵاتانی رۆژئاوایی‌و میدیا جیهانییەکان بەشێک لەم چالاکییانەن کە دەکرێ بە کەلک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان رێک بخرێن.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین مانگرتنی بەندییە سیاسییەکانی بەندیخانەی ورمێ ئەگەر لەلایەک نیشانەیەکی بەرچاوی خۆڕاگریی بەندییە سیاسییەکانە لە بەرانبەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیدا، تاقیکارییەکی دیکەشە

بۆ حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانو چالاکانی سیاسیو مەدەنیی نێوخۆی وڵات. ئەوان کاتێک دەتوانن تاقیکارییە بە سەرکەوتوویی تێپەڕ بکەن کە جیدیتر لە هەر کات ئاوڕ لە ڕۆژهەڵاتو خەم ئازارەکانی، کە بەندییە سیاسییەکان بەشێکی گرنگی ئەوانن، بدەنەوە. چونکە پشتیوانی لە بەندییە سیاسییەکان لە ڕاستیدا بە واتای وەدەنگ هاتنە لە سەر مافی ڕەوای ئازادیی بیروڕاو تێکۆشانی سیاسی. ڕێکخستنی پشتیوانی مەدەنیو جەماوەریو شێوازەکانی دیکەی پشتیوانیی هەمەلایەنە تەنیا ڕێگای سەرکەوتنە لەم ئەزموونەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی دێسەمبەری ٢٠١٤

---

## زمان شوناسی نەتەوەییمانە، بیپارێزین

ئیرینا بوکوا، سکرتێری یۆنسکۆ بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی لە ساڵی ٢٠١٢ دا لە پەیامەکەیدا گوتی: "زمانە زگماکییەکانی ئێمە، شوناسی ئێمەن. بە پاراستنی ئەوان لە ڕاستیدا پارێزگاریمان لە خۆمان کردوە".

ڕۆژی ٢١ی فێوریە، ڕۆژی زمانی زگماکی، دەرفەتێکە کە لەودا باس لە گرنگیی پاراستنی زمانەکەمانو هەروەها لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو مەترسییانە بکەین کە لە ئاکامی درێژەکێشانی بێمافیی نەتەوەکەمان ڕۆژانە ڕووبەرووی زمانی کوردی دەبنەوە. ئەم ڕۆژە هەروەها دەرفەتێکیشە بۆ وەڕێخستنی چالاکیی کۆمەڵایەتیو بەرزکردنەوەی هاواری مافخوازیو ناڕەزایەتی لە سیاسەتی تواندنەوەی زمانو فەرهەنگو بەگشتی شوناسی کوردی لە لایەن ئەو حکومەتانەوە کە بەسەر کوردستاندا زاڵن. چونکە بەداخەوە هەر ڕۆژێک کە بە ڕۆژانی بێمافیی نەتەوەکەمانەوە زیاد دەبێ، زمانەکەمانو لە ڕێگای ئەویشەوە شوناسی نەتەوەییمان زیانو خەساری زۆرتریان لێدەکەوێ.

دەکرێ بڵێین لە دوای دامەزرانی دەوڵەتی مودێرن لە ئێراندا سیاسەتی تواندنەوەی شوناسە نەتەوەییە نافارسییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک دەستی پێکردوە. پێ بە پێی گەشەکردنی سیستمی پەروەردەو ڕاگەیاندنو دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتیش کارتێکەریی ئەم سیاسەتە زیاتر بووە ڕەوتی تواندەوەی شوناسەکانی دیکەی

لانیکەم لە بەستێنی زمانو فەرهەنگدا خێراتر کردوە. روانینێکی سەرپێیی لە زمانێک کە ئاخێوەرانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان پێی دەئاخون، یان کورتە سەرنجێک لە دۆخی فەرهەنگیی نەتەوەیی نەتەوە نافارسەکانی نێو جوغرافیای ئێران دەتوانن بەڵگەیەکی بەهێز بن بۆ ئەم قسەیە.

لە پێوەندی لەگەڵ کوردو زمانەکەیدا ئەم دۆخە تایبەتیتریشە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم نەتەوەیە چ پێش دامەزرانی دەوڵەتی مودێرنو چ دواتریش بە شێوەیەک لە شێوەکان لە خەباتێکی نەپساوە دابوە لە پێناوی بە دەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیو پاراستنی شوناسە نەتەوەییەکەی. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە سیاسەتی تواندنەوەی شوناسی ئەم نەتەوەیە لە بەستێنە جۆراوجۆرەکاندا سیاسەتێکی داڕێژراوترو پلانمەندتر بێ. ئاورێک لە سیاسەتەکانی ریژیمی پاشایەتیو سەرنجێک لە سیاسەتەکانی رێژیمی ئێستا بە روونی ئەو راستییە دەردەخەن کە ئەم رێژیمانە بێجگە لە پلانێکی گشتی بۆ یەکدەستکردنی شوناسی دانیشتوانی نێو جوغرافیای ئێران، هێندێک پلانی تایبەتیشیان بۆ تواندنەوەی شوناسی نەتەوەی کورد بەکار هێناوە. بۆ وێنە لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا دەتوانین ئاماژە بە سیاسەتو پلانێکی لە رواڵەتدا سادەخەڵەتێنو لە نێوەرۆکدا شۆوینیستی بکەین کە هەر ئێستاش درێژەی هەیە. ئەویش بریتیە لەو بەرواڵەت دەرفەتانەی لە راگەیەنە فەرمییەکاندا بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی رەخساندوویانە. لەلای هەر کەسێکی تۆزێک شارەزا لە بابەتی زمانو فەرهەنگ ئاشکرایە کە ئامانجی سەرەکیی دەسەڵات لەلایەک پەرەپێدان بە زمانێکە کە تا دێ زیاتر لەگەڵ زمانی فارسی ئاوێتە بێ، بە چەشنێک کە لە قۆناخی یەکەمدا هەم خزمەت بە جۆرێکی نەرمتر لە توانەوەی زمانی کوردی لە زمانی فارسیدا بکاو هەمیش لە رێگای ئەوەوە پەرە بە ئیدیۆلۆژیو سیاسەتەکانی دەسەڵات بدرێ. لەلایەکی دیکەشەوە ئامانجی دەسەڵات لە دەرفەتدان بە بڵاوبوونەوەی بەرنامە بە زمانی کوردی بریتییە لە کاڵکردنەوەی داخوازە نەتەوەییە کەلەکەبوەکانی خەڵکی کوردستان کە بەشێکی لە پرسی زمانو فەرهەنگدا رەنگ دەداتەوە.

دیارە پێویستە لەم نێوەدا ئاماژە بە دەوری بەشێک لە دڵسۆزانی راستەقینەی زمانو فەرهەنگی کوردی بکرێ، کە هەوڵیان داوە چەندی دەکرێ کارتیکەرییەکانی ئەم سیاسەتو پلانەداڕێژراوە بگرنو لە هێندێک حاڵەتیشدا بیکەن بە دەرفەت بۆ خزمەتی راستەقینە بە زمانو فەرهەنگی نەتەوەکەیان.

کەواتە گومانی تێدا نیە، مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان مەترسییەکی زۆر جیدییە. هەرچەند رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی دەرفەتێکە کە لەودا بیر لە رێگاکانی بەرەنگابوونەوە لەگەڵ ئەم

مەترسییانە بکەینەوەو هاواری مافخوازیو شوناسخوازیی خۆمان بەرزتر بکەینەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەوە کەمترین کارێکە کە دەبێ بکرێ. لەم بڕوایە دام گەورەیی ئەو مەترسییەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر زمانی کوردییە بە چەشنێکە کە پێویستی بە خەباتێکی هەمەلایەنەی ڕۆژانە هەیە.

هەرچەند لە ساڵانی داویی‌دا بە هەوڵو تێکۆشانی نووسەرانو چالاکانی فەرهەنگی چاپو بڵاوکردنەوەی کوردی لە چاو رابردوو زۆر زیادی کردوە، هێندێک دامەزراوەی تایبەت بە فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینی کوردی لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکان دامەزراونو ژمارەیەکی بەرچاو کاناڵی تلویزیۆنی لە دەرەوەی وڵات بەرنامە بە زمانی کوردی بڵاو دەکەنەوە، بەڵام هەمووی ئەوانە لە توانایاندا نیە بەرپەرچی بەشێکی کەم لەو مەترسییە بدەنەوە کە لە ئاکامی سیاسەتی تواندنەوەوە لەسەر زمانی کوردییە. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو بەرنگاربوونەوەیەی دەکرێ زۆر نایەکسانە.

هەرچەند چاوەڕوان ناکرێ بەو توانا ماددیو ئینسانییەی لەم پێوەندییەدا لە دەست کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە بەرەنگارییەکی تەواو عەیار لەگەڵ سیاسەتو پلانی تواندنەوەی زمانی کوردی بکرێ، بەڵام ئەوە بەم واتایەش نیە کە هێزی بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵگەی کوردستانیش هەر ئەوەندەیە. من پێم وایە ئەگەر هەر تاکێکی وشیاری کورد، هەر چالاکێکی مەدەنیو فەرهەنگی، هەر میدیایەکی کوردی خەمی پاراستنی زمان بە پرسی شوناسخوازییەوە گری بداو بەکارهێنان، فێربوونو فێرکردن بکا بە ئەرکی ڕۆژانەی خۆی، دەکرێ چاوەڕوان بین رووبەری بەرنگاربوونەوەکە زۆر لەوە کە هەیە بەرینتر بێتەوە.

خاڵێکی گرنگی دیکە لەم پێوەندییەدا ئەوەیە کە پرسی پەروەردە بە زمانی کوردی جارێکی دیکە بکرێتەوە ڕۆژەڤی تێکۆشانی چالاکانی فەرهەنگیو مەدەنی، نووسەرانو ڕۆژنامەنووسان. لەم پێوەندییەدا پێویستە فشار بخرتە سەر نوێنەرانی مەجلیس، کەمپەینی جواراوجۆر لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەڕێبخرێ.

لە کۆتایی‌دا پێداگری لەسەر ئەو خاڵە گرنگە دەکەمەوە کە بە بێ گرێدانی پرسی پاراستنو گەشەپێدانی زمانی کوردی بە پرسی شوناسو شوناسخوازییەوە ناتوانین چاوەڕوانی سەرهەڵدانی ئەو شەپۆلی وشیارییە بین کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی ئاسمیلەکردنو تواندنەوەی نەتەوەیی پێویستە. چونکە ئەوە راستییەکی نکۆڵیلێنەکراوە کە دەسەڵاتە ناوەندییەکانی ئێران دەیانەوێ لە ڕێگەی تواندنەوەی زمانو فەرهەنگی کوردییەوە شوناسی

نەتەوەییەکەشی بەرەو پووکانەوە بەرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٥

## بەرەو حەماسەی نەورۆز

دیسان نەورۆزەو پێویستە هەموو رۆڵەکانی کورد بە مەشغەڵی ئاگرەوە دڕ بە شەوەزەنگی ئازادیکوژانو تاریکبیران بدەن. چونکە لەم سەردەمی خۆناسینی نەتەوەییەدا نەورۆزو ئاگرو رووناکی لەلایەک تەعبیر لە شوناسی ئێمەی کورد دەکەنو لە لایەکی دیکەوە چەکێکی گشتین کە هەمووان دەتوانن بە هۆی ئەوەوە دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ستەمو بێدادیی تاریکپەرەستان دەرببڕن. تاریکبیرانی دەسەڵاتدار هەر لە سەرەتاوە واتە بەر لەوە کە دەسەڵاتیش بەدەستەوە بگرن، هەستیان بەو راستییە کردوە کە نەورۆز وەک یەکێک لە هێما دێرینو رەسەنەکانی نەتەوەی کورد لەگەڵ بیرو باوەڕە کۆنەپەرستانەکانی ئەوان لە دژایەتی دایە. بۆیە بە ئاگاداربوون لەو راستییە کەوتنە وێزەی نەریتە فەرهەنگییە دێرینو ریشەدارەکانی ئەم خەڵکو خاکە. بەڵام بەخۆشییەوە ئەوان نەک سەرکەوتووی ئەم ململانەیە نەبوون، بەڵکوو راستییەکان دەریانخستوە، ئەوان بەراستی لەو مەیدانەدا دۆڕاون. ئەوانو بیروباوەڕە کۆنەکانیان بەم پێیە کە هیچ ریشەیەکیان لەم خاکەدا نیەو لەگەڵ رۆی سەردەمو بایەخە مرۆڤایەتییەکان لە ناتەبایی تەواو دان، نەیانتوانیوەو ناتوانن پەرە بە بایەخە کۆنو سواوەکان بدەنو ریشەی شوناسو فەرهەنگی هەزاران ساڵەی ئێمەی کورد وشک بکەن.

لەم ململانەیەدا هەرچەند ئەوان دەسەڵاتدارو خەڵکی کوردستان ستەملێکراو و سەرکوتکراو بوون، بەڵام سەرکەوتووی راستەقینە هەر خەڵک بووە دەبێ. ئەمڕۆ نەورۆز نەک ئەو نەریتە فەرهەنگییە ساکارەیە کە تەنانەت خەڵکی کوردستان بۆخۆشیان پێشتر لێیان دەڕوانی. ئەمڕۆ نەورۆز لە ئاکامی خەباتی دەیان ساڵە خەباتکارانی رۆژهەڵاتی کوردستانو وشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان، بۆتە گەورەترین بۆنەی نەتەوەیی کە هەر تاکێکی وشیاری کورد لە رێگای ئەوەوە راڤە لە شوناسی نەتەوەیی خۆی دەکا.

یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوە کە تاریکبیران لە شەڕی نەورۆزو شوناسخوازیدا تێکشکاون بریتییە لە یەکگرتوویی‌و یەکڕەنگیی ئێمە لە نەورۆزدا. کەواتە لەم پێوەندییەشدا دەتوانین ئەزموونی گەورە لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان وەرگرین.

لە بەردەرگای نەورۆزێکی دیکە داین. نەورۆزێک کە دەکرێ لەودا ئەزموون‌و دەسکەوتی دیکە وەدەست بێنین.
نەورۆزێک کە لەودا دیمەنێکی دڵخوازتر لە یەکگرتوویی، پێشکەوتنخوازی‌و مافخوازی نیشان بدەین. لە بیرمان نەچێ نەورۆز ڕۆژی ئەوە نیە بە تەنیا یان لە کۆڕی بچووکی بنەماڵە دابین. نەورۆز ڕۆژی پێکەوەبوون‌و ئاپۆرای جەماوەرییە. لەم حاڵەتە دایە کە دەتوانین یەکگرتوویی‌و یەکهەڵوێستیی خۆمان نیشان بدەین‌و بەکورتی واتایەکی گەورەترو راستەقینەتر بە نەورۆزو ڕێورەسمە نەورۆزییەکان بدەین.

دیسان نەورۆزەو ململانەی ڕووناکی‌و تاریکییە. کەواتە پێویستە ئەمجارەیان دیمەنێکی گەورەتر لە یەکگرتوویی‌و شادی‌و ڕووناکی بخوڵقێنین. لاوانی خوێنگەرم، شادیخوازو ئازادیخواز! مەشغەڵەکانی ئاگرو گەڕی دیلان‌و هەڵپەڕکێی نەورۆزی بە ئێوەوە واتادارە، ئێستاش درەنگ نەبوە، دەرفەت ماوە چاکتر خۆتان ئامادە بکەن چونکە سبەی نەورۆزەو ڕۆژ ڕۆژی هیمەتی ئێوەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠١٥

---

## راسانی مەهاباد، وانەیەکی دیکەی خەبات

ڕووداوی تراژیکی کوژرانی فەریناز خوسرەوانی بەرادەیەک ویژدانهەژێن بوو کە ویژدانی هەموو کوردێکی وشیاری هەژاند. بۆیە نەدەکرا خەڵکی شاری مەهابادی مەکۆی کۆمارو پێشەواو هەزاران قارەمانی مەیدانی خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستان وەک هەمیشە پێشەنگبوونی خۆیان نیشان نەدەنەوەو بەرانبەر بەم تاوان‌و ستەمە ویژدانهەژێنە بێدەنگ بمێننەوە. بۆیە ئەمجارەش وەک پووشپەڕی ١٣٨٤ ئەم شارە بۆوە بە دەروازەی هەستان‌و هەوێنی ڕاپەرینێکی سەرانسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

خەڵکی خەباتگێڕی مەهاباد بەو خۆپێشاندانە مەزنەیان نیشانیان دایەوە کە خەڵکی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ستەمو زۆرداری تەنیا یەک ڕێگایان لە بەر دەمدا ماوەتەوە، کە ئەویش بریتییە لە نارەزایەتیو بەرەنگاربوونەوەی جەماوەری. چونکە خەڵکی ئەم شارەو بەگشتی هەموو خەڵکی کوردستان بە ئەزموونێکی دوورودرێژ کە لە سالانی رەشی دەسەلاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا کۆیان کردۆتەوە دەزانن کە ناکرێ چووکترین متمانە بە دەزگا بەناو دادپەروەرییەکانی ئەم ڕیژیمە لە کوردستان بکرێ.

خەڵکی مەهابادو کوردستان باش دەزانن رووداوی کوژرانی فەریناز خوسرەوانی درێژەی سەرکوتو ستەمکارییو بێدادییەکی سیستماتیکەیە کە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنە سەر کاری ئەم ڕیژیمە کۆنەپەرستو دژە کوردەوە دەستی پێکردوەو هەروا درێژەی هەیە. بۆیە دەکرێ بڵێین راسانی ئەوان، راسانە لە دژی بێمافیو سەرکوتی دەیان ساڵەی ئەم ڕێژیمە دژی خەڵکی کوردستان.

راسانی خەڵکی مەهاباد لەگەڵ پشتیوانیو هاودڵیی خەڵکی ڕۆژهەلاتو بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕووبەڕوو بۆتەوە، بە چەشنێک کە چاوەڕوان دەکرێ لە بچووکترین دەرفەتدا راسانی شارو ناوچەکانی دیکەی رۆژهەلاتی لێبکەوێتەوە. ڕووداوەکانی ڕۆژانی رابردووی شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستانو ئەو کەشە قورسە ئەمنییەتییەی لەو ناوچانە زاڵ کراوە نیشانەی روونی ئەم راستییەیە. جگە لەمە کەشی زاڵ بە سەر بیروڕای گشتیی ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەلات دەریدەخا خەڵکی ئەو ناوچانە بە چاوی هیواوە دەڕواننە راسانی خەڵکی مەهاباد.

روون بوو کە راسانی ئەمجارەی خەڵکی مەهاباد سەرکوت دەکرێو ئەمجارەش هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بە چەکی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی خۆپێشاندەران دەبنەوە. هەر واش بوو. بە پێی زانیارییەکان دەیان کەس برینداڕو ژمارەیەکی زۆر زیاتریش قۆڵبەستو زیندانی کراون. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە ی ئەمجارەی خەڵکی مەهاباد بە بێ سڵکردنەوە لە سەرکوتو لە سایەی وەرو بڕوای پتەوی خەڵکی ئەم شارە بە مافە نەتەوەییەکانیانو بێزاریی لە ستەمو سووکایەتی بە کەرامەتی مرۆڤانەو کوردانەیان هاتە ئاراوە. ئەمە راستییەکە کە دەبێ لە پێشدا دەسەلاتدارانی تاران تامی تاڵی ئەو بچێژنو دەبێ بزانن نرخی گیانی مرۆڤەکانی ئەم وڵاتەو سووکایەتی بە کەرامەتی ڕۆڵەکانی کوردستان هێندەش کەم نیە کە ئەوان بیری لێدەکەنەوە. ئەوە دژکردەوەیەی تا ئێستا دیتوویانە لانیکەمی ئەو تێچوویەیە کە دەبێ بیدەن. بە دڵنیاییشەوە ئەگەر فشاری قورسی سەرکوت و داپڵۆسینی نامرۆڤانەو دڕندانە دەرفەت بدا لە سەرانسەری کورستان نرخی سەرەڕۆییەکانیان دەدەنەوە. چونکە ئەوە راستییەکە

کە کوردستان لە ئاکامی سەرکوتی دەیان ساڵەدا نەک چۆکی دانەداوە، بەڵکوو بۆتە بۆمبێکی مەزنی ئامادەی تەقینەوە بە رووی بێدادگەرانو چەوسێنەراندا.

دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرەستی تاران دەبێ باش لەم راستییە ئاگادار بن کە ئەگەریش توانیبێتیان بە هێزی زۆرو پرچەکو سەرکوتکەر شەقامەکانی کوردستان کۆنترۆڵ بکەن، بەدڵنیاییەوە نەک ناتوانن هەموو رێگاکانی بەرەنگاربوونەوە لە رۆڵە خەباتکارەکانی کوردستان بگرن، بەڵکوو دەبێ چاوەڕاوان بەرەنگاریی توندو رادیکاڵیش بن.

راسانی ئەمجارەی خەڵکی مەهاباد کە بەدڵنیاییەوە پشتیوانیو هاودڵیی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستانیشی لە پشتە، دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی ئەزموونو هەڵسەنگاندنێکی وردتر بۆ حیزبو لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەزموونی ئەمجارە دەریخست کە: یەکەم، پێویستیی یەکگرتوویيو هەنگاو و گوتاری هاوبەش لە هەر کاتێک زیاتر هەست پێدەکرێو درێژەدان بە پەرتەوازەیی دەرفەتی زێڕین لە کیس بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەدا. دووەم، هێنانە ئارای میتۆدی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی ئێستا بۆ خەباتو بەرەنگاربوونەوە. لانیکەم ئەزموونەکانی دوو دەیەی رابردوو دەریانخستوە کە بە ئەزموون وەرگرتن لە میتۆدەکانی پێشووی خەبات، پێویستە میتۆدی نوێ بۆ خەبات دابڕێژرێ.

بە دڵنیاییەوە یەکگرتوویيو دارشتنەوەی ستراتژیی بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر بنەمای پوتانسیەلو هەلومەرجی رۆژهەڵاتی کوردستانو حیزبە سیاسییە شوێندانەرەکانی دەتوانێ وزەو گوڕێکی تایبەت بە کۆمەڵانی خەڵک ببەخشێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥

## وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان

**دیمانە: ئارەش لۆرستانی**

***ئارەش لورستانی: حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەسەر بنەمای ڕێوشوێن و پێداویستییەک دامەزراو ئایا لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا هەمان ڕێوشوێن و پێداویستی لە گۆڕێ دا ماون؟***

***عەوڵڵا بەهرامی:*** **حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە سەر کۆمەڵێک بنەما و بۆ وڵامدانەوە بۆ پێدوایستییەک کە چ لە کۆمەلگەی ئەو کاتی کوردستان و چ لە کۆمەڵگەی ئێستای کوردستان دا هەست پێدەکرا، دامەزراوە. بە م جیاوازییەوە کە بژاردەکانی کۆمەڵگەی دەیەی بیستی هەتاوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانی کوردستان تێگەیشتنێکی قووڵتریان لە بارەی دیاردەی حیزبەوە هەبوو. بۆیە پێیان وابوو کاتی ئەوە هاتوە میکانیزمێکی مودێرن بۆ کاناڵیزەو ڕێبەریکردنی خەبات بدۆزنەوە. لەم ڕوانگەیەوە دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئاڵوگۆڕێکی گەورە بوو. گەورە لەمبارەیەوە کە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمی کوردستان و ناوچە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و دەرەبەگایەتی بوو کە تاکەکان لەودا سەربەخۆییان نەبوو. لە ڕاستی دا حیزب هاتەریب لەگەڵ گۆڕینی شێوازی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان دەیهەویست هێزێکی نوێی کۆمەڵایەتییش لە کوردستان دروست بکا. هێزێکی پێکهاتوو لە تاکە ئازادەکان. حیزبی دیمۆکراتی کوردستان جگە لە بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە، وڵامێک بوو بۆ پێداوییستیەک کە زۆر پێشتر واتە لە سەردەمی شۆڕشە ڕزگاریخوازانەکانی کوردەوە لە کۆمەڵگەی کوردستان بەدی دەکرا. واتە فۆرمێکی نوێ بوو بۆ کانالیزەکردنی خەبات و دواتر بەڕێوەبەریی وڵات لە دەرفەتە مێژووییەکان دا. بە دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەرگێکی نوێ کرایە بەر بزاڤی شوناسخوازانەو ئازادیخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان سەرەڕای ئاستەنگە جۆراوجۆرەکان بووتە خاوەنی ئۆرگانیزمێکی ڕیشەدار کە ئێستاش سەرەڕای هەورازو نشێو و ناکۆکییە نێوخۆییەکان درێژە بە ژیانی خۆی دەدا. لە ڕاستی دا دەکرێ بڵێین ئەم حیزبە بە هەموو کەموکووڕییەکانییەوە بۆتە پێناسە و دینامیزمێکی مێژوویی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم حیزبە لە ئەزموونە کورتەکانی دەسەڵاتدارییش دا دەریخست کە ڕیشەی لە شوناس، مێژوو، ویست و ئاواتەکانی کۆمەڵانی خەڵک دایە. بێگومان هەم بەستێن و بنەماو هەم پێداویستییە کاتی و زەمانییەکان ئێستاش**

و له داهاتووش دا بۆ درێژەدان بە ژیانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دەکەن. بەڵام ئەم حیزبە پێویستە وەک ئۆرگانیزمێکی سەردەمیانە بەردەوام خۆی نوێ بکاتەوە.

***ئارەش لورستانی: کۆماری کوردستان لە ماوەی حەفتا ساڵ خەباتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا بە چ تایبەتمەندیگەلێکەوە ناسراوە و چ گرنگیەکی لە بەردەوامیی بزووتنەوە دا بوە؟***

***عەوڵڵا بەهرامی:*** کۆماری کوردستان چڵەپۆپەی ئامانجە بەرزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بوو کە بۆ ماوەیەکی کورت لە بەشێکی بچووکی جوغرافیای کوردستان دا بەرگی راستیی پۆشی. ئەم کۆمارە لە راستی دا مۆدێلیکە کە بە پێی ئەو پێناسە لە دووره دیمەنی خەبات لە قەوارەیەکی گەورەتر دا دەکرێ. بەم واتایە کە تاکەکانی کوردستان و بزووتنەوە ئامانجە بەرزەکانیان لە چوارچێوەی مۆدێلیک دا پێناسە دەکەن کە حەفتا ساڵ لەوەپێش بەکردەوە پیادە کراوە. ئەم کۆمارە وەک نموونەیەکی هەرچەند بچووک و کورتماوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی پوتانسیەلی گەورەی بۆ خەباتی درێژخایەنی بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دروست کردوە. لە راستی دا کۆماری کوردستان لە باری زەینیشەوە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد هەستێکی راستەقینەتریان لە ئامانجی بەرز واتە دەوڵەتی نەتەوەیی هەبێ.

***ئارەش لورستانی: ئاکاری سیاسی لە مێژووی خەباتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا چ واتا و پێگەیەکی هەیە؟***

***عەوڵڵا بەهرامی:*** حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەو پێیە کە خاوەنی گوتارێکی ئازادیخوازنە و دیمۆکراتیکە و هەوڵ بۆ سڕینەوەی ئەو ستەمە مێژووییە دەدا کە لە مێژوودا لە نەتەوەی کورد کراوە، لە ناخی خۆی دا هەڵگری ئاکارێکی بەرزی سیاسییە. ئەم حیزبە لەگەڵ ئەوەدا لە ژێوپۆلیتیکێکی دژواردا درێژەی بە ژیانی سیاسی و خەباتێکی سەخت و خوێناوی داوە، بەوحاڵەش قەت رێگەی بەخۆی نەداوە لە پێناوی بەرژەوەندی تاکتیکی و یان تەنانەت ستراتژیکیش دا ئاکارێکی ناتەبا لەگەڵ گوتارەکەی بگرێتەبەرو زیان بە بەرژەوەندیی لایەنگەلێک، تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بگەیەنێ. بە باوەڕی من ئەم باکگراوندە ئاکارییە یارمەتیدەرێکی باشیش بوە بۆ ئەوەی لە داهاتووش دا، واتە لە هەلومەرێکی جیاوازتریش دا بە کلتوورێکی سیاسیی پێشکەوتووانەوە بچێتە نێو گەمەی سیاسی لەگەڵ خەنیمە کانی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانەوە.

***ئارەش لورستانی: ئەزموونی رووخانی حکومەتی پەهلەوی و دەسەڵاتدارەتیی ٣٧ ساڵەی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ هەڵگری چ ئەزموونگەلێک بۆ بزووتنەوەی کوردو بەتایبەت حیزبی دیمۆکرات بێ؟***

**عەوڵڵا بەهرامی:** بێگومان هەم ئەزموونی رووخانی حکوومەتی پاشایەتیی پەهلەوی و هەم هۆکارەکانی هاتنەسەرکاری حکوومەتی سەرەڕۆی ئیسلامی و رووخانی ئەم حکوومەتەش دەتوانن هەڵگری ئەزموونی جیاوازو بەکەلک بن بۆ بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دیمۆکرات. ئەگەر لە گۆشەنیگای رووخانی حکوومەتی پەهلەوی و هاتنەسەرکاری حکومەتی سەرەڕۆ و مەزهەبیی کۆماری ئیسلامییەوە لە ئەزموونەکان بڕوانین دەتوانین روانگەیەکی روونترمان لە بەستێن و زەمینەیە هەبێ کە ئەزموونەکانی رووخان و دوای رووخانی کۆماری ئیسلامی شکڵ دەدەن. بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دیمۆکرات نە لە رووخانی حکومەتی پێشوو و نە هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئێستادا فاکتۆری دیاریکەر نەبوون و، رەنگە لە داهاتووش دا ئەو دەورێکی سەرەکییان نەبێ، هەر بۆیە دەبێ لە پلەی یەکەم دا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی کوردستان و سەنگی ئەم بزووتنەوەیە لە هاوکێشە سیاسی و نیزامی و ئابوورییەکانەوە خۆی بۆ ئەزموونی دوای حکوومەتی ئێستا ئامادە بکا. چونکە ئەزموونەکانی پێشوو دەریانخستوە بەستنەوەی بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسیی ئێرانەوە تووشی تێچووی زۆرمان دەکا. پێم وایەدەبێ لە روانگەیەکی دیکەوە بۆ ئەم پێوەندییە بچین. ئەگەر لە روانگەی هەوڵدان بۆ هێنانە ئارای پێگەیەکی بەهێزی کوردستانییەوە بۆ پرسی دیمۆکراسی لە ناوەند بچین توانیومانە هەم پێگەی خۆمان وەک بزووتنەوەی کوردستان قایم و قورس بکەین و هەم لەم رێگایەوە دەتوانین ببینە نموونە بۆ ئازادیخوازان لە ناوەندو نەتەوە ژێردەستەکانی دیکە. لەم پێوەندییەدا پێویستە ئەوە بگوترێ هێنانە ئارای ئەزموونێکی جیاوازتر لە کوردستان پێویستی بە شێوازی نوێی خەبات و پشتبەستوو بە هەموو شێوازەکانی پاراستنی رەواو مانەوە لە سەر خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە.

***ئارەش لورستانی: حیزبی دیمۆکراتی کوردستان چ پێوەندییەکی لە نێوان خەباتی مەدەنی و بەرگریی چەکدارانەدا دروست کردوە و لەم نێوەدا چۆن دەڕوانێتە داخوازییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان؟***

**عەوڵڵا بەهرامی:** بەداخەوەی هەم لەبەر نەبوونی بەستێنی لەبار بۆ خەباتێکی مەدەنیی بەبڕشت و خاوەن داخوازی روون و هەم لەبەر بەسترانەوەی هاتنەدی ئامانجە سیاسییەکان بە حیزبە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەوە، کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی ئەو شێوازە لە خەبات بێ کە پێی دەگوترێ خەباتی

مەدەنی. ئەوەی لە نیوەی دووەمی دەیەی حەفتای هەتاوییەوە لە کوردستان بەدی دەکرێ زیاتر دەتوانرێ لە چوارچێوەی چالاکیی مەدەنی چالاکانی بواره جۆراوجۆرەکان دا پێناسە بکرێ، کە لە زۆر حاڵەت دا شێوازی ناوچەیی هەیە، یان بە گشتی بەرین و سەرانسەری نیە. من پێم وایە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لانیکەم لە دە ساڵی رابردوودا توانیویەتی روانگەیەکی نوێترو روونتر لە پێوەندی لەگەڵ چالاکانی مەدەنی دا و تەنانەت شێوەیەک لە تێکۆشانی سیاسیی نیوە قانوونی کە لە ئاستێکی بەرتەسک دا لە گۆڕێ دایە بێنێتە ئاراوە. بە پێی ئەم روانگە نوێیە، دەبێ لە هەرچەشنە هەل و دەرفەتێک بە قازانجی بەجەماوەریکردنی خەبات و بەرینکردنەوەی بەستێنی خەباتی مەدەنی کەلک وەرگیرێ. روانگەیەک کە شوێنەوارەکانی لە نێو چالاکانی بواره جۆراوجۆرەکان دا زیاتر هەست پێدەکرێ، نەک لە نێو حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا.

***ئارەش لورستانی: بە سەرنجدان بە رابردووی ٧٠ ساڵەی حیزبی دیمۆکرات، بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیمۆکراتیکی کوردستان بۆ درێژەدان بە تێکۆشان لەگەڵ چ گیروگرفتگەلێک بەرەورووییە؟***

***عەوڵڵا بەهرامی:*** راستیەکەی ئەوەیە بە سەرنجدان بە دۆخێکی ئاستەم و دژوار کە حیزبی دیمۆکرات و بزووتنەوەی کوردستانی لە ماوەی ٧٠ ساڵی رابردوودا پێدا تێپەڕیوە، ئەو هەلومەرجە دژوارەش کە ئێستا لە گۆڕێ دایە ناکرێ چاوەڕوان بین کە رەوتی تێکۆشان و بەتایبەت جۆشدانەوەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەبات لە نێو ئەم ژێئۆپۆلیتیکەدا کە رۆژهەڵاتی کوردستانە، بەدوور لە گرفت و دژواری و قوربانیدان بێ. بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دیمۆکرات بۆ ئەوەی بتوانن لە دەسمایەی خەباتی سێ بەرەی رۆڵە خەباتکارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی بنیادنانی داهاتوویەکی جیاواز کەلک وەرگرن پێویستایان بە گەڕانەوەیەکی بە تەواو مانا بۆ بەستێنی راستەقینەی خەبات هەیە. لەم باوەڕە دام لە بەستێنێکی راستەقینەو شوێندانەری خەباتکارانەدا دەکرێ پاشەکشە بە کلتووری پاسیفیسم و پاوانخوازیی نێو حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بگیرێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٥

# «کوردستان» ئاوا دەبینم

«کوردستان»،

## ژیان و تێکۆشانێکی پێشمەرگانە

«کوردستان» رۆژنامەیەکە رسکاو لە سەر پێنج و ریشەیەکی حەفتا ساڵە و هەڵگری پەیامی یەکەم رۆژنامەی کوردی. «کوردستان» رۆژنامەیەکە کە لە دوو بڕگەی زۆر کورتدا واتە کەمتر لە ساڵێک لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا و ماوەیەکی کورتی سێ چوار ساڵە(دوای شۆڕشی ٥٧) لە سەر خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە مەیدانی راستەقینەی تێکۆشانی ئەوە، دەرفەتی تێکۆشانێکی بەرتەسکی بۆ رەخساوە. ئەم رۆژنامەیە بەم پێیە کە ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ لەم جوگرافیایەدا کە دەبێ لە گۆشەو قوژبنیدا ئۆفیس و هەواڵنێرەکانی بە ئازادی تێکۆشانیان هەبێ، قەدەغەیە. ئەم رۆژنامەیە کە ناوی خۆی لە یەکەم رۆژنامەی کوردییەوە («کوردستان»ی میقدات مەدحەت بەدرخان)وەرگرتوە، زۆربەی هەرە زۆری تەمەنی پێشمەرگانە و لە سەر کەژ و چیاو لە نێو دۆڵ و لێڕەوارکانی رۆژهەڵاتی کوردستان یان لە تاراوگەدا تێپەڕ کردوە. لەم ماوە دوورو درێژ و لە هەمان کات دژوارەدا، بەشی بەرچاوی قەڵەمبەدەستان و هەڵسوڕێنەرانی ئەم رۆژنامەیە جۆرێکی دیکە لە رۆژنامەنووس بوون، کە من وەک پێشمەرگەی رۆژنامەنووس ناویان دەهێنم.

پێم وابێ ئەم چەند رستەیە بەس بن بۆ ئەوەی بە کورتی نیشان درابێ ئەم رۆژنامەیە ئێستاشی لەگەڵ بێ لە چ هەلومەرجێکدا درێژە بە تێکۆشان دەدا.

## «کوردستان» قوتابخانەیەکی رۆژنامەنووسیی کوردی و کوردی نووسین

رۆژنامەی «کوردستان» سەرەڕای دژواریی هەمەلایەنەی هەلومەرجی تێکۆشان، هەمیشە مەکۆی ژمارەیەک قەڵەمی بەبڕشت و هەرماوی گۆڕەپانی زمان و وێژەی کوردی بووە. ئەم تایبەتمەندییە لە پەنا نەریتی دۆزینەوەی بەهرە نوێیەکان(هەرچەند لە چوارچێوەی سنووورداری ریزەکانی حیزبی دیموکرات دا)و هەوڵدان بۆ پێگەیاندنی نوێ قەڵەمەکان دوو دەرکەوتەی شیاویان لێکەوتوەتەوە. یەکەم ئەوە کە لەم ساڵانەدا کە تێکۆشەرانی دیموکرات لە

سەرچاوە
Serchawe

باری شوێنی نیشتەجێبوون و پێوەندیی ئۆرگانیکییەوە لە ئاستێکی لەبارتردا بوون، کۆمەڵێکی بەرچاو لە لاوانی بەبەهرە توانیویانە لە پەنا خاوەن قەڵەمە بەئەزموونەکان دا خۆیان ببیننەوەو لە ئەزموونی زمانەوانی و رۆژنامەنووسیی ئەوان کەڵک وەرگرن و بەم شێوەیە ئەزموونی بەرە جۆراوجۆرەکان دەستاودەست بکرێ.

دووهەم دەرکەوتەی شیاو دەتوانێ بریتی بێ لە مەیداندان بە هەڵکشانی لاوەکان تا ئاستی سەرنووسەری و بەرپرسایەتیی بەشە جۆراوجۆرەکان. هەر ئەوانەش بوونەتە هۆی ئەوە کە لانیکەم لە دوو دەیەی رابردوودا هەم شایەدی درەوشانەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەهرە لاوەکان نەک تەنیا لە ئاستی «کوردستان»دا بەڵکوو لە ئاستی میدیاکانی دیکەی حیزبی دیموکرات و تەنانەت لە باشووری کوردستانیش دا بین. ناکرێ لەم پێوەندییەدا ئاماژە بەم خاڵەش نەکەین کە لە قوتابخانەی زمانەوانی و رۆژنامەنووسیی «کوردستان»دا کۆمەڵێک بەهرەی گەورە خۆیان دیتوەتەوە و درەوشاونەتەوە و لەبواری دیکەشدا وەک وەرگێڕان، چیرۆکنووسی و لێکۆڵینەوەدا خۆیان دیتوەتەوەو خزمەت دەکەن.

## رۆژنامەیەکی دوو زمانە

بەم پێیە کە «کوردستان» بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو دبێتەوە، نووسین بەم دوو زمانە و وەرگێڕانی وتار، هەواڵ و بابەتە جۆراوجۆرەکان گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەم تایبەتمەندییەش بەستێنێکی لەباری خوڵقاندوە بۆ ئەوەی ئەو بەشە لە هاوکارانی رۆژنامە کە توانای دارشتنی کوردییان لاوازە بتوانن هەم بابەتەکانیان بە فارسی دارێژن و لە لایەن وەرگێڕە کوردیزانەکانەوە بکرێنە کوردی و هەم بەپێچەوانە کەسانی فارسیزان بتوانن توانایی زمانەوانیی خۆیان بۆ وەرگێڕانی بابەتە کوردییەکان تەرخان بکەن. لەراستیی دا دوو زمانە بوونی «کوردستان» بوەتە هۆی ئەوە کە ئەزموونی وەرگێران تارادەیەکی باش لە نێو دەستەی نووسەران و هاوکارانی رۆژنامەدا گەشە بکا. ئەمە لە خۆیدا یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ ئەوەی کەسانێک لە نێو ستافی ئەم رۆژنامەیەدا هەڵکەون کە بتوانن هاوکات بتوانن بە هەر دووک زمانەکە قەلەم بگێڕن.

## «کوردستان» فێرگەیەکی زمانەوانی

رەنگە زێدەڕۆیی تێدا نەبێ ئەگەر بگوترێ رۆژنامەی «کوردستان» بۆخۆی بەتەنیا فێرگەیەکی زمانەوانی بووە و

ئێستاش درێژە بەم ڕێبازەی خۆی دەدا. کارتێکەری زمانەوانیی «کوردستان»( سەرەڕای هەموو بەربەستەکانی بەردەم بڵاوبوونەوەی بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) و قەڵەمە دیارەکانی دوێنێ و ئێستای ئەم ڕۆژنامەیە بەسەر گۆڤارو بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەروونی هەست پێدەکرێ. ئەوە کە ئەم ڕۆژنامەیە توانیویەتی دەورێکی ئەوەندە گرنگ لە نێو میدیای کوردی و تەنانەت لە بەستێنی زمانی کوردیدا بگێڕێ، دەگەڕێتەوە بۆ نەخشی سەرەکی و بناخەداڕێژەرانەی ژمارەیەک کەسایەتیی بەرزی بواری زمان و وێژەی کوردی لە سەروویانەوە مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە، مامۆستا هێمن و... دەگەڕێتەوە کە لە ساڵانی دەیەی حەفتای زایینی دا، لە کاتێک دا دەورێکی نوێی «کوردستان»یان لە تاراوگە دەست پێکردەوە، هەوڵیان دا ئەم ڕۆژنامەیە لەباری ڕێنووس و ڕێزمانەوە بخەنە سەر چوارچێوە و ڕێڕەوێکی داڕێژراو . ئەم ڕێبازە لە ساڵانی دووروودرێژی سەرنووسەریی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و دواتر کاک قادر وریادا زیاتر گەشەی کرد و چەسپی.

## پرنسیپ و ئەتیکێتی جیهانیی ڕۆژنامەنووسی

«کوردستان» تا هاتوە هەوڵی داوە لە بوارەکانی دیکەشدا ستانداردەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی لەخۆی دا پتەو بکا. لەم پێوەندییەدا هەوڵدراوە نووسەران و کارگێڕانی بەشە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژنامە بە پرنسیپ و ئەتیکێتە جیهانییەکانی ڕۆژنامەنووسی ئاشنا بکرێن. ناسیاویی ڕۆژنامەنووسانی «کوردستان» لەگەڵ پرنسیپ و ئاکاری کاری ڕۆژنامەنووسی لەلایەک و ڕێنوێنییەکانی ڕێبەریی حیزبی دیموکرات لەلایەکی دیکەوە ئەم ڕۆژنامەیەیان لەباری ڕاستوێژی و چەندایەتییەوە گەیاندوەتە ئاستێکی ئەوتۆ کە تەنانەت نەیارەکانیش بابەت و زانیارییەکانی بکەنە سەرچاوە.

## بەهرە وەرگرتن لە زانست و ئەزموونی مامۆستایانی زانکۆ

بەڕێوەبەرانی «کوردستان» بە تایبەت لەم ساڵانی دوایی‌دا دەرەتانی کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی زانستی ڕۆژنامەنووسییش بەتایبەت لەبواری شێوازە نوێیەکانی داڕشتنی وتار، هەواڵ، ڕاپۆرت، دیزاین و... بۆ دەستەی نووسەران و بەشەکانی دیکەی ڕۆژنامە پێک هێناوە. لەم پێوەندییەدا هەم ڕێگە خۆش کراوە کە ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان خولی تایبەت و کۆڕ و سمینار بۆ کارگێڕانی «کوردستان» پێک بێنن و هەم دەرفەتی ئەوەشیان پێک هێناوە کارگێڕانی ڕۆژنامە لە ڕێگای بەشداری لەو کۆڕو سمینارانەی لە پێوەندی لەگەڵ کاری میدیایی دا پێک دێن، بەشداری بکەن و لە ئەزموونی کەسانی دیکەش کەڵک وەرگرن.

## دوایین وتە

«کوردستان» بەم پێیە کە دەرفەتی ئەوەی نەبوە لە کەشێکی ئاسایی‌دا لە دوای تێکچوونی کۆماری کوردستانەوە درێژە بە کاری خۆی بدا، بێگومان بێ کەموکوڕی نیە. ئەم رۆژنامەیە ئەگەر بیهەوێ بۆ وێنە کەموکووڕیی رۆژانەی بڵاوبوونەوەی قەرەبوو بکاتەوە یان لە رووبەرێکی بەرینتردا بڵاوبێتەوە پێویستی بە سەرچاوەی دارایی و هێزی مرۆیی زۆر زیاتر هەیە. بەڵام لەم سەردەمەدا دەتوانێ لانیکەم بەشێوەی ئیلکترۆنی بگاتە دەست و بە دەیان و سەدان هەزار کەس یان هێزی مرۆیی زیاتر لەخۆی کۆبکاتەوە.

رۆژنامەی «کوردستان» ژمارەیەکی زۆر هاوکاری لە درێژەی ساڵانی دوورو درێژی تێکۆشانیدا لەدەست داوە. ئەمەش زیانی زۆری بەهێزی مرۆیی ئەم رۆژنامەیە گەیاندوە. بێگومان لەم سەردەمەدا دەکرێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی دووریی جوگرافیایی، بەگرتنەبەری رێ‌وشوێنێکی نوێتری رێکخستنی هێزی مرۆیی هەم لە توانا و بەهرە دابڕاوەکان و هەمیش لە هێزی نوێی خاوەن بەهرەی رۆژنامەنووسی بەتایبەت لە نێو خۆی رۆژهەڵاتی کوردستان کەڵک وەرگیرێ. لە کۆتایی دا هیوادارم «کوردستان» بەبڕشتر لە هەر کات درێژە بە تێکۆشانی خۆی بداو بە ئازادی لەسەر ئەم خاکەی، یەکەم ژمارەی چاوی خوێنەری کوردی گەشاندوەتەوە جارێکی دیکە و بۆ هەمیشە بچێتەوە سەر پێشخانی رۆژنامەفرۆشییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

لە ژمارەی ٧٠٠ ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچ ٢٠١٧

## دەرهاویشتەکانی سیاسەتێکی چەپەڵ

کردەوە تیرۆریستی‌یەکەی ١٧ی جۆزەردانی تاران، کە داعش بەرپرسایەتی‌یەکەی گرتۆتە ئەستۆ، وەک کردەوەیەکی تیرۆریستی شایانی مەحکووم کردنە، بەڵام ئەوە تەنیا ڕوویەکی ئەم ڕووداوەیە. ئەم ڕووداوە لە ڕاستی‌دا بەرهەمی سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکی‌یەکانی ڕێژیمی مەزهەبیی تارانە. لە راستی‌دا ئەوە دووکەڵێک بوو کە دەبوا ڕۆژێک بگەڕێتەوە نێو چاوی خۆیان.

کورتە ئاوڕێک لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە خۆی بە ناوەندی هەموو شیعەکانی جیهان دەزانێ لە ئاستی نیوخۆیی و دەرەکی‌دا سەلمێنەری ئەم بۆچوونەیە. لە ئاستی نێوخۆیی‌دا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە پێی قانوونە بنەڕەتی‌یەکەی ڕێژیمێکی شیعەگەرایە و تەنیا تەشەییوع بە مەزهەبی رەسمی دەناسێ. بەو پێ‌یە هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانییەوە سەرەڕای کۆمەڵێک دروشمی ڕواڵەتی لەمەڕ یەکیەتیی ئایینزاکانی تەشەییوع و تەسەننون لە ڕاستی‌دا درێژەدەرێکی بەتەواو مانای قووڵکردنەوەی ناکۆکی و ململانەی مێژوویی ئەم دوو ئایینزایە بووە و لە هیچ چەشنە هەڵاواردن و جیاوازیدانان و سەرکوتکاری‌یەک بەرانبەر ناشیعەکان خۆی نەبواردوە.

لە پەنا ئەم سیاسەتە فەرمی‌یەدا دەسەڵاتدارانی تاران بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا لە هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی ناکۆکیی مەزهەبی لە نێوان پێڕەوانی ئەم دوو ئایینزایەدا، سیاسەتێکی زۆر جیاوازتریان بەرانبەر دەستە و تاقمە بناژۆخوازە سونییەکاندا گرتۆتەبەر. لە ڕاستی‌دا ئەم جۆرە تاقم و گرووپە بناژۆخوازانە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ جۆرێک دەستئاوڵایی بانگەشە و ڕێکخستنیان پێ‌دراوە. بەڕادەیەک کە تریبوونی ژمارەیەک لە مزگەوتەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە ئاشکرا کەوتۆتە دەست کەسانی سەلەفی و جیهادی.

ڕوونە ئەم جۆرە مەیداندانە بە گرووپە توندرۆ سونییەکان نە لەگەڵ نێوەرۆکی ئەم ڕێژیمە و نە لەگەڵ سیاسەتەکانی بەرانبەر لایەنگرانی ئایین و ئایینزا ناشیعەکان یەکناگرێتەوە. ڕێژیمی تاران لە پێناوی دوو ئامانجی نێوخۆیی و دەرەکی‌دا ئەم سیاسەتەی بەرانبەر ئەم گرووپانە گرتۆتەبەر، بە بێ ئەوەی پێی وابێ یان لە راستی‌دا بۆی گرنگ بێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ ئاکامە زیانبارەکانی ئەم سیاسەتە ئامرازیانەیەی بەرانبەر

پەرەگرتنی بونیادگەرایی ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان رووبەڕوو دەبێتەوە. چونکە هەر وەک لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی پشتگیریی رێژیمی تاران لە گرووپگەلێکی تایبەتی بونیادگەرای سوننی لە وڵاتانی ناوچەدا ئاماژەی پێدەکرێ، ئەم سیاسەتە تەنیا سیاسەتێکی کاتی، ئامرازگەرایانە و بەرژەوەندخوازانەیە کە بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنێکی هاوبەش گیراوەتەبەر. سیاسەتێک کە دیارە پیادەکردنەکەی تەنیا لە دەست وەزارەتی ئیتلاعات و سوپای پاسداران دایە.

ئامانجی سەرەکیی ئەم سیاسەتە پەرەپێدانی ئیسلامی سیاسی و بناژۆخوازە لە رۆژهەڵاتی کوردستان؛ ئەویش لەسەر ئەم بنەمایە کە بە کەلکی خراپ وەرگرتن لە هەستی ئایینیی خەڵک، خەنیم و بەدیلێکی ئایینی ئەویش لە چەشنە هەرە دزێوەکەی بۆ بزووتنەوەی هەردەم پەرەئەستێنی نەتەوەیی کوردستان دروست بکەن. سیاسەتێک کە رێژیمی ئێستای ئێران پێشتریش هەوڵی بۆ دابوو، بەڵام تێیدا ناکام مابۆوە.

لە ئاستی دەرەکیدا سیاسەتی سەرەکیی رێژیمی مەزهەبیی تاران بریتی بوە لە هەناردەکردنی بەقسەی خۆیان «شۆڕش» یان لە ڕاستیدا شیعەگەرایی. لە سەر ئەم بنەمایە رێژیمی تاران خۆی لە کاروباری هەموو ئەم وڵاتانە هەڵقورتاندوە کە بەشێک لە دانیشتوانیان شیعەن. سیاسەتێک کە خۆی لە قووڵکردنەوەی کێشە و ململانەکانی ئەم وڵاتانە و یارمەتیی ماددی، نیزامی، ئابووری و سیاسیی شیعەکانی ئەم وڵاتانەدا نیشان داوە. لەم پێوەندیەدا دەستێوەردانەکانی رێژیمی ئێران لە کێشە و شەڕە نێوخۆییەکانی عێراق، سووریە، لوبنان، یەمەن و... لە ئاستێک دایە کە ڕێبەرانی رێژیم بە هیچ شێوەیەک نەک نایشارنەوە، بەڵکوو شانازیشی پێوە دەکەن.

سیاسەتی رێژیمی ئیسلامیی ئێران بەرانبەر دەستە و تاقمە سوننیە توندرۆ و بونیادگەراکان لە دەرەوەی وڵاتیش سیاسەتێکی جیاواز و ئامرازیانەیە. لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونە دەکەین. رێژیمی تاران بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناتەبایی و دژوازییە ئایینزایی و ئیدیۆلۆژیکییەکانی لە دەیەی هەشتاوە هەوڵی داوە یارمەتی بە حیزب و گرووپە سوننە توندرۆیەکان وەک بزووتنەوەی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی جوندولئیسلام و... لە باشووری کوردستان بکا. ئەم گرووپانە لە خاکی ئێران وەک پەناگە و شوێنی خۆتەیارکردن کەلکیان وەرگرتوە. لێرەشدا ئامانجی سەرەکیی رێژیمی تاران بریتی بووە لە بەکارهێنانی ئەم لایەنانە لە دژی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لایەک و لەلایەکی دیکەوە حیزب و ڕێکخراوەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی باشووری کوردستان. لە پێوەندی لەگەڵ خزمەتەکانی ئەم لایەنانە نموونەگەلێکی وەک سیخوری، تیرۆر و رفاندن و رادەستکردنەوەی کادرو

پێشمەرگەکانی سەر بە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ لە باشووری کوردستان بەرچاو دەکەون.

لە عێراقی دوای ڕرووخانی حکومەتی بەعس کە سوننیيە توندڕۆکانی عێراق لە ژێر چەتری ئەلقاعیدەدا لە دژی سوپای ئەمریکا لە شەڕدا بوون، ڕێژیمی تاران لە باری دەرەتانی هاتوچۆ و گواستنەوە لە نێوان پاکستان و ئەفغانستان _ عێراق و چەک و تەقەمەنیيەوە یارمەتیی دەکردن. هەر لەم قۆناخە کە تالیبان و ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان لە دژی هێزە بیانیيەکان و دەوڵەتی ناوەندیی ئەم وڵاتە لە شەڕ دابوون، بە پێی ئەو بەڵگە ڕوونانەی ئاشکرابوون ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە داڵدەدان و یارمەتیی ئەواندا دەستی باڵای هەبوە. ئامانج و تەوەری هاوکاریی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و ئەم لایەنانەش بریتی بوە لە تێکشکاندنی ستراتژیی دوژمنی هاوبەش واتە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی.

لە کاتێکدا ڕێژیمی تاران لە هەموو قوژبنێکی ناوچەدا خەریکی ئاژاوەنانەوە و دژایەتیی سوننە مەزهەبەکانە شتێکی ئاساییە لەگەڵ پەرچەکرداری گرووپە توندرۆیە سوننیيەکانەوە بەرەوڕوو بێتەوە. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە دەتوانێ لە شێوەی لق و پۆپەکانی هەمان ئەو هێزە بناژۆخواز و تیرۆیستییانەدا خۆی دەربخا کە لە وڵاتانی ناوچەدا چالاکن. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە بۆ وا بەدرەنگەوە دووکەڵی ئەم شەڕە فیرقەییانەی تاران لە هەڵگیرساندن و ئاگرخۆشکردنیاندا دەستی باڵای هەیە، گەڕاوەتەوە چاوی کاربەدەستانی تاران؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر بەکورتی دەتوانێ ئەوە بێ کە سیاسەتی تاکتیکیی ڕێژیمی تاران لە پێوەندی لەگەڵ داعشدا کۆتایی پێهاتوە. ئەگینا چۆنە هێزێکی تیرۆریستیی وەک داعش کە بە تایبەتی لە عێراق هیچ بەزەییەکی بە شیعەکاندا نایەتەوە لە کاتێکدا لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆی دابوو، ڕێژیمی ئێرانیش هەم لە عێراق و هەم لە سووریە بە هەموو تواناوە پشتیوانیی نیزامیی و ماددی شیعەکانی ئەم وڵاتەی دەکرد و... هیچ دژکردەوەیەکی بە دژی تاران نەبوو؟...

بەڵگەیەکی دیکە کە دەیسەلمێنێ هاوکاریی بەرژەوەندخوازانەی داعش و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کۆتایی هاتوە ئەوەیە کە لە دوای ڕووداوە تیرۆریستیيەکانی تارانەوە وەزارەتی ئیتلاعات ئیدیعا دەکا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی گرووپە سەلەفی و داعشیيەکانیان دەستبەسەرکردوە یان کوشتوویانن. ئیدیعای دەستبەسەر کردن و لەنێوبردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە تیمەکانی داعش لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەتوانێ سەلمێنەری ئەم ڕاستییە بێ کە دەزگا هەواڵگری و ئەمنییەتیيەکانی ئێران لە نزیکەوە ئاگایان لە جموجۆڵ و هەڵسووڕانی لایەنگرانی داعش

بوە و تا دوای کردەوە تیرۆریستییەکەی تاران لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ڕێگایان بە جموجۆڵی ئەوان داوە.

ڕێبەران و میدیاکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە پێشتر بەشداریی ڕاستەوخۆی سوپای قودسی سوپای پاسدارانیان لە شەڕە نێوخۆیی‌یەکانی وڵاتانی ناوچەدا وەک پێویستی‌یەکی تەناهیی وڵات پاساو دەدا و دەیانگوت «ئەگەر ئەوان هێڵی پێشەوەی بەرگرییان نەبردبایە دەرەوەی سنوورەکان داعش دەیتوانی بگاتە تاران»، لە دوای ڕووداوەکانی ڕۆژی ١٧ی جۆزەردانی تارانەوە نەک قسەکانی پێشووتری خۆیان لەبیر نەماوە، بەڵکوو پاساو بۆ ئەم داماوییەش دێننەوە کە دەزگا هەواڵگری و تەناهی‌یەکانیان تووشی هاتوون. لەم نێوەدا ئەوان بە قۆستنەوەی کوردبوونی تیرۆریستەکان هەوڵیان داوە بە دنەدانی هەستی پانئێرانیستیی نەتەوەی باڵادەست هێرشێکی ناڕەوا بکەنە سەر نەتەوەی کورد.

لەم نێوەدا ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد کە لانیکەم لە زیاتر لە سێ دەیەی ڕابردوودا قوربانیی سەرەکیی سیاسەتی تیرۆری دەوڵەتیی ئەم ڕێژیمە بوون و لەم چەند ساڵەی دواییشدا بە شایەدیی بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهان لە ڕیزی هەرە پێشەوەی بەرەی دژبەتیرۆر دابوون و هەن و شانازیی گەورە و جیهانیان تۆمار کردوە، پێویستە زیاتر لە هەر کات بە وشیاری و یەکگرتوویی بەرپەرچی ئەم پیلانە نوێیەی دەسەڵاتدارانی تاران بدەنەوە. لەم پێوەندییەدا پێویستە:

**یەکەم،** بەشیوەیەکی بەڵگەمەند سیاسەتی دووڕوویانەی ڕێژیم بەرانبەر گرووپە توندڕۆ و بناژۆخوازەکان لە کوردستان لەقاو بدرێ.

**دووەم،** زانیاریی ورد لەسەر هەڵسووڕانی ئەم گرووپانە کۆبکرێتەوە و بڵاو بکرێتەوە.

**سێیەم،** بەشێوەیەکی هەمەلایەنە لە پیناو وشیارکردنەوەی ئەو کەسانەی کەوتوونەتە داوی ئەم گرووپانەوە، هەوڵ بدرێ؛ چونکە پەرەگرتنی گرووپە بناژۆخوازە ئیسلامییەکان هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بۆ سەر ئێستا و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە ژمارە ٧٠٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٧

## پێویستیی لەڕۆژەڤدابوونی پرسی خوێندن بە زمانی کوردی

بە کرانەوەی قوتابخانەکان و ناوەندەکانی فێربوون ساڵێکی دیکەی خوێندن لە کاتێکدا دەست پێدەکا کە سیاسەتی هەڵاواردن لە دژی نەتەوە نافارسەکان هەروا درێژەی هەیە. هەربۆیە ئەمساڵیش قوتابیان و خوێندکارانی کورد هەروا بێبەش لە مافی بێئەملاوئەملای خوێندن بە زمانی زگماکی، ساڵی نوێی خوێندن دەست پێدەکەن. ئەوان ناچارن لە پرۆسەیەکدا و لە چوارچێوەی سیستمێکی پەروەردەییدا پەروەردە بکرێن کە بنەماکانی لەسەر تواندنەوەی زمان و کلتوور و بە گشتی لایەنە جۆراوجۆرەکانی شوناسی نەتەوەییان دارێژراوە.

ئامانجی سەرەکیی سیاسەتی هەڵاواردنی نەتەوەیی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، منداڵان و لاوان و بەگشتی بەرەی نوێی کوردستانە. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە ئەم سیاسەتە یان فارسیستییەی لە ڕێژیمی پاشایەتی وەک میرات وەرگرتوە، وێڕای هەوڵدان بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی ئەم سیاسەتە، هەر لە سەرەتای بە دەستەوەگرتنی جڵەوی دەسەڵاتەوە بە پێی پلانێکی هەمەلایەنە کاری بۆ ئیدیۆلۆژیزەکردنی سیستمی پەروەردە و فێرکردنیش کردوە. سیاسەتێک کە بە شێوەیەکی هاوشان لە میدیا و ئۆرگانە دەوڵەتییەکاندا کاری پێ دەکرێ.

بەراوردکردنی قورسایی و خەسارەکانی ئەم ستەمەی لە ئاکامی ئەم هەڵاواردنە فرەڕەهەندەی خراوەتە سەر نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارێکی هێندە دژوار نیە. چونکە ئاکامە نالەبارەکانی ئەم سیاسەتە زمان، کلتوور و بەگشتی شوناسی نەتەوەیی ئەم نەتەوەیەی گرتۆتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ زماندا بە کورتی دەکرێ بگوترێ ئاکامە کاوڵکارانەکانی ئەم سیاسەتە بریتی بووە لە گۆڕانی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵانی خەڵک و بەتایبەت لاوان بە زمانێکی بەتەواوی ئاوێتە لەگەڵ زمانی فەرمی یان باڵادەست، نامۆکردنی منداڵان و لاوان و بەرە یەک لەدوای یەکەکان لەگەڵ کلتوورو هێما نەتەوەیی و مێژووییەکانی نەتەوەکەیان و ...

ئەم بێبەشی و هەڵاواردنە ئاشکرایە لە کاتێک دایە کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕێککەوتننامە و پەیماننامەگەلێکی

زۆر هەن کە پێداگری لەسەر قەدەغەبوونی هەڵاواردن لە نێوان هاوولاتییاندا دەکەن. بۆ وێنە: جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ، کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی سڕینەوەی هەرچەشنە هەڵاواردنێکی رەگەزی، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و ...

لە بواری پەروەردەو فێردکرنیشدا دەکرێ ئاماژە بەم پەسەندکراوە نێونەتەوەییانە بکەن کە پێداگری لەسەر قەدەغەبوونی هەڵاواردن لە نێوان دانیشتوانی ولاتێکدا دەکەنەوە. بۆ وێنە: کۆنڤانسیۆنی سڕینەوەی هەڵاواردن لە پەروەردەو فێرکردندا، جاڕنامەی گەردووونیی مافگەلی پێوەندیدار بە زمان، مەنشووری یونسکۆ تایبەت زمانی دایک و... تەنانەت لە قانوونی بنەڕەتیی ئێستای ئێرانیشدا (ئەسڵی ١٥) ئاماژە بە مافی وانەگوتنەوە بە زمانی نەتەوە نافارسەکانی نێو چوارچێوەی ئێران کراوە.

هەرچەند ئامانجی سەرەکیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بریتیە لە سڕینەوەی هەموو لایەنەکانی ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی لە ڕێگای پێکهێنانی گۆڕانکاری سیاسییەوە، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە لە قۆناخە جۆراوجۆرەکاندا هەوڵی داوە بە پێی توانا شوێنەوارە زیانبارەکانی سیاسەتی تواندنەوەی زمانی و کلتووری پووچەڵ یان کەم بکاتەوە. لەم پێناوەشدا لە هەر دەرفەتێکدا کە کۆنترۆڵی بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا بووە، پەروەردە و فێرکردنی کوردی پەرە پێ بدا، کتێب و نامیلکە بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو بکاتەوە یان لە بوارەکانی دیکەی میدیایی وەک رادیۆ و تلویزیۆن کەلک وەربگرێ.

جیا لەمە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان و لەم ساڵانەی دواییشدا چالاکانی فەرهەنگی، مەدەنی و خوێندکاری هەوڵی بەرچاویان داوە. لەم نێودا دەتوانین ئاماژە بە هەوڵدان بە پەرەپێدانی نووسین و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی، دانانی دەورەگەلی فێرکردنی نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی و هەروەها بەرزکردنەوەی داوای مافخوازانە لەم پێوەندییەدا بکەین. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵە جۆراوجۆرە بەنرخانەش کە دراون و دەدرێن، کۆمەڵگای کوردستان و بە تایبەت منداڵان و لاوانی بێبەش لە مافی خوێندن و پەروەردەکران بە زمانی زگماکی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە ژێر کارتێکەریی زیانباری سیاسەتی سیستماتیکی تواندنەوەی زمانی و کلتووری دان. بۆیە زۆر پێویستە بە هەموولایەک بیر لە ڕێگاگەلی کۆتایی پێهێنان بەم ستەمە مێژووییە بکەینەوە.

لەم پێناوەدا پێویستە پرسی خوێندن بە زمانی کوردی ببێتە ڕۆژەڤی کۆمەڵێک کارو چالاکیی جۆراوجۆر. لەم بەستێنەدا دەکرێ چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنی و سیاسی، نووسەران و مافزانانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەک هەوڵی زیاتر لە پێناو زیاتر ناساندنی ئەم مافە زەوتکراوەدا بدەن و لەلایەکی دیکەوە لە هەر دەرفەتێک بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانیی جەماوەری لەم داخوازە ڕەوایە کەلک وەرگرن.

ئەزموونەکانی ساڵانی دوایی دەریانخستوە کە دەکرێ بۆ وێنە لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەم کاری ڕۆشەنگەرانەی گەورە بکرێ و هەم کەمپەین و چالاکیی بەرین وەڕێ بخرێ. ئەوەی لێرەدا گرنگیی زیاتری هەیە، دەستنیشانکردنی ئامانجەکان و لە ڕۆژەڤدا ڕاگرتنیانە. کردنە ڕۆژەڤی پرسی خوێندن بە زمانی کوردی نەک لە یەک دوو بۆنەی جیاوازدا، بەڵکوو هەر ڕۆژ و لە هەر دەرفەتێکدا دەتوانێ شێوازێکی گرنگ بێ بۆ ماف تەوەر کردنی چالاکییە جەماوەرییەکان و گوشارهێنان بۆ دەسەڵات.

لە ژمارەی ٧١٠ی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

---

## ستراتژیی نوێی کۆشکی سپی دەتوانێ قەرەبووی ناکامییەکان بکاتەوە؟

سەرەنجام ستراتژیی سەرکۆماری نوێی ئەمریکا و کۆشکی سپی سەبارەت بە حکومەتی ئێران ڕاگەیەنرا. دۆنالد ترامپ سەرکۆماری ئەمریکا لە وتارێکی تایبەتدا لەم پێوەندییەدا پابەندبوونی ئێرانی بە «بەرجام» پشتڕاست نەکردوە. بەم چەشنە ئەو مانەوە یان نەمانەوەی ئەمریکا لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتننامەیەی بە کۆنگرێسی ئەم وڵاتە سپارد.

وا دیارە سەرکۆمار و دەوڵەتی نوێی ئەمریکا گەیشتونەتە ئەم بڕوایە کە «بەرجام» نەیتوانیوە چوارچێوەیەک بۆ

مەزنیخوازی و سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دابنێ. بۆیە ترامپ بە ڕوونی ئاماژەی بەو ڕاستییە کرد کە ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕێگەی لە تاقیکردنەوەی مووشەکە بالستیکەکان لەلایەن ئێرانەوە ناگرێ، توانای پشکێنەرەکان بۆ چاوەدێری بەسەر دامەزراوەکانی ئێران دا سنووردارە.

لە ستراتژیی نوێی کۆشکی سپی بەرانبەر بە ئێران ڕێگەگرتن لە درێژەی مەزنیخوازی و دەوری تێکدەرانەی کاربەدەستانی تاران لە سیاستی دەرەکیدا پێداگریی لەسەر کراوەتەوە. لەم چوارچێوەیەشدا بەڕوونی ئاماژە بەم دەورە تێکدەرانە و تیرۆریستییە کراوە کە ئەم ڕێژیمە لە ڕێگای سوپای قودسی سوپای پاسدارانەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بگرە دوورتریش دەیگێڕێ. هەر بۆیە ترامپ وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکای راسپاردوە سوپای پاسدارانی ئێران بخاتە لیستی گەمارۆکانییەوە.

ئەوە کە سیاسەتی گشتیی کۆشکی سپی سەبارەت بە «بەرجام» چ دەبێ، بەستراوەتەوە بە بڕیاری کۆنگرێسی ئەم وڵاتە. بەڵام ئەوەی ڕوونە درێژەی پابەندبوونی کۆشکی سپی بە بەرجام نیشانەی پرسیاری گەورەی لەبەردەم دایە. هۆکارەکەشی ئەوەیە ترامپ و دەوڵەتی نوێی ئەمریکا بەکردەوە لەم ڕاستییە گەیشتوون کە ملدانی ئێران بە ڕێکەوتننامەی ئەتۆمی نەک دەستی ئەم ڕێژیمەی لە درێژەپێدان بە بەرنامەی پەرەپێدان بە مووشەکە بالستیکەکان، کە توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ناوکییشیان هەیە، کورت نەکردۆتەوە، بەڵکوو لە ئاکامی ئەم ڕێککەوتنەدا توانا و سەرچاوە داراییەکانی ڕێژیمی تاران هەم لەم بوارەدا و هەم لە بواری پەرەپێدان بە سیاسەتی مەزنیخوازانە و دەستێوەردەران لە ناوچەدا زیادی کردوە.

لەم نێوەدا بەڵام وڵاتانی ئورووپایی هاوپەیمانی ئەمریکا لە پرسی ناوکیی ئێراندا ڕوانگەیەکی جیاوازیان هەیە. ئەوان (ئاڵمان، بریتانیاو فەرانسە) وێڕای پێداگری لەسەر نیگەرانییەکانی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی ئاژاوەگێرانە و مەزنیخوازانەی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەرنامەی مووشەکیی ئێراندا، پێیان وایە ناکرێ ئەم پرسانە لەگەڵ «بەرجام» کە دوای ساڵانێک وتووێژ وەدەست هاتوە، تێکەڵ بکرێ. ئەوەش ڕەنگە ئەو گومانە لەلای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دروست بکا کە بە پشتیوانیی ئورووپاییەکان بەر بە کارتێکەریی گەمارۆ یەکلایەنەکانی ئەمریکا بگرن یان دەرەنجامە نەرێنییەکانی هەڵوەشانەوەی «بەرجام» کەم بکەنەوە. بەڵام ئەوە ناتوانێ لە گومانێک زیاتر بێ، چونکە باڵادەستی ئابووریی ئەمریکا ڕێگە لەوە دەگرێ کۆمپانیە ئورووپاییەکان لەگەڵ ئێران بکەونە مامەڵە یان لەم وڵاتە سەرمایەکانیان وەگەڕ بخەن. بۆ وێنە هەر لە ئێستاوە

لە ترسی توندتربوونی گەمارۆکانی ئەمریکا دژی ئێران پلەی ریسکهەڵگریی ئاڵوویری ئابووری لەگەڵ ئێران بە خێرایی هەڵکشاوە.

گەمارۆ ئابوورییە سەپێنراوەکانی ئەمریکا بۆ سەر سوپای پاسداران کە بەشێکی بەرچاو لە ئابووریی ئێرانی لە ژێر دەست دایە و لە راستیدا وەک دەوڵەتی سێبەر دەور دەگێڕێ، دەتوانێ لە کردەوەدا کاردانەوەی جیددیی لەسەر ئابووریی ئێران هەبێ. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەم گەمارۆیانە دەتوانن ببنە هۆی لاوازبوونی سیاسەتی مەزنیخوازانە، دەستێوەردەرانە و تیرۆریستیی ئێران لە وڵاتانی ناوچە؟ ئەزموونی گەمارۆ جۆراوجۆرە ئابوورییەکان لەوانە گەمارۆ یەکلایەنەکانی ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا یان گەمارۆ سەپێندراوەکانی ئەنجومەنی تەناهیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەریان خستوە کە رێبەر و کاربەدەستانی رێژیمی ئیسلامی لە ژێر هیچ کام لەم فشارانەدا دەستیان لەم سیاسەتەیان هەڵنەگرتوە. تەنانەت ئەوان هەوڵیان داوە بە وەمەترسی خستنی بەرژەوەندیی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ناوچەدا، ئەوان ناچار بکەن لە بەستێنەکانی دیکەدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. لەم پێوەندییەدا وتەبێژی پینتاگۆن ئاماژەی بە خاڵێکی سەرەکی کردوە کە دەرخەری ئەم ڕاستییەی سەرەوەن. وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا دوابەداوی ڕاگەیەنرانی ستراتژیی ترامپ بەرانبەر بە ئێران گوتی: «خەریکی تاوتوێکردنی هێندێک بیاڤی نوێین بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ هاوپەیمانانمان گوشار بخەینە سەر ئێران، بۆ ئەوەی باڵادەستیی ناجێگیرکەرانەی ئێران پووچەڵ بکەینەوە و توانای پەلاماردەرانەی ئێران بە تایبەت لە بواری پشتگری لە گرووپە تیرۆریستی و میلیشاییەکان سنووردار بکەن.» راستییەک کە واشینگتۆن تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ، گرنگیی پێویستی پێ نەداوە یان لە بەرژەوەندییدا نەبوە لە کردەوەدا هەنگاوی بۆ هەڵێنێتەوە.

## کورد و ستراتژیی تا ئێستای ئەمریکا بەرانبەر بە تاران

کورد لە کوێی سیاسەتی ئەمریکادا خۆی دەبینێتەوە؟ وڵامی ئەم پرسیارە پێوەندیی بە جۆری بەرژەوەندییەکانی واشینگتۆن لە ناوچەدا هەیە. بۆ وێنە لەگەڵ ئەوەدا لە باشووری کوردستان بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا تا ئەو جێگایە لەگەڵ بەرژەوەندیی کورد دێتەوە کە کورد یەکپارچەیی خاکی یەکەی سیاسیی عێراق بپارێزێ. کێشەکانی ئەم دواییانەی نێوان هەرێم و دەوڵەتی عێراق بە ڕوونی چوارچێوەی سیاسەتی کۆشکی سپیی بەرانبەر بە باشووری کوردستان دەرخست. تا ئەو جێگایەی کە دیتمان تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرانبەر دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی تاران لە کێشەی نێوان هەرێم و بەغدادا نەک پشتگریی کوردی نەکرد، بەڵکوو بە پێڕەوەکردنی

جۆرێک سیاسەتی خۆپارێزانە، بەکردەوە یارمەتیی بە بەرژەوەندییەکانی تاران و دەوڵەتی ژێر نفووزی ئێران لە بەغداش کرد. ئەوە ڕاستییەکە کە هەر ڕۆژی دوای ئەم ڕووداوانە لە میدیاکانی ئەمریکادا بە شکستی سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەدا لەقەڵەم درا.

لە پێوەندیی لەگەڵ ڕۆژهەلاتی کوردستاندا کۆشکی سپی لە هەموو ماوەی دەسەلاتدارەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، سەرەڕای هەموو ناتەباییەکانی لەگەڵ ئەم ڕێژیمە، بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی خۆیدا نەدیوە پشتگریی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانە و دیمۆکراتیکی کورد بکا. تەنانەت پرسی پێشێلکرانی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و ئێرانیش نەبۆتە هۆی ئەوە واشینگتۆن هان بدا، ڕێژیمی تاران بخاتە ژێر گوشارێکی جیدییەوە.

کەواتە دەکرێ بڵێین ئەوەی کە تا ئێستا لە پێوەندیی لەگەڵ سیاسەتی کۆشکی سپی بەرانبەر بە تاران لە ناوچەدا بینراوە دەرخەری ئەم راستییەن کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەدا ناکرێ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کورد و بەرژەوەندییەکانی هەبێ. ئەوەی سەلماوە بریتییە لەوە کە لەوانەیە یەکترگرتنەوەی بەرژەوەندی لە هێندێک ئاستی دیاریکراو و سنوورداردا لە پێوەندیی لەگەڵ پارچەیەک یان چەند پارچەی کوردستاندا بەدی بکرێ. بۆیە زۆر گرنگە کورد لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستاندا لە پێشدا بە فاکتۆرکردنی هێز و پێگەی خۆی کەلک لە ململانێیەکانی نێوان واشینگتۆن و تاران وەربگرێ.

## دوا قسە

ستراتژیی دەوڵەتی ترامپ بەرانبەر ڕێژیمی تاران کە لەودا بە ڕوونی دەست لەسەر خاڵە لاوازەکانی «بەرجام» و بەگشتی ناکامیی واشینگتۆن لە بەرانبەر سیاسەتی دەستێوەردەرانەوە و تیرۆرپەروەریی ڕێژیمی تاران و سوپای پاسداران لە ناوچەدا نراوە، بە ناکامییەکی دیکە و دەستەوەستانییەکی دیکەی کۆشکی سپی دەستی پێکرد. ئەویش بریتی بوو لە چاونووقاندن و ڕاگەیاندنی بێلایەنی بەرانبەر هێرشی میلیشیاکانی حەشدی شەعبیی دەستپەروەردەی سوپای پاسداران و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی قاسم سلێمانی لە باشووری کوردستان. پیلانێک کە لانیکەم لە کورت ماوەدا بالانسی هێزی بەتەواوی بە قازانجی هێزەکانی سەر بە ئێران لە ناوچەدا گۆڕی. ئەوەش ئەم پرسیارە دەخولقێنێ ستراتژیی نوێی واشینگتۆن بەرانبەر بە تاران چ جیاوازییەکی لەگەڵ ستراتژیی پێشووی ئەم وڵاتە

بەرانبەر بە تاران هەیە؟

ڕووداوەکانی داهاتوو زیاتر وڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە.

لە ژمارەی ٧١٢ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## بەردەوامیی ڕاپەڕین دوا ڕێگە

ڕاپەڕینی بەرینی خەڵکی نارازی و گۆڕانخوازی ئێران لە حەوتوویەک لەوە پێشەوە دەستی پێ کردووە. ڕاپەڕینێک کە لە ماوەی تەمەنی دەسەڵاتداریی ئیسلامیی ئێراندا، لەمبارەیەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە شارەکانی ئێرانی گرتۆتەوە و دروشمی گۆڕانخوازانەی تێدا دەدرێ، بێوێنە بووە. کۆمەڵانی وەزاڵەهاتوو لە ستەم و بێدادی لەم دەورەیە لە ناڕەزایەتییەکاندا هەرچەند سەرەتا بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە گرانی و باری خراپی ئابووری هاتنە سەر شەقامەکان، بەڵام بەخێرایی دروشمەکانیان بەرەو سەرچاوەی سەرەکیی کێشەکان واتە کۆی ڕێژیمی ئیسلامی و ڕێبەرەکەی گۆڕی. گۆڕانێک کە بەتەواوی شایانی پێشبینی بوو. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە لەمێژ ساڵە ناڕەزایەتیی خەڵک لە دیکتاتۆریی مەزهەبی پەنگ دەخواتەوە. خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوە و چین و توێژەکانیەوە لە هەر ڕێگەیەکی لواوەوە، تەنانەت لە ڕێگەی هەڵبژاردنە فیلتێر و سنووردارکراوەکانیشەوە هەوڵی زۆریان داوە کە کرانەوەیەک بەرەو دیمۆکراتیزەبوون و ڕەنگدانەوەی دەنگ و ویستی خۆیان لەم ڕێژیمەدا دروست بکەن. هەڵبژاردنی خاتەمیی ریفۆرمخوازی حکوومەتی بۆ ماوەی هەشت ساڵ وەک سەرکۆمار، دەنگدان بە مووسەوی و کەرووبی کە ئەوانیش لە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی بوون (کە تەنانەت دیکتاتۆری وڵات ئەم ئاستە نزمەش لە ڕیفۆرمی قبووڵ نەکرد) و سەرەنجام دەنگدانی ناچاری بە کاندیدایەکی بەناو میانەڕۆ کە دەیان وادەی بریقەداری بە دەنگدەران دابوو، ئەو ڕێگە دووروودرێژەیە کە خەڵکی ئێران لانیکەم لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە پێناوی گۆڕانی دیمۆکراتیک و مەدەنییانە بڕیویانە.

لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا شانبەشانی یاساخبوونی ئازادییە سیاسی و تەنانەت کەسێتی و مەدەنییەکان و سەرکوتی سیستماتیکی هەرچەشنە دەنگێکی ئازاد و ناڕازی، باری ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکیش ڕۆژبەڕۆژ خراپتر بووە. ئەمڕۆ ئیتر ئابووریی ئێران لە ئاکامی ئەو گەندەڵییە بەرین و هەمەلایەنەی دامودەزگا دەوڵەتییەکانی داگرتوە و سیاسەتی قۆرخکردنی ئابووریی وڵات لەلایەن سپای پاسداران و دامەزراوەکانی سەر بە ڕێبەری ڕێژیم و تەرخانکردنی بە دەیان ملیارد دۆلار لە پێناوی مەزنیخوازییە ناوچەییەکاندا و سەرەنجام سیاسەتی مەزنیخوازانەی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی (کە ژمارەیەک گەمارۆی نێودەوڵەتیی قورسی لە دژی ئێران لێکەوتەوە) تووشی قەیرانێکی کوشندە بووە. ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنان داخراون و ژمارەیەکی زۆر لە دامەزراوە دارایییەکان نابووت بوون و مایەپووچ هاتوونەوە. لە ئاکامی هەموو ئەم هۆکارانەشدا ڕێژەی بێکارانی وڵات زیاتر و زیاتر بووە، سفرەی بنەماڵەکان بچووک و بچووکتر بۆتەوە و بەگشتی ڕێژەیەکی گەورە لە حەشیمەتی وڵات چوونەتە ژێر هێڵی هەژارییەوە.

کۆی ئەم فاکتەرانە واتە نەبوونی ئازادیی سیاسی و سەرکوتی سیستماتیک، باری نالەباری ئابووری و دەیان دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی ڕێگەیەکی دیکەیان لە بەردەم چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێراندا نەهێشتۆتەوە، جگە لەوە کە بۆ دەربازبوون لەم دۆخە نالەبارە ڕاپەڕن و بڕژێنە سەر شەقامەکان و داوای ڕووخانی ئەم ڕێژیمە بکەن.

ئەم ڕاپەڕینە تا دێ لە باری جوغرافیاییەوە زیاتر بەرینتر دەبێتەوە. لە کوردستان کە ڕابردوویەکی دوورودرێژی لە خەبات و بەربەرەکانیی مافخوازانە لە چەشنە جۆراوجۆرەکانیدا هەیە و لەم پێوەندییەدا تێچوویەکی یەکجار زۆری داوە، لە شارە گەورەکانی کرماشان، سنە و ورمێ خەڵک پێوەستی ڕاپەڕینی سەرانسەری بوون. چاوەڕوانیش دەکرێ لە دەرفەتی گونجاودا شارەکانی دیکەی کودستانی خۆیان ئاوێتە شەپۆلی ڕاپەڕین بکەن.

ڕاپەڕینی ئەم جارەی گەلانی ئێران لە یەکەم ساتەکانەوە بەو پێیە کە بە دەیان گەورە شار و شار و شارۆچکەی گرتۆتەوە و لەودا خەڵک دروشمی دژ بە ڕێبەریی ڕێژیم دەدەن و هێماکانی ئەم ڕێژیمە وەک وێنەی خومەینی و خامنەیی ئاگر تێبەر دەدەن، هەوودای خەیاڵ و ئارامیی ڕێبەر و ئاستە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیمی تێک داوە. خامنەیی و سەرکۆمارە میانەڕۆیەکەی و ڕیفۆرمخوازە پەڕاوێزخراوەکان و بەگشتی هەموو پارێزەرانی ئەم ڕێژیمە سەرەڕۆ و دژە ئازادییە وادیارە ئەم جارە باشتر لە هەر کات خۆیان و ڕێژیمەکەیان لە مەترسیی نەماندا دەبینن، بۆیە زۆر

داماوانە تۆمەتی «دەستێوەردانی دوژمنان» دەخەنە پاڵ خەڵکی ڕاپەڕیو.

ئەم ڕاپەڕینە لەمبارەیەوە کە ڕووی لە کۆی دەسەڵاتدارەتیی ئیسلامیی ئێرانە لە ماوەی چەند ڕۆژدا کۆڵەکەکانی ئەم ڕێژیمەی بە تەواوی خستۆتە لەرین. بۆیە دەبینین کە ڕێبەر و دەسەڵاتدارانی دیکەی ڕێژیم هیچ بەدیلێک بێجگە لە سەرکوتی توندوتیژ بۆ دامرکاندنەوەی ئەم ڕاپەڕینە شک نابەن. ئەوان نە بوێریی ئەوەیان هەیە کە ملکەچی ویستی خەڵک بن و مل بۆ ڕێفراندۆم و هەڵبژاردنی ئازاد ڕاکێشن، نە لەباری ئابووریشەوە توانایەکیان لە وڵاتدا هێشتۆتەوە کە لانیکەم بتوانن بە هێنانەگۆڕی هێندێک وادەی ئابووری, خەڵکی ڕاپەڕیو بۆ ماوەیەکیش بووە ئارام بکەنەوە. ئەوان لەراستیدا بۆخۆیان خۆیان «ئاچمەز» کردوە. تەنیا هۆکارێک کە جارێ ئەوانی لە «کش مات» بوون پاراستوە بریتییە لە هێزی سەرکوتکەر. بەڵام وەک دەبینین دەزگای سەرکوتی ڕێژیمیش سەرەڕای لەخوێنەوەردانی خۆپیشاندانەکان و شەهید و بریندارکردنی بە دەیان کەس و قۆڵبەستکردنی بە سەدان کەس لە خۆپیشاندەران و هەروەها هەڵبرین و سنووردارکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت ئینترنێتیش نەیتوانیوە ئیرادەی خەڵکی ناڕازی و ئازادیخواز لاواز بکا. بۆیە تەنیا کارتێک کە بەدەستیەوە ماوەتەوە بریتییە لە بەکارهێنانی سوپای پاسداران لە دژی خەڵکی ڕاپەڕیو.

ئەم ڕاپەڕینە بەم تایبەتمەندییانەوە کە باسی کرا، بۆ جارێکی دیکە لەبەر چاوی بیروڕای گشتیی جیهان ڕەوایی دەسەڵاتداریی ئیسلامیی ئێرانی خستۆتە بەردەم پرسیارێکی گەورە. بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە کە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لایەنگری ئاڵوگۆڕی دیمۆکراتیک لە ئێران، کە لە ڕاستیدا ئاژاوەگێڕی و مەزنیخوازییەکانی ڕێژیمی ئێران زیانی لە بەرژەوەندییەکانی ئەوانیش داوە، لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە و یەک لەوان دروستکردنی کۆدەنگییەکی نێوەدەوڵەتی پشتیوانی لە ڕاپەڕینی ئازادیخوازانەی نەتەوەکانی ئێران بکەن و لە کورتکردنەوەی دەستی سەرکوتی ئەم ڕێژیمەدا یارمەتیدەر بن. لەم پێناوەدا پێویستە حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن و تاراوگەنشینان لە هەر ڕێگەیەکی لواوەوە بۆ وێنە ڕێکخستنی خۆپیشاندان، بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لەسەر دۆخی وڵات و ئەم ڕاپەڕینە لە میدیا بیانییەکاندا پشتیوانیی زیاتری بیروڕای گشتی و وڵاتانی جیهان ڕاکێشن.

هەرچەند گومانی تێدا نیە کە بەرینبوونەوە و بەردەوامیی ئەم ڕاپەرینە بەتایبەت بە شێوازی خۆپیشاندانی سەرانسەری و ڕۆژانە و مانگرتنی گشتیی بازاڕیان، مامۆستایان، قوتابیان، خوێندکاران، کرێکاران و باقیی چین و توێژەکانەوە زامنی سەرکەوتنە، بەڵام دامرکانەوەی هەرچەند کاتیی ڕاپەڕین لە ئاکامی سەرکوتی توندتر و

دڕندانەتردا بە گەورەترین و پڕ خەسارترین گریمانەکان دەژمێردرێ. لە وەها حالەتێکدا دەستی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم بۆ دەستپێکردنی خوڵێکی مەترسیداری ڕەشبگیر، زینداینکردن و تەنانەت ئیعدامی خەڵکی ڕاپەڕیو و خۆ ڕێکخستنەوەی هێزی سەرکوت زیاتر ئاوەڵا دەبێ. لەم حالەتەدا باشترین و گونجاوترین پلان دەتوانێ بریتی بێ لە بەکارهێنانی تاکتیکی بەرەنگاریی ناهاوسەنگ. لێرەدا هێزە سیاسی و شۆڕشگێران بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە بە بەشداری، پشتیوانی و پاڵپشتییان لە جووڵانەوە؛ وەرەی خەڵک بۆ هاتنەوە مەیدان بەرنەوە سەرێ و لەلایەکی دیکەوە وەرەی هێزە سەرکوتکەرەکان لاواز بکەن.

گومانی تێدا نیە بەردەوامیی ڕاپەڕین لە شێوازە جۆراوجۆرەکانیدا دەتوانێ ببێتە هۆی دابەشبوونی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم بەسەر دوو بەرەی خەڵک و دەسەڵات. چونکە ئەزموونە هاوشێوەکان دەریان خستوە بەشێکی بەرچاو لە هێزی چەکدار کە پێکهاتەی هێزی سەرکوتی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان پێکدێنن لە پێناوی بەرژەوەندیی تاکەکەسیدا چەکیان بۆ ڕێژیم هەڵگرتوە لە جێگایەکدا کە هەست بکەن ڕێژیم شانسی مانەوەی نیە دەگەڕێنەوە ریزی خەڵک. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە لە ڕاستیدا هەمێشە بەشیک لە هێزە چەکدارەکانی لە هیچ حالەتێکدا ئامادە نین بەرەوڕووی خەڵکی ڕاپەڕیو ببنەوە.

لە ژمارەی ٧١٧ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جانێوێری ٢٠١٨

---

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێویستیی خەباتێکی فرەڕەهەند

بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هیچ شێوەیەک لە ئاستی ئەو چاوەڕوانییانەدا نیە کە لە بزووتنەوەیەکی لانیکەم حەفتا ساڵە، لە فۆرمە نوێیەکەیدا، دەکرێ. ئەم بزووتنەوەیە نەک مەیدانداریی لە دەستدا نەماوە، بەڵکوو لە هەموو ئاستەکاندا لە بەرانبەر سەرکوت و پیلانە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی ناوەندیدا لە کوردستان کەمیی هێناوە. ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکاری جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە. سەرنجێک لە دۆخی ئێستای

لایەنەکانی نێو بزووتنەوە یارمەتی بە ڕوونبوونەوەی هۆکارەکان و لە ڕێگەی ئەویشەوە ڕێگاچارە پێشنیارییەکان دەکا.

## باڵی سیاسیی تاراوگەنشین

باڵی سیاسی و هەرە دێرینی بزووتنەوە واتە حیزب و ڕێکخراوە بەرهەڵستکارەکان بە هۆی کۆمەڵێک هۆکاری وەک پەرتەوازەیی و نایەکگرتوویی و نیشتەجێبوون لە قووڵایی باشووری کوردستاندا و، نەبوونی مێتۆد و شێوازی گونجاو بۆ دەربازبوون لە ئاچمەزی باشوور؛ نەک نەیتوانیوە مەیدانداریی خۆی بپارێزێ، بەڵکوو بەهۆی بێ پەرچەکرداری بەرانبەر بە دەستدرێژییەکانی ڕێژیم لە ئاستی نێوخۆدا و تەنانەت بەرانبەر ئەو زەبرە یەک لەدوای یەکانە کە لە پەیکەری دەکەوێ، خەریکە تۆوی بێهیوایی لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و تەنانەت خەباتکارانی کوردیشدا دەچێنێ. ئەوە لە حاڵێک دایە ئەم بزووتنەوەیە لانیکەم لە دەیەی شەست و نیوەی یەکەمی دەیەی حەفتای هەتاویدا خاوەنی شکۆ و قورساییەکی تایبەت بوو. بە چەشنێک کە توانیبووی لە نێو هاوکێشەکانی هێزدا جێگای دیار بێ و وره و غووروورێکی شۆڕشگێڕانە لە نێو کۆمەڵگەدا بڵاو بکاتەوە.

ئەم بەشە لە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای گۆڕانە ناوچەییەکانی ١٩٩٠، واتە دامەزرانی حکوومەتی هەرێم و داکشان لە قەندیل و چیا سنوورییەکانەوە بەکردەوە کەوتۆتە دۆخێکەوە کە دەرەتانی هەر چەشنە جموجۆڵێکی شوێندانەری لە دەست داوە. ئەم دۆخە لە حاڵێکدا درێژەی کێشاوە کە لەم ماوە درێژەدا بزووتنەوە تووشی جۆرێک لە دابڕان لە دۆخی نیوخۆی ڕۆژهەڵات بووە. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە نەتوانێ کەلکی پێویست لەم بزاوتە مەدەنییە وەرگرێ کە ڕاست لەم ماوەیەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گەشەی کردووە. تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدا بێ چەشنێک لێکتێنەگەیشتن و دردۆنگی بەرانبەر هەرچەشنە تێکۆشانێکی سیاسی لە نێوخۆی وڵاتدا لە لای بەشێک لە حیزبەکان بەدی دەکرێ. جیا لەمە بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵات لەم ماوەیەدا خەساری قورسی مرۆیی و ڕێبەریی وێکەوتوە کە لەم پێوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بە تیرۆری ڕێبەران و سەدان کادر و پێشمەرگەی خاوەن ئەزموونی شەڕی پارتیزانی، وازهێنانی چەند هەزار کادر و پێشمەرگە و گیرسانەوەیان لە وڵاتانی دەرەوە یان باشووری کوردستان بکەین. هەمووی ئەوانە لە پەنا ئەوەدا کە دۆخی سیاسیی ناجێگیری باشووری کوردستان و ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردووی هەرێم و ناوچە دەستئاوەڵایی زیاتریشیان بۆ ڕێژیمی تاران لە پیناوی خستنە ژێر فشار، بێدەنگکردن و زەبروەشاندنی زیاتر لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات

دروست کردووە.

## لە ئاستی نێوخۆدا

دەکرێ بڵێین بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم ماوەیەدا لە ژێر کارتێکەریی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بۆتە خاوەنی شێوە بزاوتێکی مەدەنی و شاری. لانیکەم لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە ئاکامی گۆڕانە باسکراوەکاندا ژمارەیەکی بەرچاو ڕێکخراوی مەدەنی و فەرهەنگی و تەنانەت سیاسییش لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان سەریان هەڵداوە. ئەم ڕێکخراوانە کە بەدڵنیاییەوە لە چوارچێوەی بزووتنەوەی کوردستاندا جێدەگرن، سەرەڕای ئەوە کە لەگەڵ بەربەست و تەنگوچەڵەمەی یەکجار زۆر و تەنانەت سەرکوتی دەزگا سەرکوتکارەکانی ڕێژیمیش بەرەوڕوون، توانیویانە لانیکەم لە ئاستی شوێندانان و یارمەتیکردن بە وشیاری و پێشکەوتنی فەرهەنگیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا کاری گەورە بکەن. کورتە ئاوڕێک لە کارنامەی تێکۆشەران و ڕێکخراوەکانی بەستێنی فەرهەنگی و مەدەنی دەری دەخا کە ئەوان لە ڕاستیدا پێشمەرگەی داکۆکی لە زمان و فەرهەنگ و گەشەپێدانی کۆمەڵگە بوون و هەن.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان لەم ئاستەدا کە ئەم کۆمەڵگە ڕوو لە گەشەیە شیاوەتی دەرەتانی گەشەی نیە. بەم هۆیەشەوە سەرەڕای بەکارهێنانی وزەی کۆمەلایەتیی بەرینی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و هەوڵدان بۆ چوونە نێو هاوکێشە سیاسییەکانی ناوەندیش، نەیتوانیوە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران پێملی لانیکەمێک لە مافە زەوتکراوەکانی کورد بکا. ئەوەش یەکەم بۆ بەرتەسکبوونی مەیدانی تێکۆشانی مەدەنی لە ئێراندا و جۆرێک ڕوانگەی تاکڕەهەندخوازی زاڵ بەسەر بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوەکاندا دەگەڕێتەوە.

کەواتە هەر وەک بە کورتی ئاماژەی پێکرا ئێستا بزووتنەوەی نەتەوەیی لە هەر دوو بەستێنەکەیدا دەرەتانی مەیدانداریی لێ بەرتەسک کراوەتەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە ئەم بزووتنەوەیە خاوەنی پوتانسێلی یەکجار بەرین و گەورەی کۆمەڵایەتییە. ئەم پوتانسیەلە مەزنە ئەگەر لە مەیدانی خەباتێکی لێبڕاودا چالاک بکرێ، توانایی ئەوەی هەیە کە گۆڕانی گەورە و هیوابەخش بخوڵقێنێ.

## ڕوانگەی ئالترناتیخواز

بە خۆشییەوە ماوەیەکە ڕوانگەیەکی پرسیارکەر و ئالترناتیوخواز لە نێو حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتدا خەریکی جێگیربوونە. لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە پێیان وایە لە مێژە کاتی ئەوە هاتووە ڕوانگە و تێزێکی نوێ لە پێناوی دەرهێنانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات لەم دۆخە نەخوازراوە و سەپێنراوەدا بێتە ئاراوە. لە نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەریشەوە کۆمەڵە هەنگاوێک لەم پێناوەدا هەڵگیراون، بەڵام ئەم هەنگاوانە تا ئێستا ئەم ئالترناتیوەیان لێ نەکەوتۆتەوە و چاوەڕوانیش ناکرێ بەم هەنگاوانە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بچێتە قۆناخێکی نوێوە. ئەم هەنگاوانە بریتی بوون لە:

یەکەم لە ئاستی نێوخۆدا: هەوڵدان بۆ دروستکردنی هاوپێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی مەدەنی و چالاکانی سیاسی و مەدەنی و پێناسەکردنی پێگە و ڕۆڵێکی نوێ بۆ تێکۆشانی نێوخۆ لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. بەڵام بە هۆی مانەوەی شوێنەوارەکانی ڕوانگەی تاکڕەهەندخوازیی زاڵ بەسەر بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوەکاندا ئاکامی دڵخوازی لێنەکەوتۆتەوە. بۆیە لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە پێیان وایە دەبێ ڕاستیی فرەڕەهەندیی خەبات وەک هەیە قبووڵ بکرێ و لە ڕێگای فرەڕەهەندکردنی خەباتەوەیە کە دەکرێ لە هەموو پوتانسیەلەکانی کۆمەڵگە لە پێناوی بوژاندنەوەی خەبات و گۆڕینی بالانسی هێزدا کەلک وەرگیرێ.

دووەم لە ئاستی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا: لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە پێیان وایە ئەم هەنگاوانەی لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا هەڵگیراونەتەوە، بۆ وێنە جێگیرکردنی بەشێک لە هێزی پێشمەرگە لە ناوچە سنوورییەکان، ناردنەوەی تیمی بچووک و مام ناوەندی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی وڵات، پێکهێنانی ناوەندی هێزە کوردستانییەکان لەگەڵ ئەوەدا هەنگاوی باشن، بەڵام لە ڕادەی پێویستدا نین.

خەسارناسییەک لەم هەنگاوانە بەتایبەت جێگیربوونی بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی حیزبەکان لە ناوچە سنوورییەکان و لە پەنا ئەودا هەڵسووڕانی دەستە بچووک و مام ناوەندییەکانی پێشمەرگە نەک نەیتوانیوە گۆڕانێک لە هاوکێشەکاندا دروست بکا، بەڵکوو پڕ زیانیش بووە. لە ڕاستیدا دەکرێ بگوترێ بەبێ دەربازبوون لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی باشووری کوردستان و جێگربوونێکی پتەو و قایم لە چەشنی دەیەی ٦٠ی هەتاوی لە

چیاکانی کوردستان و یەکخستنی توانای پێشمەرگانەی هەموو هێزەکان، هەڵسووڕان و چالاکیی هێزی پێشمەرگە لە جەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کارێکی نەلواو و ناکاریگەرە. دیارە لە پەنا ئەم هۆکارە سەرەکییەشدا دەبێ ئەم ڕاستییەش لە بەرچاو بگیرێ کە توانای نیزامی و تێکنیک و تێکنۆلۆژییە هەواڵگرییەکانی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمیش دەبێ وەک ئێستا هەیە بخوێندرێتەوە و، بە شێوەی گونجاو لەگەڵ ئەو تاکتیکی چالاکیی پێشمەرگانە لە نێوخۆی وڵات دیاری بکرێ.

هێزی هاوتەریب: بێگومان جێگیرکردنی هێزی پێشمەرگە لە چیاکان کارێکی ئاستەم نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە ئامادەکاریی زۆر و بڕیاری یەکلاکەرەوە و مێژوویی و دوزینەوەی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ پاراستنی بنەماڵە و بەساڵداچووان و کەمئەندامانی جێگیر لە بنکەکان هەیە. بۆیە لە قۆناخی یەکەمدا دەکرێ بیر لە ئالترناتیوی دووهەم بکرێتەوە. ئالترناتیوی دووەم دەتوانێ بریتی بێ لە ڕێکخستنی دەستەگەلی بچووکی ڕاهێنراو لە نێوخۆی وڵات. لەم پێوەندییەدا هەم لە نێو ڕێکخستنەکانی حیزبەکاندا وزە زۆر بەدی دەکرێ و هەم چاوەڕان دەکرێ لەلایەن لاوانی ڕۆژهەڵاتەوە پێشوازیی لێبکرێ. ئەم هێزە لە سەرەتادا دەتوانێ وەک یەکەمین سەرەتاکانی کاری مەیدانیی هاوبەش لە چوارچێوەی ناوەندی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات دا ڕێکبخرێ.


لە هەلومەرجی ئێستادا کە ڕێژیم لە نێوخۆی وڵاتدا توانیویەتی بە زەبری سەرکوتی ڕووت و بێبەزەییانە ڕاپەڕینی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دامرکێنێتەوە و بەبێ هیچ سڵکردنەوەیەک درێژە بە ئیعدام و زیندانیکردنی ناڕازییان و چالاکانی مەدەنی و کوشتنی ڕۆژانەی کاسبکارانی کورد بدا و لە دەرەوەی وڵاتیش ئەسپی فراوانخوازی و تیرۆریسمی خۆی تاو بدا، زیاتر لە هەر کات پێویستە باڵادەستیی ئەهریمەنیی ڕێژیم تووشی چالش بکرێتەوە.

ئەزموونی دوو دەیە وەلانانی خەباتی چەکدارانەش دەبێ بەس بێ، بۆ ئەوەی بێ بنەمایی ئەو ڕوانگە نێوخۆوڵاتییەش سەلمابێ کە پێی وابوو خەبات و پاراستنی ڕەوای چەکدارانە هۆکاری ئەمنیەتیکران و بەرەنەگرتنی کوردستانە. لە ڕاستیدا ڕێژیمە سەرەڕۆ و ئیدیۆلۆژیکییەکانی وەک ڕێژیمی ئێستای تاران هەر چەشنە جیابیرییەک بە مەترسییەکی تەناهی دادەنێن. هەر ئەوە کە ژینگەپارێز و چالاکێکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە سانایی تۆمەتی ئەمنیەتی و سیخوری لێدەدرێ و زیندانی و ئەشکەنجە دەکرێ، یان کۆڵبەرانی بێدەرەتان بە بێ هیچ پاساوێک ڕۆژانە گیانیان لێ دەستێندرێ ڕەنگە لانیکەم بۆ ئێمەی کورد بەس بێ کە ئەم جۆرە پاساوانە بۆ بەرەنگاریی ڕەوا بێنینەوە.

کەواتە پێویستە و دەبێ شکۆی سەرنێزە و سەرکوت لە کوردستان بشکێ. ئەمەش کارێکە لە ڕێگای ڕێکخستنی هێزێکی هاوتەریبەوە لانیکەم لە قۆناخی ئێستادا کردەییە. ئەم هێزە دەتوانێ سنوورێک بۆ دەسەڵاتی ڕەها و سەرکوتکەری ڕێژیمی ئیسلامی دانێ. پێم وایە لەم حاڵەتەدا دەکرێ چاوەڕوان بین ڕێژیمی تاران ناچار بێ پێداچوونەوە بە سیاسەتی تیرۆر لە دەرەوەی وڵات و سەرکوتی نێوخۆییدا بکاتەوە. دیارە لەم نێوەدا تێکۆشەرانی کوردیش لە بەستێنەدانی دیکەی خەباتیشدا هەست دەکەن پشتیوانێکیان هەیە و تێچووی سەرکوتی ئەوان بۆ ڕێژیم قورسە.

(لە ژمارەی ٧٢٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٨





هەرچەند ئامانجی سەرەکیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بریتیە لە سڕینەوەی هەموو لایەنەکانی ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی لە ڕێگای پێکهێنانی گۆڕانکاری سیاسییەوە، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە لە قۆناخە جۆراوجۆرەکاندا هەوڵی داوە بە پێی توانا شوێنەوارە زیانبارەکانی سیاسەتی تواندنەوەی زمانی و کلتووری پووچەڵ یان کەم بکاتەوە. لەم پێناوەشدا لە هەر دەرفەتێکدا کە کۆنترۆڵی بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا بووە، پەروەردە و فێرکردنی کوردی پەرە پێ بدا، کتێب و نامیلکە بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو بکاتەوە یان لە بوارەکانی دیکەی میدیایی وەک رادیۆ و تلویزیۆن کەلک وەربگرێ.

جیا لەمە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان و لەم ساڵانەی داواییشدا چالاکانی فەرهەنگی، مەدەنی و خوێندکاری هەوڵی بەرچاویان داوە. لەم نێودا دەتوانین ئاماژە بە هەوڵدان بە پەرەپێدانی نووسین و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی، دانانی دەورەگەلی فێرکردنی نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی و هەروەها بەرزکردنەوەی داوای مافخوازانە لەم پێوەندییەدا بکەین. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵە جۆراوجۆرە بەنرخانەش کە دراون و دەدرێن، کۆمەڵگای کوردستان و بە تایبەت منداڵان و لاوانی بێبەش لە مافی خوێندن و پەروەردەکران بە زمانی زگماکی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە ژێر کارتێکەریی زیانباری سیاسەتی سیستماتیکی تواندنەوەی زمانی و کلتووری دان. بۆیە زۆر پێویستە بە هەموولایەک بیر لە ڕێگاگەلی کۆتایی پێهێنان بەم ستەمە مێژووییە بکەینەوە.

عەبدوڵڵا بەهرامی

---


کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

ڕێکەوتی: پووشپەڕی ٢٧١٨ی کوردی - جوونی ٢٠١٨ی زایینی